# رۆژنامە

لەئێستادا هەفتانە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

No.566 Tue 26/ 1/ 2010 | نرخ 750 دینار | ژمارە 566 سێشەممە 26/ 1/ 2010




٩

## مستەفا سەید قادر: ئەم هەڵبژاردنە نەخشەی سیاسیی هەرێمیش دەگۆڕێت

# • گۆڕان بە مەرج دەنگ بە بودجە دەدات
# • ئۆپۆزسیۆن لە پارە شاراوەکان دەکۆڵێتەوە

**رۆژنامە**

پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی گۆڕان رایگەیاند؛ داهاتە ناوخۆییەکانی هەرێم نەخراونەتە سەر بودجەی ئەمسالی هەرێمی کوردستان‌و فراکسیۆنەکەی داوا دەکات؛ داهاتەکان بە روونی بخرێنە سەر بودجە.

هەر یەک لە فراکسیۆنەکانی گۆڕان‌و یەکگرتووی ئیسلامیش دووپاتیدەکەنەوە، کە لەو مەسەلەیە بێدەنگ نابن‌و لەکاتی دەنگدان بە پرۆژەیاسای بودجە، هەڵوێست‌و قسەیان دەبێت.

پاش سێ مانگ دواکەوتنی بودجە لە وادەی یاسایی، لەچەند رۆژی رابردوودا سەرۆکی حکومەت، پەسەندکردنی بودجەی خەمڵێنراوی ئەمساڵی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە راگەیاندو رەوانەی پەرلەمان کرا بۆ تاووتوێکردن‌و پەسەندکردنی.

کوێستان محەمەد سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان پێیوایە: «حکومەت هەڵەیەکی کرد بە راگەیاندنی بودجەکە، لەبەرئەوەی هیچ کات نەبینراوە بەرلەوەی بودجە بگاتە پەرلەمان، رابگەیەنرێت‌و کۆنگرەی رۆژنامەوانی بۆ بکرێت، چونکە ئەو پرۆژەیە هێشتا خەمڵێنراوەو رەنگە پەرلەمان هەندێک لە سێکتەرەکانی بگۆڕێت‌و کەم‌و زیادی بکات».

ئیسماعیل گەلاڵەیی، ئەندامی لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان رایگەیاند: هیچ ساڵێک حکومەتی هەرێم داهاتی ناوخۆ لە (نەوت‌و گومرگ‌و باج‌و رسومات‌و داهاتە ناوخۆییەکانی دیکەی) نەخستووەتە چوارچێوەی بودجەوە.

گەلاڵەیی لەو بارەیەوە وردتر زانیارییەکانی خستەڕوو، رایگەیاند: «لەکوێ ئەو (٣٤) گرێبەستەی حکومەتی هەرێم بۆ دەرهێنانی نەوت کردوویەتی، بەدانپێدانانی وەزیری سامانە سروشتییەکان، ئەو داهاتە (٥) ملیار دۆلارەو بە وتەی وەزیری دارایی یەک سەنت لە داهاتی نەوتی خۆماڵیی لەنێو بودجەی هەرێمدا دانەنراوە».

پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی گۆڕان جەخت دەکەنەوە، کە لەکاتی گفتوگۆکردن لەسەر بودجەو پەسەندکردنی لەنێو پەرلەمان، دەبێت هەموو ئەو داهاتە شاراوانە بۆ کۆمەڵانی خەڵک ئاشکرا بکرێن، ئەگەرنا ئامادەنین دەنگ بۆ بودجەی (٢٠١٠) بدەن.

فراکسیۆنی یەکگرتووش قسەیان دەبێت لەو بارەیەوە، هەروەک عومەر عەبدولعەزیز، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامیی لە پەرلەمانی کوردستان وتی: «لە هیچ وڵاتێک نابێت بودجە بشاردرێتەوە، ئەگەر داهاتە ناوخۆییەکان لەم بودجەیەدا نەبێت، ئەوە دەبێتە پرسیارێکی گەورە لەسەر وەزارەتی دارایی ئێمە لەکاتی گفتوگۆی بودجەکەدا لەناو پەرلەمان لێی بێدەنگ نابین».

**لە ل٢دا زانیاریی زیاتر بڵاوکراوەتەوە**

## دیندار زێباری: مەهزەلەیە، سەرۆکی حکومەت ئاگاداری ڕووداوەکەم نییە

**رۆژنامە**

دوای ئەوەی بە بڕیاری ئازاد بەرواری جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پۆستی رێکخەری هەرێم بۆ کاروباری نەتەوەیەکگرتووەکان لە د.دیندار زێباری سەندرایەوە، زێباری لەلێدوانێکیدا بۆ رۆژنامە ئاماژە بۆ ئەوەدەکات؛ کە ئاگادارنەبوونی د.بەرهەم وەک سەرۆکی حکومەت لە بڕیاری نەهێشتنی پۆستەکەی «مەهزەلەیە»و ئاماژەیە بۆ بوونی سیستمی دوو ئیدارەیی لەکوردستان.

**لە ل (٤)دا، راپۆرتێک لەوبارەیەوە بڵاوکراوەتەوە**

## ڕێگە نەدرا نوێنەری هەڵەبجەو ئەنفالکراوەکان ئامادەی لەسێدارەدانی عەلی حەسەن مەجید بن

**بەرهەم خالید**

لەکاتی لەسێدارەدانی عەلی حەسەن مەجیددا ڕێگە لەکورد گیرا ئامادەی لەسێدارەدانەکە بێت، لەکاتێکدا دەبوایە وەک چۆن شیعەکان ئامادەی لەسێدارەدانی سەدام بوون کوردیش ئامادەی جێبەجێکردنی سزاکەی عەلی کیمیایی بوایە.

دوێنێ عەلی حەسەن مەجید تاوانباری کارەساتی هەڵەبجەو ئەنفال سزای لەسێدارەدانی بەسەردا جێبەجێکرا.

لەگەڵ ئەوەی لە سێدارەدانی عەلی حەسەن مەجید لەسەر دوو تاوانی زۆر گەورەی ئەنفال‌و هەڵەبجە بووە، کە دژ بە کورد ئەنجامدراون، بەڵام رێنەدراوە نوێنەری قوربانیانی ئەو دووتاوانە ئامادەی پرۆسەی لەسێدارەدانەکەبن، ئەوە لە کاتێکدایە کە پێشتر لە پرۆسەی لەسێدارەدانی سەدامدا نوێنەری شیعەکان ئامادەییان هەبوو.

لوقمان عەبدولقادر، سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی هەڵەبجە بە رۆژنامەی راگەیاند: «پێشتر لە رێگەی ئەمریکییەکانەوە ئاگاداری ئەوەبووین، کە عەلی حەسەن مەجید لەسێدارە دەدرێت، هەرچەندە داواشیانکردبوو، کە نوێنەرمان ئامادەی بەڕێوەچوونی لەسێدارەدانەکە بێت، بەڵام رێگەمان پێنەدراوە ئامادەبین».

## هەندێک لە حیزبەکان (٥٠) ملیۆن دینار بۆ یەک کورسی بە کەم دەزانن

ل٤


٥

**بارزانی چی لە ئەمریکا دەچنێتەوە؟**

١٤

**هەولێر تۆپی نەوت دەخاتەوە گۆڕەپانی بەغدا؟**

١٨

**«لانکەی شۆڕش» فەرامۆشدەکرێت**





# لەناو کورددا، هیچ ناوەندو کەسێک نییە بزانێت ئەنجامی هەڵبژاردن و نەخشەی سیاسیی عێراق چی لێدێت؟

ڕاپۆرتی: سیروان ڕەشید



لە کاتێکدا کورد لە بەردەم پرۆسەیەکی گرنگو چارەنووسسازی وەک هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدایە، بەڵام سەرکردایەتی کوردو لایەنە سیاسییەکان، هیچ جۆرە لێکۆڵینەوەیەکیان لە سەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و جۆری هاوپەیمانێتییەکان و نەخشەی سیاسیی داهاتوو نییە.

دوای (١٩)ساڵ لە ئەزموونی خۆبەڕێوەبردن و کاری سیاسیی، تائێستا لەهەرێمی کوردستاندا کەسانی شارەزاو سەنتەری لێکۆڵینەوە نین، بۆ ئەوەی خوێندنەوەیەکی دروستو واقیعی بۆ نەخشەی سیاسیی داهاتووی عێراق بکەن و لەکاتی پێشهاتە سیاسییەکاندا بەدواداچوون بۆ بارودۆخەکە بکەن، بە مەبەستی ئەوەی بەرچاوڕوونیی زیاتر بدەن بەلایەنە پەیوەندیدارەکان و دەرخستنی لانیکەمی ڕاستییەکان، کە ئەمەش بە یەکێک لەو کەموکورتییانەی کایەی سیاسیی و حوکمڕانیی هەرێم دادەنرێت.

لەوڵاتانی دنیادا، گرووپ و سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوە ڕۆڵی گرنگیان هەیە لە ڕەنگڕێژکردنی سیاسەتی حکومەتو حیزبە سیاسییەکان، گەورەترین و باشترین میکانیزمن بۆ سەرکەوتن لە هاوکێشە سیاسییەکانی داهاتوودا.

ئێستا لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، بەشداری پرۆسەیەکی گرنگو چارەنووسسازی وەک هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق دەکەن، کەچی هیچ لایەن و سەنتەرێکی لێکۆڵینەوە لە هەرێمدا نییە کە پێشبینی بکات، نەخشەی سیاسیی عێراق چی لێدێت؟ ئەنجامی هەڵبژاردنی لیستە ڕکابەرەکان چۆن دەبێت؟ قەبارەی سەنگی هێزەکان لە (١٨)پارێزگاکەی عێراق چی لێدێت؟ سێ لیستە گەورەکەی شیعەو سوننە چەند کورسی دەبەن و پلاتفۆرمی سیاسییان چییە؟ لەچیدا لەگەڵ کورددا هاوبەشن و لەچیشدا دژی خواستەکانی کوردن؟ لیستە کوردییەکان چەند کورسی دەبەن و سەنگیان زیاد دەبێت یان؟

لە هەرێمی کوردستاندا، ژمارەیەک سەنتەری لێکۆڵینەوەی حیزبیی و (NGO) هەن، بەڵام ئەم سەنتەرانە کاری پرۆفیشناڵ ناکەن و چاودێرانیش وای بۆدەچن کە پشت بە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانیان نابەسترێت، چونکە بێلایەن نین. ئەمە جگە لەوەی کە ئەو لێکۆڵینەوانەی کردوویانن، زۆربەیان لۆکاڵین و لە سنووری سێ شاری هەرێمی کوردستان تێپەڕناکەن و کەمتر خۆیان لە خوێندنەوەی داهاتوو دەدەن، بەڵکو شیکردنەوە بۆ ڕووداوە هەنووکەییەکان دەکەن.

د.عەبدولحەکیم خەسرەو، مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی سەلاحەدین وتی «سوودبینین لە گرووپەکانی بیرکردنەوەو لێکۆڵینەوە، دەبێتە مایەی بەهێزبوونی قەوارە سیاسییەکان و لەدنیادا هێزە سیاسییەکان پیشت بەئەنجامی لێکۆڵینەوەی ئەو گرووپ و سەنتەرانە دەبەستن». هەروەها د.عەبدولحەکیم پێیوایە؛ کە چەند سەنتەرێکی لێکۆڵینەوە لە کوردستان هەن و کاریان کردووە، بەڵام «ئاستی پرۆفیشناڵی و زانستییان ڕێژەییە، بۆیە سەد لەسەد ناتوانرێت پشتیان پێ ببەسترێت».

بەپێی زانیاریی سەرچاوەیەکی نزیک لە سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی، بەدرێژایی نزیک بە حەوت ساڵی پرۆسەی ئازادیی عێراق، سەرکردایەتی کورد، یان دوو هێزە دەسەڵاتدارەکە، هیچ سەنتەرو پەیمانگایەکی نێودەوڵەتی و تەنانەت ناوخۆییشیان ڕانەسپاردووە کە لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی عێراق و قەبارەی هێزە سیاسییەکان و هیچ بوارێکی دیکە بۆ ئەنجامبدات.

تا ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا هیچ کەس و سەنتەرێکی لێکۆڵینەوە نازانن کە ئەو (٣٠٠)لیستو قەوارەسیاسییەی بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق دەکەن، کێن و ئامانجی سیاسییان چییەو سەرۆکی قەوارە بەشداربووەکان کێن؟ ڕەنگە لەناو کورددا کەس نەبێت کە بزانێت، ناکۆکیی نێوان مالیکی و ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی چییە؟

نەبوونی ئەو لێکۆڵینەوانە، وای لە هێزە سیاسییە کوردییەکان کردووە کە زۆرجار وەک گەمەکەرێکی نەزان بێنە بەرچاو کە دەچێتە گۆڕەپانەکەوە.

لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا، میدیاکانی دوو هێزە دەسەڵاتدارەکە باسیان لە پێکهێنانی بەرەیەکی سیاسیی کرد بە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی و پارتی و یەکێتییە کە بە بڕوای چاودێرانی سیاسیی، کورد هەڵەیەکی گەورە دەکات، ئەگەر لەئێستاوە هەوڵی چوونە ناو هەر بەرەیەکی سیاسیی بدات و کارتەکانی خۆی هەرزانفرۆش بکات.

د.محەمەد ئەحمەد، پەرلەمانتاری کورد لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ڕای وایە «کورد سیاسەتێکی بە پلان و ستراتیژیی نییەو مامەڵە لەگەڵ ڕۆژدا دەکات»، ئەو پەرلەمانتارە وای بۆ دەچێت «لایەنە ڕکابەرەکانی شیعەو سوننە دەیانەوێت بە هێزی کوردو لە بەرژەوەندیی خۆیان پارسەنگی هێز لە عێراق بگۆڕن».



# «لەکێشەی نانبڕاوەکاندا سەرۆکایەتی هەرێم کات دەکوژێت»

بەرهەم خالید

ئـەنـدامـێـکـی لـیـژنـەی بەدواداچوونی کێشەی نانبڕاوەکان ئـامـاژە بـۆ ئـەوە دەکــات؛ کە کارەکانی خۆیان تەواوکردووەو رەوانـەی سەرۆکاتی هەرێمیان کردووە بۆ ئەوەی بڕیاری کۆتایی لەبارەوە بدرێت، هەڵسوڕاوێکی گـۆڕانـیـش دەڵـێـت، ئـەوان لە هەوڵەکانیان بەردەوامدەبن بۆ ئەوەی ئەو هاوڵاتییانە مافی خۆیان وەرگـرنـەوە، پەرلەمانتارێکیش سەرۆکایەتی هەرێمو پەرلەمان بە بەرپرسیار دەزانێت بەرامبەر ئەو چارەسەرنەکردنی ئەو کەیسە.

مستەفا سەید قادر، هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی گـۆڕان وتـی: «ئەو لیژنەیەی لـەلایـەن سـەرۆکـی هەرێمەوە دیاریکرابوو کارەکانیان تەواوکردووەو بڕیارە رووبەڕووی ئەنجومەنی وەزیرانی بکەنەوە».

لەلایەکی دیـکـەوە، د.حەمید دەربـــەنــــدی، بــەرپــرســی پەیوەندییەکانی سەرۆکایەتی هــەرێــمو ئــەنــدامــی لیژنەی بەدواداچوونی کێشەی نانبڕاوەکان بە رۆژنـامـەی راگەیاند: ئەوان کارەکانی خۆیان تەواوکردووەو راپۆرتیان داوەتـە سەرۆکایەتی هەرێمو د.فوئاد حسێن کە خۆی ســەرۆکــی لیژنەکەیەو ئێستا چاوەڕێی دوابڕیاریانن.

د.جەعفەر عەلی، بڕیاردەری فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کـوردسـتـان ئـامـاژە بـۆ ئـەوە دەکـــات، کە دوای چـوار مانگ تێپەڕبوون بەسەر ئەو کێشەیەداو بەدواداچوون‌و پێکهێنانی لیژنەکەی سەرۆکایەتی هـەرێـم، تائێستا ئەنجامێکی ئـەوتـۆی نەبووەو وتیشی: «پێمولیە ئەو هەوڵانە بۆ کات کوشتنە ئەگینا دەکـرا لەو مـاوەیـەدا ئەو کێشەیە یەکلایی بکرایەتەوەو چارەسەربکرایەو تا ئەم ساتە ئومێدم بە سەرۆکایەتی هەرێم نییە کە چارەسەری ئەو کێشەیە بکات‌و سەرۆکایەتی هەرێمو پەرلەمان بە بەرپرسیار دەزانین، د. جەعفەر وتی: «ئێمەش دریغی ناکەین لە هەوڵەکانمان بۆ چارەسەری کێشەی نانبڕاوەکان کە بەهۆی بیروڕای سیاسییەوە سزادراون».

# بەڕێوەبەری شارەوانی و تەندروستی کەرکوک دەست لەکار دەکێشنەوە

ئارام جەمال، کەرکوک

هەردوو بەڕێوەبەری شارەوانی‌و تەندروستی کەرکوک دەستلەکارکێشانەوەیان ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان کـردووەو بەبڕیاری وەزارەتی شارەوانییەکانی بەغداش بەڕێوەبەری ئاوەڕۆی کەرکوک لەپۆستەکەی لابراو لەشوێنی تورکمانێک دانراوە.

جـەمـال مـحـەمـەد شـکـور بـەڕێـوەبـەری شارەوانیی کەرکوک لەلێدوانێکیدا بۆ رۆژنامە وتی: «لە (٢٠١٠/١/٩)وە دەستلەکارکێشانەوەم پێشکەشکردووە، کە لەچوار ساڵی رابردوودا ئەمە چوارەمین جارە داوای دەستلەکارکێشانەوە دەکەم لە پۆستەکەم».

هاوکات رۆژنامە لەسەرچاوەیەکی ئاگادارەوە زانیویەتی، کە د.سەباح ئەمین داودی بەڕێوەبەری فەرمانگەی تەندروستیی کەرکوکیش داوای دەستلەکارکێشانەوەی پێشکەش بە بەرپرسانی یەکێتیی‌و ئـیـدارەی کـەرکـوک کـردووە، بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو زانیارییە بەهۆی باری تەندروستییەوە رۆژنامە نەیتوانی لێدوانی د.سەباح ئەمین وەربگرێت.

لەلایەکی دیکەوە بەبڕیارێکی وەزارەتـی شارەوانییەکانی عێراق (رەمەزان فارس نوری) بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرێتی ئاوەڕۆی کەرکوک کە کوردە، لابراوەو لەشوێنی (هیدایەت محەمەد عەلی) لە نەتەوەی تورکمان لەشوێنی دانراوە، بەڵام بەڕێوەبەری لەکارلابراو پابەندنییە بەو بڕیارەوەو لقی سێی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەکەرکوک پشتگیریی دەکەن.

رەمەزان فارس بەڕێوەبەری لەسەرکارلابراوی ئـاوەڕۆی کەرکوک، هەواڵەکەی بۆ رۆژنامە پشتڕاستکردەوەو وتـی: «حیزب‌و ئیدارەی کەرکوک لە دژی بڕیارەکەن‌و پشتگیریی من دەکەن، منیش ئامادەنیم پابەندبم بەو بڕیارەوە».

# لیستی یەکگرتوو و کۆمەڵ: ئەنجومەن ئاگاداری دانانی پارێزگاری سلێمانی نییە

بەهادین یوسف

هەردوو لیستی یەکگرتوو و کۆمەڵ، کە خاوەنی (٨) کورسی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانین، ئاگاداری دانانی پـارێـزگـاری سلێمانی (بـەوەکـالـەت)، نـیـن‌و نـارازیـن لـەوەی دەسـەڵاتـی سیاسیی‌و ئیداریی ئەنجومەنی پارێزگای پشتگوێخستووەو رای وەرنەگرتوون لەدانانی کەسێک لەبری پارێزگاری خانەنشینکراوی سلێمانی.

ئەحمەد حەمە رەشید ئەندامی لیستی کۆمەڵی ئیسلامیی لە ئەنجومەنی پارێزگا بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئێمە گلەییمان لە میکانزمی دانانی پارێزگاری نوێ هەیەو هیچ پرسو رایەکمان پێنەکراوە، چونکە لەسەر سیستمی لامەرکەزیی کاردەکەین، پارێزگاری پێشوو، کە دانراوە ئەنجومەنی پارێزگا دەنگی پێداوە، بەڵام ئێستا بێ هیچ پرسکردنێک بە ئەنجومەن‌و ئەندامانی ئەنجومەن پارێزگاری نوێ دانراوە، ئێمە گلەییمان هەیە لە دەسەڵاتی سیاسیی، کە ئەنجومەنی پشتگوێخستووە، ئێستاش قەزییەکە لەوە دەرچووە داوای دەنگدان لەئێمە بکەن، لـەبـەرئـەوە پێویستی بەدەنگدانی ئەنجومەنی پارێزگا نییە».

لەلایەکی دیکەوە، وشیار رەسول محەمەد ئەندامی لیستی یەکگرتوو لە ئەنجومەنی پارێزگا بە رۆژنامەی راگەیاند: «پارێزگاری نوێی سلێمانی کە دانـراوە، دەسەڵاتی ئیداریی‌و سیاسیی هیچ پرسو رایەکی بە ئێمە نەکردووە، پێویستیش بەدەنگدانی ئەنجومەن نییە، چونکە نە لەناو ئەنجومەنەوە دانراوە، نە پرسمان پێکراوەو نەپێشیان وتووین».

ئاماژەی بەوەشکرد: «وەکو سەردەمی پێش راپەرین‌و دوای راپەرین پارێزگار دانـراوە، بەڵام ئێستا ئەنجومەنێک لە ئارادایە، کە هەڵبژێردراوە، ئەگەر بەیاسا بێت ئێمە پابەندی یاساین‌و دەبێت لە ئەنجومەنی پارێزگا هەڵبژێرێت، ئەگەر بـەدەر لە یاساش دەکـرێـت دەنگدان لەسەر شتێکی نایاسایی پێویست ناکات، لەبەرئەوە رەنگە ئێمە دەنگ بۆ دانانی پارێزگاری نوێ نەدەین».

## گۆڕان بە مەرج دەنگ بە بودجە دەدات

# ئۆپۆزسیۆن لەو پارانەی خەڵک دەکۆڵێتەوە کە نەخراونەتە بودجەوە

رۆژنامە

فراکسیۆنی گۆڕان داوا دەکات هەموو داهاتەکانی کوردستان بە گومرگو فرۆشتنی نەوت‌و باج‌و داهاتەکانی دیکەوە بخرێنە سەر بودجەی ئەمساڵی هەرێمو بودجە تەنیا بریتی نەبێت لەو پارەیەی لە بەغداوە دەدرێتە کوردستان.

لە حاڵی دانەنانی داهاتە ناوخۆییەکانیش لەناو بودجەدا فراکسیۆنەکە دەنگ نادات بۆ پرۆژەیاسای بودجەی ئەمساڵ، فراکسیۆنی یەکگرتووش جەخت دەکاتەوە، کە لەو مەسەلەیەدا قسەیان دەبێت.

ئەم قسەو باسانە لە کاتێکدایە، کە پاش سێ مانگ دواکەوتن لە وادەی یاسایی خۆی، رۆژی (١٩)ی ئەم مانگە، سەرۆکی حکومەتی هەرێم پێش گەیاندنی بە پەرلەمان‌و تاووتوێکردن‌و پەسەندکردنی لەلایەن پەرلەمانەوە، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا وردەکاریی بودجەی خەمڵێنراوی (٢٠١٠)ی خستە روو، کە بڕی (١١) ترلیۆن‌و (٤٣٣) دینارە، سەرباری ئەوەش داهاتی ناوخۆی هەرێم بە نەوت‌و گومرگو باج نەخراوەتە سەر بودجە. ژمارەیەک لە پەرلەمانتارانیش دەڵێن: «سەرۆکی حکومەت کەوتووەتە هەڵەوە لە راگەیاندنی وردەکاریی بودجەی خەمڵێنراودا». بڕیارە لەمڕۆشەوە پەرلەمانی کوردستان دەستبکات بە کۆبوونەوەکانی بۆ تاووتوێکردن‌و پەسەندکردنی بودجەکە.

کوێستان محەمەد سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان پێیوایە: «حکومەت هەڵەیەکی کرد بە راگەیاندنی بودجەکە، لەبەرئەوەی حکومەتی هەرێم (١٨) ساڵە بودجە بە خەمڵێنراوی دادەڕێژێت‌و رەوانـەی پەرلەمانی دەکـات، حکومەتی عێراقیش (٤) ساڵە بە خەمڵێنراویی بودجە دادەڕێژێت‌و رەوانەی پەرلەمانی دەکات، بەڵام هیچ کات نەبینراوە کە بەرلەوەی بگاتە پەرلەمان رابگەیەنرێت‌و کۆنگرەی رۆژنامەوانی بۆ بکرێت، چونکە ئەرکی سەرەکی خۆیەتی حکومەت بودجەی خەمڵێنراو ئامادە بکات‌و لە وادەی یاسایی خۆیدا رەوانەی پەرلەمانی بکات، پێویست ناکات منەت بەسەر خەڵکیدا بکات».

بـە وتـــەی ســـەرۆکـــی فراکسیۆنی گۆڕان، هەڵەکە لەوەدایە، کە ئەو پرۆژەیە هێشتا خەمڵێنراوەو رەنگە پەرلەمان هەندێک لە سێکتەرەکانی بگۆڕێت‌و کەم‌و زیادی بکات، بۆیە: «راگەیاندنی بودجەو ئاشکراکردنی رێژەو وردەکارییەکانی جگە لە بانگەشەیەکی پێشوەختی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ لیستی هاوپەیمانیی زیاتر، هیچی دیکە نەبوو».

بەگوێرەی بڕگەی یەکەم، لە مادەی (٧٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان؛ دەبێت بودجە لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەم بگاتە پەرلەمان.

سەرباری بوونی ئەو بڕگە یاساییە، بەڵام حکومەتی هەرێم هەموو ساڵێک بە ئەمساڵیشەوە نەیتوانیوە بودجەی خەمڵێنراو لەکاتی خۆیدا رەوانەی پەرلەمان بکات.

سەرباری دوا کەوتنی بودجە بۆ ماوەی سێ مانگ لە وادەی یاسایی خۆی، ئەندامێکی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان ئاماژە بۆ ئەوە دەکـات، «هیچ داهاتێکی ناوخۆی هەرێمی کوردستان نەخراوەتە سەر بودجەی ئەمساڵی هەرێم».

ئیسماعیل گەلالەیی، ئەندامی لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان، لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە؛ کە نەک ئەمساڵ هیچ ساڵێک حکومەتی هەرێم داهاتی ناوخۆ بە نەوت‌و گومرگو باج‌و رسومات‌و داهاتە ناوخۆییەکانی دیکەیشەوە نەخستووەتە چوارچێوەی ئەو بودجە خەمڵێنراوەوە، بەتایبەت ئەو داهاتی نەوتەی کە لەکاتی بەستنی گرێبەستی نەوت دەرهێنان لەناوچەیەک وەک بەخشیش دەدرێت، کە پێویستە بۆ ئەو ناوچەیە خەرج بکرێت، کە نەوتەکەی لێدەردەهێنرێت‌و هەندێکی بە پارەی نەقدیی‌و هەندێکی بە پرۆژە، کە دەبێت ئەو کۆمپانیایەی نەوت دەردەهێنێت ئەنجامی بدات.

گـەلالـەیـی لـەو بـارەیـەوە وردتـر زانیارییەکان دەخاتە روو دەڵێت: «لەکۆی ئەو (٣٤) گرێبەستەی حکومەتی هەرێم بۆ دەرهێنانی نەوت کردوویەتی، بەدانپێدانانی وەزیری سامانە سروشتییەکان ئەو داهاتە (٥) ملیار دۆلارەو بە وتەی وەزیری دارایی یەک سەنت لە داهاتی نەوتی خۆماڵیی لەنێو بودجەی هەرێمدا دانەنراوە».

مـەسـەلـەی شـاردنـــەوەی داهـاتـە ناوخۆییەکان‌و دانەنانیان لە بودجەی گشتیی ئەمساڵدا، پێدەچێت یەکێک بێت لەو خاڵانەی مشتومڕی زۆری لێبکەوێتەوە لەنێوان فراکسیۆنی دەســەڵات‌و فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن.

بەوپێیەی فراکسیۆنە ئۆپۆزسیۆنەکان سوورن لەسەر ئەوەی داهاتە ناوخۆییەکان ئاشکرا بکرێن‌و بخرێنە سەر بودجەی هەرێم، لە حاڵی ئاشکرا نەکردن‌و نەخستنە سەر بودجە «ئۆپۆزسیۆن هەڵوێست‌و قسەی خۆی دەبێت».

پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی گۆڕان جەختدەکەنەوە، کە لەکاتی گفتوگۆکردن لەسەر بودجەو پەسەندکردنی لەنێو پەرلەمان دەبێت هەموو ئەو داهاتە شاراوانە بۆ کۆمەڵانی خەڵک ئاشکرا بکرێن، ئەگەرنا ئامادەنین دەنگ بۆ بودجەی (٢٠١٠) بدەن.

فراکسیۆنی یەکگرتووش تەئکید لەسەر بێدەنگ نەبوونیان لەو مەسەلەیە دەکەنەوە.

عـومـەر عەبدولعەزیز، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامیی لە پەرلەمانی کوردستانیش تەئکید دەکاتەوە، کە فراکسیۆنەکەی لە مەسەلەی دانەنانی داهاتە ناوخۆییەکان بێدەنگ نابێت‌و لەو بارەیەوە دەڵێت: «لە هیچ وڵاتێک نابێت بودجە بشـاردرێـتـەوە، ئەگەر داهاتە ناوخۆییەکان لەم بودجەیەدا نەبێت، ئەوە دەبێتە پرسیارێکی گەورە لەسەر وەزارەتی دارایی، ئێمە لەکاتی گفتوگۆی بودجەکەدا لەناو پەرلەمان لێیی بێدەنگ نابین».

د.زانا رەئوف، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان، رەخنە لە دواکەوتنی رەوانەکردنی بودجەی خەمڵێنراو بۆ پەرلەمان دەگرێت‌و دەڵێت: «هەموو ساڵێک حکومەتی هەرێم بە بیانووی دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجەی عێراق لە پەرلەمانی بەغدا، رەوانـەکـردنـی بودجە بۆ پەرلەمانی کوردستان دوادەخات».

لەکاتێکدا حکومەت هەوڵدەدات مەسەلەی دواکەوتنی بودجە بۆ ماوەی سێ مانگ لە ماوەی یاسایی خۆی بشارێتەوەو کارەکانی بەو ئاراستەیەیە کە کابینەی شەشەم زووتـر لە کابینەکانی پێشتر بودجەی ئەمساڵی رەوانەی پەرلەمان کردووە، بەڵام پەرلەمانتارێک گلەیی لە حکومەت هەیە، کە هۆکاری دواکەوتنی بودجەی بۆ پەرلەمان روون نەکردووەتەوە.

پەرلەمانتار عەدنان عوسمان، بە پێویستی دەزانێت، کە حکومەت خۆی لە مەسەلەی دواکەوتنی ناردنی بودجە بۆ پەرلەمان نەدزێتەوەو ئەگەر داوای لێبووردنیش نەکات، لانیکەم بە رەسمیی هۆکاری دواکەوتنی لە ناردنی بودجەی تەخمینی بۆ پەرلەمان روون بکاتەوە.

کوێستان محەمەد، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان رایگەیاند: فراکسیۆنی گۆڕان دووجار داوای لە سەرۆکایەتی پەرلەمان کـردووە، کە داوا لە حکومەت بکات لە وادەی یاسایی خۆیدا بودجە رەوانـەی پەرلەمان بکات، جگە لـەوەش هەرسێ لایەنی کۆمەڵ‌و یەکگرتوو و گۆڕان وەک ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمان داوامانکردووە بانگهێشتی وەزیـری دارایـی بکرێت، کە بۆچی تائێستا بودجە نەهاتووەتە پەرلەمان، «بەڵام نەکۆبوونەوەکە کراو نە وەزیر هات‌و نە هیچ روونکردنەوەیەکیش درا».

هەرچەندە بڕیارە ئەمڕۆ خوێندنەوەی یەکەم بۆ بودجەی خەمڵێنراوی هەرێم بۆ ساڵی (٢٠١٠) بکرێت، بەڵام هێشتا ژمێرەی کۆتایی (حساباتی خیتامی) چۆنێتی خەرجکردنی بودجەی (٢٠٠٩) لە پەرلەمان گفتوگۆی لەبارەوە نەکراوە.

ئـاسـۆ کـەریـم، وتـەبـێـژی لیستی کوردستانیی لە پەرلەمانی کوردستان، بەلایەوە ئاساییە، کە هێشتا وتوویژ لەسەر چۆنێتی خەرجکردنی بودجەی (٢٠٠٩) نەکراوە، بودجەی (٢٠١٠) پەسەند بکرێت‌و بە دووری زانی، کە ئەوە ببێتە خاڵێک بۆ دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجە.

### روونکردنەوە

لە ژمارە (٥٦٥) ی رۆژی ( ٢٠١٠/٠١/١٩) لە لاپەرە (٤) ی رۆژنامەکەتاندا لێدوانێک بە ناوی منەوە بڵاوکراوەتەوە، رستەیەکی هەمان لێدوانیش کراوەتە مانشێتی بەشی سەرەوەی لاپەڕەکە. بە پێی مانشێتەکە دەبێت من وتبێتم: «پێویستە سەرۆکی حکومەت کۆبوونەوەی دەوریی لەگەڵ فراکسیۆنەکاندا بکات».

سەبارەت بەم لێدوانە، دەمەوێت بۆ ئێوەو پارلەمانتاران و سەرجەم خەڵکی کوردستان رای خۆم لەمبارەیەوە روونبکەمەوە، کە :

١. لە دوورو نزیکەوە ناوەرۆکی ئەم مانشێتە پەیوەندی بە منەوە نییەو قسەی لەمجۆرەشم بۆ هیچ کەناڵێکی راگەیاندن بە رۆژنامەی رۆژنامەشەوە، نەکردووە.

٢. ئەوە پارلەمانە وەک باڵاترین دەزگای سیاسیی و یاسادانان و چاودێریی، متمانە بە هەر کابینەیەکی وەزاری بە سەرۆکەکەیشیەوە، دەبەخشێت و دەسەڵاتی یاسایی لێسەندنەوەی ئەو متمانەیەشی هەیە.بۆیە رێی تێناچێت نە من و نە هیچ پارلەمانتارێکی دیکە داوا لە سەرۆکی حکومەت بکەین، کە کەسی متمانە پێدراوە لەلایەن پارلەمانەوە، بێت کۆبوونەوەی دەوریی بە متمانە پێدەرانی، کە ئەندامانی پارلەمانن بکات.

**جەعفەر عەلی – ئەندامی پارلەمانی کوردستان، فراکسیۆنی گۆڕان**

# بارزانی چی لە ئەمریکا دەچنێتەوە؟

راپۆرتی؛ دلێر عەبدولخالق

مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئێستا لە واشنتۆنی پایتەختی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکایە. لەگەڵئەوەی ئەم جۆرە سەردانانە بۆ زۆربەی بەرپرسە میحوەرییەکانی عێراق رێکخراوە، بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە بارزانییەوە هەیە وەک لێپرسراوی میحوەری کوردی «دەستەبەربوونی جۆرێک لەزەمانەتە لەئەرزی ئەمریکیەوە بۆ زەوییە بچوکەکەی کورد لەعێراق»، بەدیوێکی تردا چۆن بنەمای ئەو پەیوەندی ئەمریکا لەگەڵ کورد لەچوارچێوەی عێراق هەیەتی دادەرێژرێت.

رۆژی هەینی (٢٠٠٩/١/٢٢) مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم بەمەبەستی خۆئامادەکردن‌و بۆ دیدارو چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ باراک ئۆباما سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، جۆ بایدنی جێگری سەرۆک‌و چەند لێپرسراوێکی تری کۆشکی سپی بەرەو ئەمریکا بەرێکەوت.

ئەم سەردانە لەچوارچێوەی بانگهێشتی فەرمی کۆشکی سپییەو بەتایبەت دوای تێپەراندنی پرۆژە یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراق‌و رۆڵی ئەرێنی کورد لەمەر ئەو پرسە دێت.

د. فوئاد حسێن سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم بەر لەسەردانەکە لەلێدوانێکیدا رایگەیاند: سەرۆکی هەرێم لەمیانەی ئەو دیدارو کۆبونەوانەی لەواشنتۆن هەیەتی، باسی چەندین «پرسی گرنگی» پەیوەست بە رەوشی ئێستای عێراق، پرۆسەی هەڵبژاردنە گشتیەکەی عێراق، قۆناغی دوای هەڵبژاردن، پرسی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق‌و ئەمریکا لەو چوارچێوەیەشدا پەیوەندی نێوان هەرێم‌و ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دێتە بەرباس، هاوکات رۆڵی ئەمریکاش لەچارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی هەرێم‌و بەغدا قسەی لەسەردەکرێت‌و هەڵوێستی سەرکردایەتی کوردیش دەخرێتە روو.

رۆژی بەرێکەوتنی بارزانی بەرەو ئەمریکا، جۆبایدن جێگری سەرۆکی ئەمریکا گەیشتە بەغدا، لەوەڵامی رۆژنامەی شەرقلئەوسەت لەبارەی گەشتەکەی سەرۆکی هەرێم بۆ وڵاتەکەی‌و هەبوونی ئەجێندایەکی تایبەت بە کورد، بایدن رایگەیاند: «هەرچەندە بارودۆخی هەرێمی کوردستان جیاوازترە، بەڵام هیچ ئەجێندایەکی تایبەت لەئارادا نییەو ئێمە بەردەوام دەبین لەکارکردن لەگەڵ هەموو لایەنە عێراقیەکان».

بە بۆچوونی مامۆستایەکی زانکۆی دهۆک «گرنگی ئەو سەردانە لەو گۆشەیەدا چردەبێتەوە کە پەیوەندییەکانی نێوان کوردو ئەمریکا بەچوارچێوەیەکی رەسمی‌و لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش دابرێژرێت».

د. کامیران بەرواری مامۆستای زانکۆی دهۆک بە رۆژنامەی راگەیاند: هەرێمی کوردستان پێش پرۆسەی رزگاری عێراق دەسەڵاتێکی سەربەخۆبوەو حکومەت‌و دامەزراوەی خۆی هەبوە، لەبەرئەوە «ناکرێت ئەمریکا ئەو تایبەتمەندییەی پێشووی لەبەرچاو نەگرێت»، بۆیە پێویستدەکات پەیوەندییە دوو قۆڵیەکانی نێوان هەرێم‌و ئەمریکا لەو چوارچێوەیە لەسەر ئاستی عێراق «مامەڵەیەکی تایبەتی» لەگەڵ بکرێت». بەبروای بەرواری پێویستە کورد بەشێوەیەک سود لەسۆزو بەڵێنی ئەمریکا وەربگرێت، کەدواجار دەستکەوتەکانی (١٩) ساڵی رابردووی هەرێم زیاد بکات، نەک لەناو دەستکەوتەکانی عێراقدا بتوێندرێتەوە.

د. مەحمود عوسمان پەرلەمانتاری سەربەخۆی کورد لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق سەردانەکە بەسروشتی ناودەبات بەتایبەت ئەم دواییە بەهۆی هەڵبژاردنەکانەوە زۆربەی بەرپرسانی عێراق سەردانی ئەمریکایان کردووە، سەرۆکی هەرێمیش لەو چوارچێوەیەدا بانگهێشتکراوەو وتی: «ئەو دۆسیانەی لەو سەردانەدا باسدەکرێن بریتین لەچۆنیەتی جێبەجێکردنی دەستور، کێشەکانی نێوان هەرێم‌و بەغدا کە پێشتر ئەمریکا بەڵێنی چارەسەرکردنیان دابوو، هەرچەندە بڕواموایە بۆ چارەسەری ئەو کێشانە دەبێت عێراقیەکان خۆیان رێکبکەون‌و لەدەرەوەی عێراق (ئەمریکا) ئەو کێشانە چارەسەرناکرێن، بەڵام ئەمریکاش دەبێت پێش بەجێهێشتنی عێراق دوایین هەوڵی خۆی بخاتە گەر».

د.مەحمود عوسمان ئەوە بەدوور دەزانێت لەو سەردانەدا ئەمریکا هیچ جۆرە رێککەوتنێک لەگەڵ هەرێم واژۆبکات چونکە وەک خۆی دەڵێت: «ئەمریکا لەچوارچێوەی عێراقدا مامەڵە لەگەڵ کورددا دەکات، هەرچەندە کوردیش وەک میللەتێک مافی ژیان‌و بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەرەوە هەیە».

بەپێی دەستوری عێراق دەسەڵاتی پەیوەندییە دەرەکییەکان لەرێی حکومەتی مەرکەزییەوە رێکدەخرێت، هەرچی هەرێمەکانیشە تەنها لەچەند روویەکی دیاریکراوە دەتوانن پەیوەندی بازرگانی‌و ئابوری لەگەڵ دەوڵەتانی دەرەوە پەرەپێبدەن، بەڵام بەبروای چاودێران بەهۆی ئەوەی تائێستا سیستمی فیدراڵی لەعێراقدا بەتەواوەتی نەچەسپیوە، ئەو سروشتە حوکمرانیە رەنگی نەداوەتەوە، بۆیە ئەمریکا لەهەوڵی هاوسەنگیراگرتنی میحوەرە سیاسیەکانی عێراقە، دەکرێت سەردانی سەرۆکی هەرێمیش بەدیوێکدا پەیامێک بێت بۆ دەوڵەتانی دراوسێی عێراق کە هەرێمی کوردستان حسابێکی تایبەتی لەلایەن ئەمریکاوە بۆ دەکرێت.

د. زانا رەئوف پسپۆری یاسایی دەستوریی دەڵێ: لەسیاسەتی ویلایەتە یەکگرتوەکاندا سەرۆک ناتوانێت بێ گەرانەوە بۆ کۆنگرێسی ئەمریکی هیچ جۆرە رێکەوتنێک مۆربکات، سەبارەت بەهەرێمیش بەپێی دەستور ئێمە لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقداو تەنها رێگەمان پێدراوە لەکۆمەڵی بواری دیاریکراو پەیوەندیمان لەگەڵ دەرەوە هەبێت، بۆیە ئەگەر لەروانگەیەکی یاساییەوە سەیری ئەو سەردانە بکەین «رەنگە دەستکەوتێکی ئەوتۆی نەبێت» بەڵام ئەگەر لە نیگای ئەو قورسایە سیاسیی‌و میحوەرییەی کورد لەناوچەکە هەیەتی دەکرێت شتێک بەدەستبهێنین، بەمەرجێک لەبەرامبەر بەرژەوەندییەکی کاتی‌و بەڵێنێکی کاتی ئەو قورساییە لەبارنەبەین.



کامیران بەرواری پێیوایە سەرۆکی هەرێم لەم سەردانەدا دەتوانێت رۆڵی هەرێمی ئیجابی لەسەر ئاستی کوردستانی گەورە ببینێت، بەشێوەیەک پەیامی کورد لەپارچەکانی تریش بەئەمریکا بگەیەنێت. بەڵام مەحمود عوسمان پەرلەمانتاری کورد لەعێراق ئەوە دەخاتە روو لەسیاسەتی ئەمریکادا شتێک نییە بەناوی کێشەی کورد وەک نەتەوە، لەم کاتەشدا کەگرنگی بەکوردی عێراق دەدات، لەگۆشەی بەرژەوەندییەکانی خۆیەتی، واتە ئەمریکا بەرژەوەندی لەعێراق هەیەو کوردیش بەشێکە لەبەرژەوەندییەکانی لەعێراقدا. وتیشی: «دەبێت سەرکردایەتی کورد لەعێراق ئەو گرنگی‌و کاریگەرییەی خۆی بقۆزێتەوەو هەوڵی بەهێزکردنی لۆبی خۆی‌و پەیوندییەکانی بدات».

د. زانا رەئوف پسپۆری یاسایی دەستوریش بەدووری دەزانێت لەپلانی ستراتیجی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بەڵگە بدرێت بەدەستەوە بۆ پارێزگاریکردن‌و زامنکردنی لەمافی کوردو بەرژەوەندییەکانی، بۆیە کورد هەندێجار بەئاگایی‌و هەندێک جاریش بەبێئاگایی خۆی ئەمریکا وەکو چەکێک بۆ فشارو وەکو چەکێک بۆ سازشکردن بەکاریهێناوە، بێئەوەی هیچمان لەو دوو حاڵەتەکە دەست کەوتبێت، لێرەوە «پێویستە کورد بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەمریکا بکات‌و لەبەجێگەیاندنی بەرژەوەندییەکی ئەمریکا بەرژەوەندییەکی خۆشی جێگیربکات».



## دیندار زێباری:

# مەهزەلەکە لەوەدایە، د. بەرهەم ئاگاداری رووداوەکەم نییە!

راپۆرتی، شارا عەبدولڕەحمان

رێکخەری هەرێم بۆکاروباری نەتەوەیەکگرتووەکان ئاماژە بۆئەوەدەکات، کە ئاگادارنەبوونی د.بەرهەم وەک سەرۆکی حکومەت لە بڕیاری نەهێشتنی پۆستەکەی «مەهزەلەیە» و ئاماژەیە بۆ بوونی دوو ئیدارەیی لەکوردستان‌و هاوکات لە روونکردنەوەیەکدا سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران ئاشکرایدەکات، کابینەی پێنجەم لیژنەیەکی بۆ رێکخستنی کاری ئەو نووسینگەیەی پێکهێناوەو دواتر ئازاد بەرواری‌و خۆی (د.نوری عوسمان) بڕیارەکەیان بە د. دیندار راگەیاندووە.

دوای ئەوەی رۆژی ٢٢ی ئەم مانگە بەبڕیاری ئازاد بەرواری جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پۆستی نووسینگەی رێکخەری هەرێم بۆ کاروباری نەتەوەیەکگرتووەکان لە دامەزراوەیەکی سەربەخۆوە نزمکرایەوە بۆ بەشێک لە فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، د.دیندار زێباری، لە بەرپرسی ئەو نووسینگەیە لابرا، مقۆمقۆیەکی زۆری لە ناوەندە میدیایی‌و سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لێکەوتەوە.

د.دیندار زێباری، رێکخەری هەرێم بۆ کاروباری نەتەوەیەکگرتووەکان، بە رۆژنامەی راگەیاند: بڕیاری نزمکردنەوەی پۆستی رێکخەری هەرێم بۆ کاروباری نەتەوەیەکگرتووەکان بڕیارێکی شەخسیی جێگری سەرۆکی حکومەتە، بڕیارەکەش چەند مەرجێکی بۆ بەرپرسارێتیی بەشی کاروباری نەتەوەیەکگرتووەکان لە هەرێم داناوە، کە مەرجەکان هیچیان قورس نین تا بە من نەکرێن، بەڵکو بۆ ئەوە دانراون من



دیندار زێباری

کە پلەی وەزیرم هەیە بچووک بکرێمەوە بۆ فەرمانبەرێکی ئاسایی لە فەرمانگەیەکدا.

سەبارەت بە هۆکارەکەشی وتی: «لە وڵاتی ئێمەدا ئەگەر گەنج بیت‌و بڕوانامەی بەرزت هەبێت‌و خزمەتی وڵات بکەیت ئاوات لێ بەسەردێت».

د.دیندار وتیشی: «مەهزەلەکە لەوەدایە کە د.بەرهەم ساڵح ئاگاداری بڕیاری نزمکردنەوەی پۆستی رێکخەری هەرێم نییە، چونکە بڕیارەکە بە شەخسیی لەلایەن ئازاد بەرواری، جێگری سەرۆکی حکومەتەوە دەرچووە کە لەسەر گەندەڵیی یان دواکەوتنی پڕۆژەو ئەو شتانە نییە، بەڵکو لەسەر زۆریی کەفائەت‌و رای جیاواز بووە بۆ پێشخستنی هەماهەنگیی کوردستان بە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە».

توانا ئەحمەد، لێپرسراوی راگەیاندنی ئەنجومەنی وەزیران، ئاماژە بەوەدەکات؛ ئەو بڕیارە بڕیاری حکومەت‌و بەبێ ئاگاداریی د.بەرهەم ئەو کارە نەکراوە، هەروەک بۆ رۆژنامە وتی: «ئەو بڕیارە بڕیاری حکومەتی هەرێمی کوردستانەو بە هەماهەنگیی لەنێوان سەرۆکی حکومەت‌و جێگرەکەیدا دراوە، کە نووسینگەی رێکخەری هەرێم ببێتە بەشێک لە فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، چونکە هەردووکیان یەک ئیشیان هەیە».

ئەمە لەکاتێکدایە کە لە روونکردنەوەیەکی سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیراندا کە لە رۆژی ٢٠١٠/١/٢٤دا بڵاوکراوەتەوە، بە روونی ئاگادارنەبوونی د. بەرهەم سەرۆکی حکومەت لەو مەسەلەیە دەرکەوتووەو ئاماژەی بەوەکردووە بەبڕیاری نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی کابینەی پێنجەم لیژنەیەک پێکهێنراوەو دواتر ئەو لیژنەیە هەیکەلێکی بۆ فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە داڕشتووەو ئۆفیسی رێکخەری حکومەت بۆ کاروباری نەتەوە یەکگرتووەکان کراوەتە بەشێک لە بەڕێوەبەرێتی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی سەر بە فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە.

لە بەشێکی دیکەی روونکردنەوەکەدا هاتووە «ئەم رێنماییانە بەشێوەیەکی راستەوخۆ لەلایەن بەڕێز ئازاد بەرواری جێگری سەرۆکی حکومەت‌و بەئامادەبوونی خۆم (د. نوری عوسمان)، بە کاک دیندار زێباری راگەیەنراوە کە دەبێت کار بەو سیستەمە بکرێت‌و پێش ئەنجامدانی ئەم دانیشتنەش کاک ئازاد بەرواری‌و خۆم راوێژمان لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی کردووەو بەڕەزامەندیی‌و ئاگاداری جەنابیان کاک دیندار ئاگادار کرایەوە».

لە روونکردنەوەکەی د. نوری عوسمان سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران دوورو نزیک ناوی د. بەرهەم سەرۆکی حکومەت‌و ئاگاداربوونی لەبڕیارەکە نەهاتووە.

هەربۆیە د.دیندار زێباری جەخت لەوە دەکاتەوە، کە پێویستە د.بەرهەم، سەرۆکی حکومەتی هەرێم، لێپێچینەوە لەو بڕیارە شەخسییەی ئازاد بەرواری بکات‌و سەرۆکی حکومەتێکی یەکگرتوو بێت کە کادیرەکانی حکومەت هی خۆی بن‌و وابکات کە لە حکومەتەکەیدا خاوەنی هەر مەلەفێک بتوانێت لەسەر کێشەکەی خۆی قسە بکات. وتیشی: «بێئاگایی سەرۆکی حکومەت لە بڕیارەکە دەگەڕێنمەوە بۆئەوەی کە تائێستاش دوو ئیدارەیی ماوە».

بڕیارەکەی جێگری سەرۆکی حکومەت بەشێوەیەکە، کە سەرجەم ئەو کارمەندانەی لە نووسینگەی رێکخەری هەرێم بۆ کاروباری نەتەوەیەکگرتووەندا بەشێوەی گرێبەست کاردەکەن، گرێبەستەکانیان بۆ نوێ نەکرێتەوە، بەڵکو تەنیا فەرمانبەرێک لەژێر دەسەڵاتی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەدا ئەو کارانە رێکبخات.

ئەمە لەکاتێکدایە کە لەئێستادا رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان (٣٠٠) کارمەندو (١٣) ئاژانسی لە پارێزگاکانی هەرێم‌و عێراقدا هەیە، بەوهۆیەشەوە د.دیندار پێیوایە؛ «دەستەبەرکردنی مافەکانی تاکی کورد لای نەتەوەیەکگرتووەکان بە تاکە فەرمانبەرێک ناکرێت، بەڵکو پێویستی بە نزیکەی (١٠٠) کارمەند هەیە لەژێر دەسەڵاتی نووسینگەیەکی تایبەتمەندا».

سەبارەت بەکاری رێکخەری کارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانیش لەهەرێم، کاروان جەمال تاهیر، جێگری بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێم بە رۆژنامەی راگەیاند: لە پێکهاتەی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەدا بەڕێوەبەرێتییەک هەیە بۆ ئاژانسەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان، کە ئەو بەڕێوەبەرێتییە بەرپرسێکی بۆ دادەنرێت‌و رەنگە هەر ئەویش کارەکانی رێکخەری نەتەوەیەکگرتووەکان لە هەرێم بکات.

سەبارەت بەکاری نوێشی د. دیندار زێباری رایگەیاند «هەرچەندە پلەی بریکاری وەزیرم هەیە لە ئەنجومەنی وەزیران، بەڵام هەر کارێک یان هەر ئەرکێکی دیکە کە سەرۆکی حکومەت بۆم دیاری بکات، ئەوا لەخزمەتکردن بەردەوام دەبم».

## هەندێک لە حیزبەکان (٥٠ ) ملیۆن بۆ یەک کورسی بە کەم دەزانن

# راگەیاندنی بودجە لەلایەن د. بەرهەمەوە، تێپەڕاندنی سەڵاحیەتەکانییەتی

راپۆرتی؛ بەرهەم خالید

ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم، لە پرۆژەیاسای بودجەی ساڵی (٢٠١٠)ی هەرێمی کوردستاندا بڕی (٩٠) ملیار دیناری بۆ بودجەی حیزب‌و رێکخراوەکان تەرخانکردوە، ئەوە لە کاتێکدایە، تائێستا پرۆژەیاسای بودجەی حیزبەکان لە پەرلەمانەو نازانرێت ئەو بودجەیە لەسەر چ بنەمایەک دەدرێتە حیزب‌و لایەنەکان. فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆنیش پێیانوایە؛ دیاریکردنی بودجەی حیزبەکان کاری پەرلەمانە، نەک حکومەت‌و بەپێویستیشی دەزانن بودجەی چەند ساڵی رابردووی حیزبەکان بە یەکێتی‌و پارتیشەوە ئاشکرا بکرێت، تا لەسەر ئەو بنەمایە بودجەکە دیاری بکرێت.

هەفتەی رابردوو د. بەرهەم ساڵح، سەرۆکی حکومەتی هەرێم، بودجەی گشتیی هەرێمی بۆ ساڵی (٢٠١٠) راگەیاند، کە بە(١١) ترلیۆن‌و (٤٣٣) ملیار دینار خەمڵێنراوە لەو بڕەش (٩٠) ملیار دینار بەپێی چەند بنەمایەک بۆ حیزبەکان تەرخانکراوەو سەرۆکی حکومەت وتی: «پارەیەکی سنووردارمان بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردووەو ئەمەش کاتییە تا پەسەندکردنی یاسای پارتەکان لە پەرلەمانی کوردستان»، بەڵام تائێستا چۆنیەتی دیاریکردنی ئەو بڕەو دابەشکردنی یەکلایی نەکراوەتەوە.

د.زانا رەئووف، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان پێیوایە؛ «راگەیاندنی بودجە لەلایەن سەرۆکی حکومەتی هەرێمەوە تێپەڕاندنی سەڵاحیەتی خۆی بووە»، چونکە باسکردنی بودجە دەستکەوتی حکومەت نییەو کاری پەرلەمانە، کە پەسەندی بکات.

دەربارەی بودجەی حیزبەکانیش د.زانا رەئووف بە رۆژنامەی راگەیاند: تائێستا پرۆژەیاسایەک نییە بۆ رێکخستنی‌و لەسەر نەریتی کۆن دەڕۆن، لەو شێوازەشدا پێوەر نەبووە بۆ بودجەی حیزبەکان‌و بەشێوەی مجامەلات دابەشکراوە، بۆیە دوای پەسەندکردنی یاسای بودجەی حیزبەکان لەو بڕە هەر حیزبێک زیاتری وەرگرتبوو لێی وەردەگیرێتەوەو بەپێچەوانەشەوە ئەوەی کەم بوو زیاتری پێدەدرێت‌و وتیشی: «دەبێت لەم بودجەیەوە سنوورێک دابنرێت بۆ جیاکردنەوەی بودجەی حیزب لە بودجەی حکومەت، بەپێی پرۆژەیاساکەش دابەشکردنەکە لەسەر بنەمای کورسی دەبێت، بەڵام هەرلایەنێکی دەرەوەی پەرلەمانیش گەر خاوەنی نیوەی دەنگی کورسییەک نەبێت‌و بودجەی پێبدرێت ئەوە پێچەوانەی یاساکەیەو بەهەدەردانی سامانی گشتییە».

لەماوەی رابردوودا هەریەکە لە فراکسیۆنەکانی گۆڕان‌و کوردستانی پرۆژەیاسای تایبەت بە بودجەی حیزبەکانیان پێشکەشکردو دواتر پاش گفتوگۆکردن هەردوو پرۆژەیاساکە لێکدراو کرایە پرۆژەیەکی یەکگرتوو، بەڵام بەهۆی پشووی پەرلەمانەوە نەتوانرا دەنگی لەسەر بدرێت بەپێی ئەو پرۆژەیەش بنەمای کورسی دەکرێتە پێوەر بۆ پێدانی بودجەو هەر کورسییەک (٥٠) ملیۆن دینار دەبێت، حیزبەکانی دەرەوەی پەرلەمانیش ئەوەی خاوەنی دەنگی نیو کورسییە بودجەی پێدەدرێت.



**محەمەد حەکیم:**

**دانانی (٥٠) ملیۆن دینار بۆ هەر کورسییەکی پەرلەمان ناداد پەروەرانەیە**

بە بۆچوونی محەمەد حەکیم، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامیی لە کوردستان «پێویست ناکات یەکێتی‌و پارتی پشکیان لەو بودجەیەدا هەبێت، کە بۆ حیزبەکان دیاریکراوە لەبەرئەوەی ئەو دوو حیزبە لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا چەندین کۆمپانیای گەورەیان پێکەوەناوەو لەسەر پێی خۆیان وەستاون»، ئەو سەرکردەیەی کۆمەڵی ئیسلامی دانانی (٥٠) ملیۆن دینار بۆ هەر کورسییەکی پەرلەمان بە «نادادپەروەرانە» لە قەڵەم دەدات، چونکە بەوتەی ئەو یەکێتی‌و پارتی جگە لەو پارەیە داهاتی دیکەیان هەیە، کە لەسەر بودجەی کوردستان‌و دەستگرتن بەسەر داهاتی هەرێمدا بنیاتیان ناوە، بەڵام حیزبەکانی دیکە داهاتی دیکەیان نییە.

محەمەد حەکیم ئاماژە بۆ ئەوەشدەکات؛ کە ئەوان تائێستا (٣٥٠) ملیۆن دیناریان وەرگرتووە، بەڵام گەر بە بنەمای کورسی بێت، ئەوا (٢٠٠) ملیۆنیان دەبێت، چونکە (٤) کورسی پەرلەمانیان هەیەو وتیشی: «ئەوە بڕێکی کەمەو لە پەرلەماندا قسەمان لەسەری دەبێت».

لەکاتی پەیڕەوکردنی بنەمای کورسی یەکگرتووی ئیسلامیش، کە خاوەنی شەش کورسی پەرلەمانە بودجەکەی کەمدەبێتەوە بەوپێیەی پێشتر (٤٥٠) ملیۆن دیناری وەرگرتووە، بەڵام بەو بنەمایە دەبێتە (٣٠٠) ملیۆن دینار، ئەوە لە کاتێکدایە بەپێی وتەی بەرپرسێکی باڵای یەکێتی، کە پێشتر بڵاوکرایەوە ئاماژەی بۆ ئەوەکردووە؛ کە هەریەکە لە یەکێتی‌و پارتی مانگی (٣٠) ملیۆن دۆلاریان لە بودجەی هەرێم بردووە.

عومەر عەبدولعەزیز، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی کوردستان پێیوایە؛ ئەو بڕە بودجەیەی لەلایەن حکومەتەوە دیاریکراوە رەشنووسەو پەرلەمان پەیوەست نییە پێوەی، دەربارەی خەملاندنی (٩٠) ملیار دیناریش بۆ حیزبەکان، دەڵێت: پرسیار ئەوەیە ئایا ئەوە هەموو حیزبەکانی کوردستان دەگرێتەوە یان نا؟، چونکە لە ماوەی رابردوودا یەکێتی‌و پارتی ساڵانە بڕی (٧٠) ملیۆن دۆلاریان لە بودجەی حکومەت بردووە، ئایا باس لەوەشدەکرێت؟، وتیشی: «پێویستە بڕی پارەی دراو بە حیزبەکانی کوردستان لەساڵانی رابردوودا بە یەکێتی‌و پارتیشەوە دیاریبکرێت‌و ناوبنرێت (بودجەی حیزبەکانی کوردستان)و کەمبکرێتەوە ئەو کاتە بڕەکە دابەشی (١١١) بکرێت بۆ ئەوەی بزانرێت هەر لایەنێک چەندی بەردەکەوێت، چونکە گەڕانەوە بۆ ساڵانی رابردوو شەرعیەتێکی دەستووری هەیە بۆ خەملاندنی بودجە».

دەربارەی کەمبونەوەی بودجەی حیزبەکانیش عومەر عەبدولعەزیز دەڵێت: «جگە لە یەکێتی‌و پارتی بە زیانی حیزبەکانی دیکە دەشکێتەوەو کار لە ئەدای سیاسیی حیزبەکانیش دەکات‌و ئاماژەکانیش بەو ئاراستەیەن، کە هیچ حیزبێک لە بودجە بێبەش نەکرێت».



**عومەر عەبدولعەزیز:**

**جگە لە یەکێتی‌و پارتی بودجەکە بە زیانی حیزبەکانی دیکە دەشکێتەوەو کار لە ئەدای سیاسییان دەکات**

# ڕۆژنامەنووسانی حیزبی لە بری میدیاکارانی کورد بڕیار دەدەن

ڕاپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان

لە وۆرکشۆپی (ڕۆڵی میدیا لە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو کوردستانی عێراق)دا کە لە ئەستەمبوڵ سازکرا، ڕۆژنامەنووسانی ئەهلیو سەربەخۆ بەشدارییان پێ نەکراو سەرنوسەری ڕۆژنامەی ئاوێنەش دەڵێت: «لەکوردستاندا میدیای حیزبی دەرفەتی چوونەدەرەوەو بینینی خولو وۆرکشۆپیان هەیە، بەهۆی پەیوەندیان لەگەڵ دەسەڵاتو حکومەت، کارئاسانییان بۆ دەکرێت».

ڕۆژی (١٦)ی کانونی دووەمی (٢٠١٠) لە لایەن پلاتفۆرمی (میدیالۆگ)ەوە وۆرکشۆپی نێوان میدیاکارانی تورکیاو کوردستان لە ئەستەمبوڵ سازکرا، لەژێر ناوی (ڕۆڵی میدیا لە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو کوردستانی عێراق)دا کە دەزگای موکریان بۆ لێتوێژینەوەو بڵاوکردنەوە بە هاوکاری ئازاد پلاتفۆرم ڕێکیخستبوو و تێیدا میدیاکارانی سەر بە حیزبە سیاسییەکانو دەسەڵات بەناوی میدیاکارانی کوردەوە خۆیان ناساند.

شوان محەمەد، سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئاوێنە کە ڕۆژنامەیەکی ئەهلیی ئازادە، ئاماژەی بەوەکرد کە بەهیچ جۆرێک لە بوونی وۆرکشۆپێکی لەو جۆرە ئاگادارنەکراوەتەوە بۆ بەشداریکردنو وتیشی «لەکوردستاندا میدیای حیزبی دەرفەتی باشتری چوونەدەرەوەو بینینی خولو وۆرکشۆپیان هەیە، ئەمەش بە حوکمی ئەوەی کە پەیوەندییەکی باشیان هەیە لەگەڵ حکومەتو کارئاسانییان بۆ دەکرێت».

هەر لەوۆرکشۆپەکەدا بڕیار لەسەر (١٥)خاڵ درا کە پێویستە میدیاکارانی کوردستانو تورکیا پێوەی پابەندبن، ئەمە لەکاتێکدا کە هیچکام لە ڕۆژنامەنووسانی دەزگا ئەهلیو سەربەخۆکان لەناو ئەو ڕۆژنامەنووسانەدا نەبوون کە خاڵەکانیان واژۆکرد، تا وەک میدیاکارانی کورد پێوەی پابەندبن.

لەوبارەیەوە شوان وتی «بەهیچ جۆرێک ناچینە ژێر ئیلتیزاماتی ئەو خاڵانەی کە میدیاکارانی حیزب بە ناوی میدیاکارانی کوردەوە بڕیاریان لەسەر داوە».

بەڵام ئەندامانی وەفدەکەی «میدیاکارانی کورد» بۆ ئەستەمبوڵ، ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەندامانی وەفدەکە جگە لە ڕۆژنامەنووسانی سەر بە یەکێتیو پارتی ڕۆژنامەنووسانی یەکگرتووو شیوعیو سەرۆکی چەند دەزگایەکی ڕاگەیاندنی تێدابوو.

عارف قوربانی، سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئاسۆ، کە ئەندامی وەفدەکە بوو بۆ ئەستەمبوڵ ئەوەی بۆ ڕۆژنامە ڕوونکردەوە کە لە ۆرکشۆپەکەیاندا باس لەوەکراوە، بۆ لەمەودوا هەوڵبدرێت کە بەرنامە میدیاییەکان بەشێوەیەک دابڕێژرێن کە ئاڕاستەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمو تورکیا لە گرژی دوورخەنەوە، وتیشی «ئەندامانی وەفدەکە، سەرجەمیان حیزبیو سەر بەدەسەڵات نەبوون، بەڵکو نوێنەری لایەنێکی ئۆپۆزسیۆنیشمان لەگەڵدابوو».

ئەم وتانەی عارف قوربانی لەکاتێکدان کە ئەندامانی وەفدەکە بریتیبوون لە (سەرنووسەری کوردستانی نوێ، سەرنووسەری گۆڤاری واڵا، سەرۆکی دەزگای خەندان، سەرۆکی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژیی یەکێتی، سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئاسۆ، ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی کوردستانی، سەرۆکی سەنتەری پرد، نوێنەرێکی کەناڵی کوردسات، ئەندامێکی مەکتەبی ناوەندیی ڕاگەیاندنی پارتی، ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامیی، ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی شیوعیو ژمارەیەک میدیاکاری تر».

ئەحمەد میرە، سەرنووسەری گۆڤاری لڤین کە گۆڤارێکی سیاسیی سەربەخۆیە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئێمە نەک هەر بەو خاڵانەوە پابەند نابین، بەڵکو بەمەهزەلەشی دادەنێینو هیچ پابەندبوونێکی سەربەخۆمان پێوەی نییە، چونکە ئەو ڕۆژنامەنووسانە کە زۆربەیان حیزبیبوونو ئەندامی مەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتیی حیزبەکانن، مافی ئەوەیان نییە بە ناوی هەموو میدیاکارانی کورد بڕیار لەسەر شتەکان بدەن»، ئاماژەشی بەوەکرد کە پێویستە ئەندامانی وەفدەکە قەبارەی خۆیان لەناو پێگەی میدیای کوردیدا بزانن ئینجا بە ناوی میدیاکارانی کوردستانەوە قسەبکەن.

بەڵام سەرۆکی وەفدی «میدیاکارانی کورد»، ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە ئەوان بە ناوی سەرجەم میدیاکارانی کوردەوە لە وۆرکشۆپەکەدا قسەیان کردبێت.

ئاسۆ کەریم، سەرۆکی وەفدەکەو ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی کوردستانی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: وەفدەکەمان لە نوێنەری کەناڵە سەرەکییەکانی کوردستانو ڕۆژنامە ڕۆژانەکانو سەرۆکی چەند دەزگایەکو نوێنەرانی سەرجەم پێکهاتەکان پێکهاتبوو، کەسەکانیش لەلایەن دەزگای موکریانییەوە دیاری کرابوون، بەڵام لەوێ بەناوی ئەو وەفدەوە قسەمانکرد نەک سەرجەم میدیاکارانی کورد»، ئاماژەشی بەوەکرد، ئەو خاڵانەی کە لەگەڵ میدیاکارانی تورکیا لەسەری ڕێکەوتن، هیچیان ئەوەندە گران نین کە میدیاکارانی کوردستان نەتوانن پێوەی پابەندبن.

ئەمە لەکاتێکدایە کە وەفدەکە لەدوای هاتنەوەیان بۆ کوردستان، ڕاگەیەنراوێکیان لەژێر ناوی (ڕاگەیەنراوی کۆتایی وۆرکشۆپی نێوان میدیاکارانی تورکیاو کوردستانی عێراق)دا بڵاوکردەوەو میدیاکارانی دەزگا ئەهلیو سەربەخۆکان ئاماژە بە پابەندنەبوونی خۆیان بە خاڵەکانی ئەو ڕاگەیەنراوەوە ڕادەگەیەنن.

سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، بە هیچ جۆرێک لە ئەنجامدانی ۆرکشۆپەکەی ئەستەمبوڵ ئاگادارنەکراوەتەوەو هیچ نوێنەرێکیشیان ئەندامی وەفدەکە نەبووە، ئەمە لەکاتێکدا کە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان تاکە ڕێکخراوی پیشەیی سەرتاسەرییە کە ڕۆژنامەنووسانی حیزبیو سەربەخۆ بەبێ جیاوازیکردن لە نێوانیاندا ئەندامبن.

ئەنوەر حسێن، ئەندامی ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، لەو بارەیەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «سەندیکای ڕۆژنامەنووسان لەچوونی وەفدی میدیاکارانی کوردستان بۆ تورکیا ئاگادارنەکراوەتەوەو نوێنەری لەوەفدەکەدا نەبووە، ئەگەر وۆرکشۆپەکەش لەسەر ئاستی میدیاکارانی کوردو تورک بووبێت، پێویست بوو کە میدیاکارانی سەرجەم کەناڵەکان بەبێ جیاوازیی حیزبیبوون، یان سەربەخۆیی بانگهێشت بکرانایە، ئەمە جگە لەوەی کە زۆر پێویست بوو کە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان، ئاگادار بکرایەتەوە».

سەبارەت بە پابەندبوونی ڕۆژنامەنووسانیشەوە بەو خاڵانەوە کە لە ئەستەمبوڵ ئیمزای لەسەر کراوە، ئەنوەر حسێن وتی «پێویستە ڕۆژنامەنووسان پێش ئەوەی پابەندبن بە هەر ڕێککەوتننامەو بڕیارێکەوە، پابەندبن بە یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧)ی یاسای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان».

یاسای ژمارە ٣٥ی کاری ڕۆژنامەنوسی کوردی لە٢٠٠٨/٩/٢٢دا لەپەرلەمانی کوردستان بەمەبەستی ڕێکخستنی کاری ڕۆژنامەوانی کوردی دەرچوو کەلە ١٤مادەدا ئازادیەکی زیاتری بۆ ڕۆژنامەنوسانی کوردستان دەستەبەرکردوە.



# ئاوابوونی خۆری کارەکتەرە سیاسییەکان

لەچەند هەفتەی داهاتوودا، عێراق هەڵبژاردنی پەرلەمان بەخۆوە دەبینێتو بۆ ئەمەیش دەیان لیست لەعێراقو هەرێمی کوردستاندا، لە ڕکابەریدان بۆ بردنەوەی زۆرترین کورسی ناو ئەم پەرلەمانە.

ئەوەی لەمبارەیەوە چاوەڕواندەکرێت ڕووبدات، گۆڕینی تای تەرازووە بەلای هەندێک هێزی جیاو دەرکەوتنی چەند کارەکتەرێکی نوێی سیاسیی لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراقداو هاوکات ئاوابوونی خۆری هەندێک لە سیاسییەکان لەعێراقدا.

بێگومان، هەمان هاوکێشە لەهەرێمی کوردستانیشدا بوونی دەبێتو چاوەڕواندەکرێت ئەمجارە دەنگدەرانی کورد، خۆری هەندێک لە کارەکتەرە سیاسییەکانی ئەمڕۆ، ئاوا بکەنو ڕۆڵی کاریگەریش ببینن لە دەرکەوتنی خۆری چەند کارەکتەرێکی نوێی سیاسییو دەرکەوتنی هێزی دیکەی سیاسیی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستاندا.

هەڵبژاردنەکەی (٢٥)ی تەمموزی ڕابردوو، هەندێک گۆڕانکاریی لەسەر ئاستی کوردستاندا لێکەوتەوەو بووە هەوێنی هێزێکی کارای ئۆپۆزسیۆنو بەمەیش تای تەرازووی هێزەکان، گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، پێشتر تەنیا یەکێتییو پارتی حوکمڕانی یەکەمو ئەخیری هەرێمی کوردستان بوونو هەر ئەوانیش بوون بەناوی کوردەوە لە بەغداد قسەیان کردووەو لەسەر هاوکێشەی بەشداریکردنی سیاسیی کاریانکردووە، سەرەڕای ئەو لێشاوی تێبینییانەی لەسەر ئەدای بەشێکی زۆری نوێنەرەکانیان لە بەغداد هەمانە (کە حیزب جڵەوی کردوونو ڕەچاوی بەرژەوەندییەکانی حیزب کراوە، وەک لە بەرژەوەندییەکانی نەتەوەیی)، بەڵام هەڵبژاردنی ئەمجارە، چۆنێتی نوێنەرایەتیکردنی گەلەکەمان دەگۆڕێتو بەدوور دەزانرێت لەمەودوا تەنیا ئەم دوو هێزە دەمڕاستمان بن لە بەغداو حاکمی کوردستانیش بن، سەرەڕای ئەوەی خۆری چەند کارەکتەرێکی سیاسیش لە کوردستاندا ئاوا دەبێت.

بەگوێرەی لێکدانەوە سیاسییەکان، چاوەڕواندەکرێت ئەمجارە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن لە کوردستان، نزیکەی (٢٥) کورسی پەرلەمانی عێراق، لەکۆی ڕێژەی کورسییەکانی کورد لەم پەرلەمانەدا، بەدەستبهێنن، وەکچۆن چاوەڕواندەکرێت ڕێژەی کورسییەکانی کورد لە پەرلەمانی داهاتووی عێراقدا، (٦٠) کورسی تێپەڕ نەکات.

واتە، ئەمجارە ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی کوردستان، نزیکەی نیوەی کورسییەکانی نوێنەرایەتیکردنی کورد لە بەغدا بەدەستدەهێنێتو ئەمجارەیش ئۆپۆزسیۆن بەمەنتقی بەشداریکردنی سیاسیی لە بەغدا کارناکات (وەکچۆن پێشتر بەشداریکردنێک نەبووە لەئاستی داخوازییە ڕەواکانماندا بووبێت)، هێندەی بەمەنتقی هاوبەشیکردنی سیاسیی کاردەکاتو لەڕێی نوێنەرانییەوە، کار بۆ هاوبەشیکردنی فیعلی لە بەغدا دەکات، بەمەیش پێداگریی لەسەر دەرکردنی یاسای پێویست بۆ جێبەجێکردنی زۆر لەو بەندانەی دەستوور دەکات، کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە گەلەکەمانەوە هەیە لە چوارچێوەی عێراقداو میکانیزمی یاسایی بۆ جێبەجێکردنی ئەو مافە ڕەوایانە دەدۆزێتەوە؛ کە لە دەستووری عێراقیدا هاتوون، وەکچۆن پێشتر بەم نەفەسە کارنەکراوە..و هتد.

واتە، لەڕێی ئەم هەڵبژاردنەوە، هاوکێشەکانی سیاسیی کوردستان دەگۆڕدرێنو چاوەڕواندەکرێت، نیوەی کوردی عێراق، پشتیوانیی لەو ئۆپۆزسیۆنە بکەن، کە ئەمڕۆ لەهەرێمدا هەیە.

بەمەیش، خۆری هەندێک کارەکتەری سیاسیی ئاوادەبێتو گۆڕانکاریی لەپۆستەکانی هەرێمی کوردستانیشدا بەدوور نازانرێتو ئەمەیش بە سەرەتای خۆرئاوابوونی هەندێک لەو کارەکتەرە سیاسییانە دادەنرێت، کە چەندین ساڵە خاوەنی دەسەڵاتنو پۆستی باڵایان لە کوردستانو عێراقدا هەبووە.

کەواتە، بەشداریکردنی کارای هاوڵاتییانی کوردستان، لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی داهاتووی عێراقدا، ڕۆڵی گرنگی دەبێت لەوەی خۆری ژیانی سیاسیی هەندێک لەو کارەکتەرە سیاسییانە ئاوا بکات، کە ڕەخنەیان لێدەگیرێت، لەوەی نەیانتوانیوە خزمەتی دۆزە ڕەواکەمان بکەن، وەکچۆن بەدووریش نازانرێت، ئەم هەڵبژاردنە، سەرەڕای ئاواکردنی خۆری ژیانی سیاسیی چەند کارەکتەرێکی سیاسیی، خۆری هەندێک پارتو لایەنی سیاسیش ئاوا بکات، یان لانیکەم کزیان بکات.

## ـــاراستنن



کەس خۆی بە ئاشکرا ناکاتە بەرپرسیاری ئەو دوو دەزگایە.

هەربۆیە دیارنەبوونی مەرجەعیەتی ئەو دەزگایە، وا لێکدەدرێتەوە کە بۆیە وایان لێکراوە، تا لەو سیستمی ئیدارییە ئاساییەی حکومەتی هەرێمدا دیارنەمێننو جۆرێک تەمومژیان پێوە دیار بێت کە ئەمەش وادەکات هاوڵاتییان نەک هەست بە ئەمان نەکەن، بەڵکو گومانیشیان لێیان هەبێت.

بە بڕوای زۆرێک لە پەرلەمانتارانو یاساناسان، تا ئەو دوو دەزگای ئاسایشە لە ژێر چنگی حیزب دەرنەهێنرێنو یەکنەخرێنەوە لە چوارچێوەی دەزگایەکی حکومی دامەزراوەیی، لە ژێر چاودێری پەرلەمانی کوردستاندا، ئەو دەزگایانە بە ناشەرعی دەمێننەوە، بە وتەی عەدنان عوسمانی پەرلەمانتاری کورد، مەنتیقی تێدا نییە کە وەزارەتی ناوخۆ دروستکراوەو گرنگترین دەزگاش کە دەزگای ئاسایشە لە وەزارەتەکە جیاکراوەتەوە، هەربۆیە پێویستە بخرێنەوە سەر وەزارەتی ناوخۆ، ئەو پەرلەمانتارەی فراکسیۆنی گۆڕان دەڵێت: «ئەگەر دەزگای ئاسایش لەژێر دەسەڵاتی وەزارەتی ناوخۆو حکومەتدا بێت، ئەوا پەرلەمان دەتوانێت چاودێریی کارەکانی بکاتو شەرعیەتی دەبێت، تا ئەوەش دەبێت، ئەو دوو دەزگایە هەر کارێکی شەرعیش بکەن، نا شەرعیەو چ کارێکی یاسایی بکەن، نا یاسایە، بۆئەوەی دادگاو سەرۆکایەتییەکانی هەرێمو حکومەتو پەرلەمانیش مامەڵە لەگەڵ یەکێکیان بکات، چونکە مامەڵەکردن لەگەڵ هەردووکیان نایاساییە.

### دەزگاکە بکرێتە دامەزراوەی نیشتمانیی

لەبەرئەوەی دەزگای ئاسایش بەرپرسە لە پاراستنی ئاسایشی هەموان، پێویستە هەموو هاوڵاتییەکیش، ئەوانەی مەرجی تایبەت بە کارکردن لەو دەزگایە دەیانگرێتەوە، بتوانن کاری تێدا بکەن، بەڵام وەک هیوا میرزا سابیر، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامیی ئاماژەی پێکرد، لەبەرئەوەی دامەزراندن لەو جۆرە دەزگایانەدا بە تەزکیەیە، هیچ کەسێکی ئەوان لەو دەزگایانە کارناکات، ئەگەر کاریش بکات، بزانن سەر بە لایەنەکانی ترە دەریدەکەن.

ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامیی، باسی لەوەشکرد کە پێویستە کارکردن لەو دامەزراوە نیشتمانییانەدا لەسەر بنەمای تواناو کارکردن بێت، نەک لەسەر بنەمای حیزبی، ئەم حیزبیبوونەشی وای کردووە کە هاوڵاتی، متمانەی بەو دەزگایانە نەبێت، ئێستاش داوا دەکەین کە ئەو دامەزراوانە بکرێنە دامەزراوەی نیشتیمانیو لە حیزب جیابکرێنەوە.

لەتیف شێخ مستەفا، پسپۆڕی یاسای دەستووریی لە لێدوانەکەیدا بۆ ڕۆژنامە، جەختی لەسەر ئەوەکردەوە کە بەگوێرەی دەستووری عێراقی دان بە هەرێمی کوردستاندا دەنرێت وەک هەرێمێکی یەکگرتوو، هەربۆیە بڕیاردراوە کە ئەم سێ پارێزگایەی هەرێم، وەک یەک یەکەی ئیداریی مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت.

وەک ئەو پسپۆڕە یاساییە ڕوونیکردەوە، بوونی دوو دامودەزگای ئەمنی، یان زیاتر لە نێو یەک کیانی سیاسیدا (دەسەڵاتی جێبەجێکردن)دا، یەکێکیان ناشەرعییە، سەرپێچی یاساییەو ئەو کەسانەشی بەرپرسن لە بوونی دوو دەزگای ئاسایش، پێویستە دادگایی بکرێن.

### «ئاسایشەکان، دیوێکی ئاشکرای دەزگاکانی زانیاریو پاراستنن»

لەبەرئەوەی دەزگاکانی ئاسایشی هەولێرو سلێمانی بە دوو دەزگای حیزبی دادەنرێن، گومانی ئەوەشیان لێدەکرێت کە ڕاستەوخۆ سەر بە دەزگای زانیاریو پاراستن بن.

عەدنان عوسمان، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە وتی: «ئاسایشەکانی هەولێرو سلێمانی، دیوێکی ئاشکرای هەردوو دەزگای پاراستنو زانیارییین».

هاوکات، فایەق تۆفیق، بریکاری وەزارەتی ناوخۆ وتی: «لە ڕابردوودا بڕیارێک هەبوو کە هەردوو دەزگاکە بخرێنە سەر وەزارەتی ناوخۆ، بەڵام نەکرا، ئێستا باس لەوەدەکەن کە یەکیان بخەن، ئەگەر ئەو یەکخستنە بکرێت، پێویستە بەرلەوە لە دەزگای پاراستنو زانیاری جیابکرێنەوە، با ئاسایشەکان سەر بە وەزارەتی ناوخۆبنو دەزگای زانیاریو پاراستن وەک دوو دەزگای حیزبی بمێننەوە».

فایەق تۆفیق، بە سەرسوڕمانەوە ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد «من بریکاری وەزارەتی ناوخۆم، تا ئێستا نازانم چەند ئاسایش هەیە، چۆن ئاگاداری وەزارەتی پیشەسازیم، ئاوهاش ئاگاداری دەزگاکانی ئاسایشم».

# رەخنەی کورد لە ئەمریکا پەرەدەسێنێت

راپۆرتی؛ سیروان رەشید

هەوڵی دبلۆماسی سەرکردەکانی کوردو ئەمریکا هیچ لە گومانی ئەو کوردانە کەمناکاتەوە، کە پێیانوایە هاوپەیمانە هەمیشەییەکەیان هەوڵی زۆر لاواز دەدات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ناوچەجێناکۆکەکان.

هەندێک سیاسیی کورد متمانەیان بە زەمانەتەکانی کۆشکی سپیو پەیمانی سەرکردە کوردییەکان نییە، کە دەڵێن؛ واشنتۆن چارەسەرکردنی کێشەی ناوچەجێناکۆکەکان لەئەستۆ دەگرێت، بەتایبەت پارێزگای دەوڵەمەند بەنەوتی کەرکوک.

زیادبوونی رەخنەی کورد لە ئەمریکا پێچەوانەی ئەو هەستە باوەی کوردەکان بوو بەرامبەر ئەمریکا لە دوو دەیەی رابردوو. «بەرپرسانی ئەمریکا پەیمانیان دەربارەی زۆر شت بە کورد دا، وەک کەرکوک، بەڵام ئەمە تەنیا قسە بوونو نەبوونە کردار». محەمەد تۆفیق، بەرپرسی باڵای بزووتنەوەی ئۆپۆزسیۆنی گۆڕان وایـوت». لەگەڵ ئـەوەشدا پەیوەندی بەرپرسە کوردەکان بە ئەمریکاوە هیچ کات لەوە بەهێزتر نەبووە، ئاماژە بە سەردانی وەفدە باڵاکانی کوردستان دەکەن بۆ واشنتۆنو پشتگیریی کۆشکی سپی بۆ هەمـوارکردنی دەسـتووری عێراقیو مادەی (١٤٠) بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ناوچەجێناکۆکەکان.

مادەی (١٤٠) دەڵێت: دەبێت ئاسایی کـردنـەوەی بــارودۆخو ریفراندۆمو سەرژمێریی لە ساڵی (٢٠٠٧)دا بکرێت، بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوەی کێ حوکمی کەرکوک بکات، ئەو پارێزگایەی لەلایەن عــەرەبو تورکمـانو کوردەکـانـەوە بانگەشەی خـاوەنداریـتی دەکـرێت، لەکاتێکدا ئەمە لەدەستووردایە، بەڵام بــەردەوام دواخــراوەو وەک کێشەی سەرەکی لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستانو حکومەتی ناوەندی بەغدا ماوەتەوە.

کوردەکان، کە باوەڕیانوایە کەرکوک لــەڕووی مـێژوویـیـەوە بەشێکە لە کوردستانو دوای ریفراندۆم دەخرێتە سـەر حکومەتی هـەرێـم، بەتەواویی نائومێدبوون لە حکومەتی عێراق بەهۆی دواخستنی بەردەوامیی سەرژمێریی دانیشتوانەوە.

زۆرێـک باوەڕیانوایە؛ پشتگیریی هاوپەیمانە گرنگەکەیان، (ئەمریکا)، پرۆسەکە پێشدەخات. بەڵام عەرەبو تورکمانەکان پێیانوایە؛ کوردەکان هەوڵدەدەن بەهەر نرخێک بێت سنووری هەرێمەکەیان فراوان بکەن. شیکەرەوان پێیانوایە؛ ناکۆکیی لەسەر کەرکوک دەشێت ببێتە هۆی توندوتیژییەکی زۆر، هەندێک مشتومڕی ئـەوە دەکـەن، کە هەر چارەسەرێک پێویستە دابەشکردنی دەسـەڵاتی لەنێوان گرووپە ئێتنیو دینییەکانی پارێزگاکە لەخۆبگرێت.

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بە ئەمریکاو نەتەوەیەکگرتووەکانیشەوە، هۆشداریی لە لایەنگرتن، یان پێشخستنی ناکاوی پرۆسەکە دەدەن- هەر ئەمەش بووەتە هـۆی نائومێدیی ئـەو کوردانـەی کە دەڵێن؛ دواخستنەکە نادەستوورییە، بەپێچەوانەی نوێنەرە عەرەبەکانەوە، کە یەکسانە بەدەستێوەردانەکانی دیکەی ئەمریکا لەکاروباری عێراق، بەرپرسانی کورد کە جورئەتیان لە لێدوانی مانگی پێشووی کۆشکی سپی وەرگـرتـووە، ئەو لێدوانە بە دووپاتکردنەوەی ئەمریکا دەزانن بۆ پشتگیریکردنی هەموارکردنی گشتیی دەسـتـووری عێراق، لەنێویدا مادەی (١٤٠)و (١٤٢).

مادەی (١٤٢) رێگە بە هەموارکردنی دەستووری عێراق دەدات.

فوئاد مەعسوم، سەرۆکی کوتلەی کـوردی لە پەرلەمانی عـێراق وتی: «لێدوانەکەی کۆشکی سپی زۆر گرنگە، یەکەمجارە گوێبیستی وەها لێدوانێک دەبین لە ئەمریکاوە».

میدیای رەسمیی کوردستان لە بایەخی پشتگیریی ئەمریکای بۆ مادەی (١٤٢) کەمکردەوە، لەجیاتی ئـەوە تەرکیزی خستەسەر سەرژمێریی دانیشتوان، کە بڕیارە لە ئۆکتۆبەری (٢٠١٠)دا بکرێت. بـەڵام هەندێک لە کـوردەکـان دەڵێن؛ کۆمەڵگەکەیان باشترە ئـەو لێدوانە بە پشتگیریی ئەمریکا لێکنەداتەوەو مشتومڕی ئـەوە دەکـەن، کـە رۆڵـی ئەمریکا لە چارەسەرکردنی کێشەی ناوچەجێناکۆکەکان ئاڵۆزو نادیارە.

مەحمود عوسمان، پەرلەمانتاری کـوردی سەربەخۆ لە بەغدا ئاماژەی بـەوەدا، کە لێدوانەکەی کۆشکی سپی، «باسی مادەی (١٤٠) دەکات، بەڵام باسی مادەی (١٤٢)ش دەکات لە دەستووری عێراقدا، کە داوای هەموارکردنی تەواوی دەسـتـووری عـێراق دەکـات، ئەمەش لەدژی ئێمەیە». زۆرێـک لە کوردەکان ترسی ئەوەیان هەیە، کە پەرلەمانتارە عەرەبە عێراقییەکان هەوڵی هەموارکردن، یان سڕینەوەی مادەی (١٤٠) دەدەن، لەبەرئەوەی پێیانوایە؛ کە ریفراندۆمو هەژماری دانیشتوان وادەکات کوردەکان کۆنترۆڵی کەرکوک بکەن، کە پێیانوایە؛ زۆرینەن لە کەرکوکدا.

مەحمود عوسمان وتی: «بەداخەوە سـەرکـردە کـوردەکـان زۆر پشت بە پەیوەندییەکانی کـوردو ئەمریکاو پەیمانەکانی دەبـەسـتـن، پێموانیە پەیوەندییەکانمان گەیشتبێتە «چاخی ئاڵتوونی» کە هەندێک بانگەشەی بۆ دەکەن. هیواخوازم ئەم پەیوەندییانە هێندە تەرکیزی نەخرێتە سەر، چونکە گومانم لەوە هەیە هیچ ئاکامێکی هەبێت».

ئاکۆ حەمەکەریم، مامۆستای زانستی سیاسەت لە زانکۆی سلێمانی وتی: «ئەمریکا دۆسـتـی هەمیشەیی نییە، بەرژەوەندی هەمیشەیی هەیە».

حەمەتۆفیق رەحیم رەشبینی خۆی پیشاندا دەربــارەی پەیوەندییەکانی ئـەمـریـکـا-کـوردسـتـان، هـەرچـەنـدە پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکییەکاندا ئاساییەو بەرپرسانی باڵیۆزی ئەمریکا هەفتەی پێشوو لـەگـەڵ بەرپرسانی گــۆڕان کۆبوونەوە لە سلێمانی، حەمەتۆفیق وتی: «پێموایە ئێمە، کوردەکان، چاوەڕوانی زۆر دەکەین لە ئەمریکا، کاتێک بۆمان دەرکـەوت ئەمریکا هەمووشتێکمان بۆ ناکاتو گرنگی بە داواکانی کورد نادات، خەڵکی زۆر تووڕە دەبن»، دواتر وتی: «ئەگەر ئەمریکا گوێ بە داواکارییەکانمان نەدات، ئێمە بۆچی وەک هاوپەیمانی نزیک حسابیان بۆ بکەین؟ ئێمە پێمانوایە؛ ئەمریکا دەیتوانی مادەی (١٤٠) پێشتر جێبەجێ بکات». هەندێک دەڵێن پشتگیریی ئەمریکا بۆ مادەی (١٤٠) لە بەرامبەر پشتگیریی کوردەکانە بۆ یاسای هەڵبژاردن، کە رێ بۆ هەڵبژاردنەکانی ئازاری ئەمساڵ خۆش دەکات.

پشتگیریی کـوردەکـان بۆ یاساکە هــەڕەشــەی زیــاتــر دواخــسـتـنـی هەڵبژاردنەکانی نەهێشت، دوای ماوەیەکی کـەم لە وتـووێـژی سـەرۆکـی هەرێم مەسعود بارزانیو سەرۆکی ئەمریکا بــاراک ئۆباماو جێگرەکەی جۆزێف بایدن هـات، کە پەیوەندیی بەتینیان لەگەڵ بەرپرسانی کورد هەیە، میدیای ئۆپۆزسیۆن، واشنتۆن تۆمەتبار دەکەن بە فشارخستنە سەر بەرپرسانی کورد بۆ دەنگدان لەسەر یاساکە، کە کورسی کەمی بۆ سێ پارێزگاکەی حکومەتی هەرێم تەرخانکردووە، رۆژنامەکەی نزیک لە لیستی گۆڕان (رۆژنامە) بە مانشێتێکی گـەورەو لە پـەڕەی یەکەمدا نووسی: «سەرکردەکانی کورد چارەنووسیان داینە دەست پەیمانە نادیارەکانی ئەمریکاوە»، وەک ئاماژەیەک بە لێدوانەکەی کۆشکی سپی، کە پشتگیریی هەژماری دانیشتوان دەکات.

وەک زۆرێک لە کوردەکانی تر، نازیف ساڵحی تەمەن (٤٩) ساڵ، ژنی ماڵەوە، وتی: کە لایەنگرییەکی زۆری ئەمریکای کردووە لـەدوای داگیرکردنەوە، بەڵام ئێستا بێ هیوا بووە، ئەو وتی: «ئەمریکا لە ئاستی چاوەڕوانییەکانماندا نەبووە، ئێمە هێشتا کێشەی ئاوو کارەبامان هەیە، کێشەی سیاسیی کەرکوکیش چارەسەر نەبووە». هەندێک لەو کوردانەی کە زۆر بەگومانن لە دراوسێکان، ئەمریکا بە بەهێزترین هاوپەیمان دادەنێن.

هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان هـاوکـاری ئـیـدارەی بـۆش بـوون، لە ساڵی (٢٠٠٣)و لە شـەڕی عێراقدا، کاتێک سـەدام حسێن لابـرا، هێزەکانی ئەمریکاو بەرپرسانیان گوڵباران کران لە کوردستان، جیاواز لەو بەرگرییەی لە بەرامبەریان کرا لە شوێنەکانی دیکە، لەگەڵ بوونی ئەو رەخنانەشدا، بەرپرسانی ئەمریکاو کوردستان بانگەشەی بوونی پەیوەندییەکی بەهێز دەکەن لەنێوانیاندا.

بـارزانـی پلانی دانـــاوە سـەردانـی واشنتۆن بکات دوابەدوای ئەو سەردانەی لـەلایـەن کۆمەڵێک بەرپرسی بـاڵای کوردستانەوە کرا بۆ واشنتۆن لە کۆتایی کانوونی یەکەمداو لەگەڵ بەرپرسانی باڵای کۆشکی سپیو پنتاگۆن کۆبوونەوە.

فەلاح مستەفا بەرپرسی پەیوەندییە دەرەکییەکانی حکومەتی هـەرێـم، کە بەشێک بوو لە وەفدەکە وتی: مادەی (١٤٠) ئەجێندای باڵا بووە، ئەو وتی: لە کۆبوونەوە نهێنییەکانو لێدوانەکەی کۆشکی سپییدا، ئەمریکا رایگەیاندووە؛ کە «یارمەتیمان دەدات بۆ ئەنجامدانی راپرسی» لەسەر کەرکوک.

لـە پـرێـس کۆنفرانسێکداو دوای کۆبوونەوەی سەرکردە کوردەکان لە هەولێر، کریستۆفەر هێڵی باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق پێشکەوتنی چارەسەری کێشەی ناوچەجێناکۆکەکانو پەیوەندی ئەمریکا- کوردی بەگشتیی دووپاتکردەوە.

«لـەبـارەی پەیمانەکانەوە، ئێمە هەمیشە بە سەرکردە کوردەکانمان وتـــووە، کـە بـەشـداریـی لـە کێشەی سنووری ناوچەجێناکۆکان دەکەینو بەشدارییش لە بنەڕەتەکانی دەستووری عێراقدا دەکەین»، بەدڵنیاییەوە ئێمە نیازی چارەسەرێکی سەرکەوتووانەی کێشەکانمان هەیە، لەنێویاندا کێشەی ناوچەجێناکۆکان، هەربۆیە لەئێستاوە تەرکیزمان خستووە سەر ئەوەی چۆن دەتوانین یارمەتی چارەســەری ئەم کێشەیە بدەین، پێموایە؛ دەتوانین ببینە دۆستی خەڵکی کوردستان، پەیوەندیی زۆر بەتینیشمان دەوێـت لەگەڵیان، پەیوەندیی لەگەڵ کوردستان وەک بەشێک لە عێراق».

*** (iwpr) تیاری راس و هێمن لهۆنی بەشداریان لەئامادەکردنی ئەم راپۆرتەدا کردووە**

# بریکاری وەزیری ناوخۆ: تا ئێستا نازانم چەند ئاسایش هەیە

# پەرلەمانتارێک: ئاسایشەکان، دیوێکی ئاشکرای زانیاریو پـ

راپۆرتی، رۆژنامە

**چاودێران دەڵێن؛ بوونی فەرمەزگای ئەمنیی لە کوردستان، «یەکێکە لەو فاکتەرانەی ئاسایشی هەرێمی کوردستان دەخاتە مەترسییەوەو ئاستەنگ لەبەردەم هەوڵی بەدیموکراسیکردنی پرۆسەی سیاسیی کوردستان دروستدەکات».**

**تا ئێستا هەردوو دەزگای ئاسایشی یەکێتیو پارتی یەکنەخراونەتەوە کە زیاتر لە (١٤)ساڵە وەک دەزگایەکی سەر بە حیزب کاردەکەن، نەک حکومەت، ئەمەش لە کاتێکدایە کە شەش ساڵ لەمەوبەر، یاسا بۆ یەکگرتنەوەیان دەرچووە، بەڵام یەکنەخراونەتە «هەردوو دەزگا ئاسایشەکەی هەرێم، لە بۆشایی یاساییدا کادەکەنو ناشەرعین».**

## یاسای (٤٦)ی ساڵی(٢٠٠٤)

لە یاسای ژمارە (٤٦)ی یاسای دەستەی گشتیی ئاسایشی هەرێمی کوردستان کە لە (٢٠٠٤/١١/٢٠) لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە، هاتووە؛ دەستەی گشتیی ئاسایشی هەرێمی کوردستان پێکدەهێنرێتو پەیوەست دەبێت بە سەرۆکی هەرێمەوەو فەرمانبەرێک بە پلەی وەزیر سەرۆکایەتیی ئەو دەستەیە دەکـات کە لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە دادەمەزرێنرێت.

ئەم یاسایە بۆ یەک دەستەی گشتیی ئاسایش دانراوە، بەڵام لە (٢٠٠٤)ەوە تا ئێستا هەردوو دەزگای ئاسایشی هەولێرو سلێمانی پەیڕەوی ئەو یاسایە دەکەن کە بۆ پێکهێنانی دەستەی گشتیی ئاسایشی هەرێمی کوردستان دەرچووبوو.

## یاسایەک بۆ شەرعیەتدان بە ئاژانسی پاراستن

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە وەزارەتی ناوخۆ ئەوەی بۆ رۆژنامە خستەڕوو کە لەبەرئەوەی لە رووی وەرگرتنی تەوجیهاتەوە، ئاسایشی یەکێتی سەر بە دەزگـای زانیاری بوو کە ئەویش راستەوخۆ سەر بە کەسی یەکەمی یەکێتی بوو، دەزگای ئاسایشی پارتیش سەربە ئاژانسی پاراستنی هەرێمی کوردستان بوو، ویستیان شەرعیەتێک بدەن بەو ئاژانسە کە مەسرور بارزانی، سەرۆکایەتیی دەکات، بۆ ئـەوەش ساڵی (٢٠٠٤ ) لە پەرلەمانی کوردستان، یاسای ژمارە (٤٦)یان دەرکرد کە ئەو یاسایە تەنیا بۆ جێکردنەوەو شەرعیەتدان بوو بە ئاژانسی پاراستنی هەرێم کە دەبوو یەک دەزگای ئاسایش هەبێت، ئەویش سەر بەو ئاژانسە بێت، بەڵام ئەو ئاژانسەش پێکهاتو یەکگرتنەوەی ئەو دوو دەزگایەش نەکرا.

ئاژانسی پاراستنی هەرێمی کوردستان بە ناشەرعی وەسف دەکرێت، چونکە وەک پەرلەمانتاران ئاماژەی پێدەکەن، ئەو کەسەی وەک سەرۆکی ئەو ئاژانسە دەستنیشان کراوە کە پلەی وەزیرە، لە پەرلەمان متمانەی وەرنەگرتووەو سوێندی یاسایی نەخواردووە.

## دەزگایەک ئاسایشەکان کۆبکاتەوە

بە بۆچوونی چاودێرانی سیاسی، بونی دوو دەزگای ئاسایش کە سەر بە دوولایەنی جیاوازبن، یەکێکە لەو کەموکورتییانەی لە ئەنجامی دوو ئیدارەییەوە هاتووەتە ئاراوەو تا ئێستا نەتوانراوە یەکبخرێنەوە، بەڵام بە وتەی خودی بەرپرسانو شارەزایانی بواری کارکردن، لە ئاسایشیش دەزگایەک نییە هەردوو ئاسایشەکە کۆبکاتەوەو لە ئێستاشدا یەکخستنەوەی ئەو دوو دەزگایە کارێکی ئاسان نییە، چونکە لە رابردوودا وەک دوو دەزگا بە سیستمو بۆچوونی جیاواز کاریانکردووە.

سەرکەوت حەسەن کە پێشتر بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانی بـوو، پێی وابــوو کە یەکگرتنەوەی ئەو دوو دەزگایە، کارێکی زۆر قورسەو وتی: «ئەو کاتەشی کە بەیەکەوە کارمان دەکرد، هەر دوو دەزگای جیا بووینو ئاڕاستەی کارکردنمان جیابوو، ئەوانەی پارتی لای پارتی بوونو ئەوانەی یەکێتی لای یەکێتی بوون، لە دوای شەڕی ناوخۆش، چی رێککەوتن کراوە لە نێوان یەکێتیو پارتیدا، تێیدا باس لە یەکگرتنەوەی ئاسایشەکان نەکراوە».

## دوو دەزگای جیاواز لە رووی مەرجەعەوە

بە بۆچوونی چـاودێـرانـی سیاسی، ئــەو دوو دەزگـایـە، ئاسایشی یەکێتیو پارتین نەک حکومەت، بۆیە کارێکی قورسە بتوانرێت یەکبخرێنەوە، وەک هەوڵێکیش بۆ یەکخستنەوەیان لە ساڵی (٢٠٠٧)دا بە بڕیاری سەرۆکی هەرێم، لیژنەیەک پێکهێنرا بۆ یەکخستنەوەی هەردوو دەزگای ئاسایش، بەڵام وەک سەرچاوەکەی وەزارەتی ناوخۆ ئاماژەی پێدا، ئەو لیژنەیە بەرلەوەی پێشنیاز بکات کە دەزگای ئاسایش سەر بە کوێ بێت، پێشنیازێک هەبوو لە پشتی لیژنەکەوە کە نابێت سەر بە وەزارەتی ناوخۆ بێت، بەڵام لیژنەکە دوو پێشنیازی کرد کە، یان سەر بە وەزارەتی ناوخۆ بێت، یان سەر بە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیـران بێت، دواتـر ئەوەی وەزارەتی ناوخۆ بەلاوەنراو ئەوە جێگیرکرا کە سەر بە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران بێت، بەڵام هەر یەکی نەگرتەوە، دواتر لیژنەکە پرۆژەیەکی پێشنیاز کرد، ئەوە بوو رەوانەی حکومەتو پەرلەمان کراو دواتر حکومەت پرۆژەیاساکەی لە پەرلەمان کێشایەوەو تا ئێستاش رەوانەی پەرلەمانی نەکردووەتەوە.

## ئاسایش، سەر بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانە؟

لە کابینەی پێنجەمی حکومەتدا، ئاسایشی سلێمانی، سەر بە جێگری سەرۆکی حکومەتو ئاسایشی هەولێر، سەر بە ئاژانسی پاراستنی ئاسایشی هەرێم بوون کە ئەوانیش بەندبوون بە سەرۆکی حکومەتەوە، سەرکەوت حەسەن، لە لێدوانەکەیدا ئەوەی بۆ رۆژنامە روونکردەوە کە نازانرێت کێ شەرعیەتی جێگۆرکێی مەرجەعی داوە بەو دوو ئاسایشە، چونکە ئەو کاتەی سەرۆکی حکومەت پارتی بوو، جێگرەکەی یەکێتی بوو، ئاسایشی هەولێر، سەر بە ئاژانسی پاراستن بوو کە پەیوەست بوون بە سەرۆکی حکومەتی پیشوو و ئاسایشی سلێمانیش سەر بە جێگرەکەی بوون، ئێستا کە پۆستی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران گۆڕاوە، ئەوانیش مەرجەعەکانیان پێچەوانە کردووەتەوە.




## مەرجەعی ئەو دوو دەزگایە، تەمومژاوییە

د.لەتیف شێخ مستەفا، پسپۆڕی یاسای دەستوریی، پێیوابوو کە مەرجەعی ئەو دوو دەزگـای ئاسایشە تەمومژاوییە، ئەمەش جۆرێک لە سەرلێشێواندنی هاوڵاتییانی تێدایە،



# مستەفا سەید قادر:

# ئەم هەڵبژاردنە نەخشەی سیاسیی هەرێمیش دەگۆڕێت

سازدانی: سیروان ڕەشید




**مستەفا سەید قادر، گەشبینە کە لەهەڵبژاردنی داهاتوی پەرلەمانی عێراقدا بزووتنەوەکەی دەنگی پێویست دێنێت «چاوەڕوانی ئەنجامی باشتر دەکەین و درێژە بەرەوتی گۆڕانخوازی دەدەین».**

**سەید قادر کە پێشتر جێگری تاڵەبانی بووە لەفەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان پێیوایە ئەو هەوڵانەی ئێستا بۆ یەکخستنی هێزەچەکدارەکانی هەرێم دەدرێت پێویستی بە ئیرادەیەکی بەهێز هەیە و دەڵێت «یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە چارەسەری کێشەی نێوان هەرێمو بەغداش سەبارەت بە گرفتی هێزی پێشمەرگە ئاسانتر دەکات».**

**ڕۆژنامە: لە هەڵبژاردنی ڕابردوودا توانیتان نەخشەی سیاسیی هەرێم بگۆڕن، ئایا هەمان حەماسی پێشووتان ماوە بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراقی؟ پێتانوایە بتوانن هەمان ئەنجام بەدەستبهێنن کە هەندێکجار دەوترێت پاشەکشەتان کردووە؟.**

ـ پێمانوایە هەمان گەرموگوڕیی هەیەو زیادیشی کردووەو چاوەڕوانی ئەنجامی باشتریش دەکەین وەک هەڵبژاردنی پێشوو، بەڵکو پێمانوایە؛ ئەمجارە هاوکێشەی سیاسیی عیراقیش گۆڕانی بەسەردا بێتو کار بکاتە سەر نەخشەی سیاسیی ئێستای هەرێمی کوردستانیش، بەقازانجی خەڵکی کوردستان.

**ڕۆژنامە: پێتانوایە خەڵکی کوردستان ئەمجارەش هەمان متمانەی پێشوو بەئێوە بداتەوە؟ ئایا لە چوارمانگی ڕابردوودا هەڵوێستە سیاسییەکانتانو ئەدای فراکسیۆنەکەتان لەو ئاستەدابووە، کە هاوڵاتیان ئومێدی زیاترتان لەسەر بنیات بنێن؟.**

ـ بەڵێ پێمانوایە، چونکە ئێستا خەڵک بەرچاویان ڕوونترەو بزووتنەوەی گۆڕان بەپشتیوانو جێ ئومێدی خۆیان دەزانن.

**ڕۆژنامە: دەوترێت کاندیدەکانتان بۆ پەرلەمانی عێراقی، یەکێتییە کۆنەکانن بۆچی خەڵکی دیکەتان نەپاڵاوتووە؟.**

– ئەگەر سەیری ناوی کاندیدەکانی هەموو پارێزگاکانی لیستی گۆڕان بکەی، دەبینی کە تواناو لێوەشاوەیی‌و شارەزاییی‌و کەسایەتییان کراوە بەپێوانە، نەک ڕابردووی سیاسییان، هەروەها بۆ زانیاری خەڵکی کوردستان ئێمە زۆرینەی سەرۆکی لیستەکانیشمان لەپارێزگاکان خەڵکانی بێلایەنن و پێشتر هەرحیزبیش نەبون.

**ڕۆژنامە: وەک بەڕێز نەوشیروان مستەفا ڕایگەیاند، کە بزووتنەوەی گۆڕان لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکی سیاسییدا خۆی ڕێکدەخات، چۆن دەڕوانیتە ئەم مەسەلەیەو هەوڵەکان لەو بارەیەوە گەیشتوونەتە کوێ؟**

– پێویستەو ئێستا لەبواری جێبەجێ کردندایەو لەزۆریی پارێزگاکاندا هەنگاوی باش نراوە، بەڵام کاتی زیاتری دەوێ‌و دەکەوێتە دوای ئەم هەڵبژاردنەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.

**ڕۆژنامە: دەورو نەخشی ئێوە لەو بزووتنەوەیەدا چی دەبێت «مەبەست (٤) ئەندامی مەکتەبی سیاسییەکەیە»، ئایا ئێوە پێویستان بەوەیە یان پێدادەگرن لەسەر ئەوەی کەدەبێت پۆستی باڵاوەربگرن؟، وەک لەناو یەکێتی هەتان بووە؟.**

– ئێمە وازمان لەپۆست هێناوەو پێویستمان بەپۆست نییە، بەڵکو هەموومان کاردەکەین بۆ سەرکەوتنی بزووتنەوەی گۆڕان، خۆ ئەگەر سەیری فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان‌و کاندیدەکانی گۆڕان بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانیی عێراق بکەیت، ئەو ڕاستییەتان زیاتر بۆ دەردەکەوێت.

**ڕۆژنامە: هاتنە دەرەوەتان لەناو یەکێتی جێگەی نرخاندنی هەندێک لەچاودێران بوو، کە دەستبەرداری ئەو هەموو پلەو پایەو ئیمتیازەبوون، ئایا پەشیمان نین لەو هەڵوێستە سیاسییەتان؟**

– ئێمە بەرژەوەندیی گەل‌و نیشتمانەکەمان بەلاوە لەهەموو شتێک گرنگترە، بڕوامان بەو پرنسیپە هەیە، کە دەڵێت؛ «بەرژەوەندیی گشتیی بخە سەرو بەرژەوەندیی سیاسیت‌و بەرژەوەندیی سیاسیت بخە سەرو بەرژەوەندیی خۆت».

**ڕۆژنامە: چیتان کردووە بۆ گێڕانەوەی مافی ئەو سەدان هاوڵاتییەی بەهۆی جیاوازیی بیروڕای سیاسییەوە نانیان بڕاوە، یاخود سزای ئیداریی دراون؟ لەکاتێکدا ئەوە زیاتر لە چوار مانگە هیچ شتێکی دڵخۆشکەر لەم بارەیەوە نەبیستراوە؟.**

– هەوڵی زۆرمانداوە بۆ ئەو مەبەستەو بەردەوامیش دەبین تامافەکانیان دەگەڕێتەوە بۆیان، ئێستا ئەو لیژنەیەی لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە دیاریکرابوو کارەکانیان تەواو کردووەو بڕیارە ڕووبەڕووی ئەنجومەنی وەزیرانی بکەنەوە.

**ڕۆژنامە: لەپێشدا ئێوە ڕەخنەتان دەگرت، کە یەکێتی حیزبێکی سەنتراڵە، بەو مانایەی کە دەسەڵاتو بڕیارەکان لە تاکە شەخسێکدا چڕکراوەتەوە، ئایا بڕیاردان لەناو بزووتنەوەی گۆڕاندا چۆنەو تاچەند حساب بۆ ڕای هەڵسوڕاوو کادیرانتان دەکرێت؟.**

– ئەگەرچی تائێستا بزووتنەوەی گۆڕان وا بەتەواوی خۆی ڕێکنەخستووەتەوە تاچۆنیەتی بڕیاردانتان بۆ ڕوون بکرێتەوە، بەڵام ئەو پڕۆژەیەی کاری لەسەر دەکرێ بۆ ڕێکخستنەوەی بزووتنەوەکە ڕێگرە لەوەی، کە بڕیاردان لەدەستی تاکەکەسدا بێت.

**ڕۆژنامە: هەندێکجار ڕەخنەی ئەوە لە بزووتنەوەی گۆڕان دەگیرێت، کە بڕیار بەدەستانی، هەمان ئەو خەڵکانەی ناو یەکێتی نیشتمانین، بۆچی خەڵکانی غەیرە یەکێتی لە مەرکەزی قەراری گۆڕاندا نییە؟.**

– وەکو باسم کرد بەڕای ئێمە جارێ ماویەتی ئەو ڕەخنەیە بگیرێ.

**ڕۆژنامە: گۆڕان هەڵگری کۆمەڵێک تەرزو دروشم بوو؛ سەبارەت بەسیستمی حوکمڕانیی هەرێم لەجۆری جیاکردنەوەی حیزب لە حکومەتو نەهێشتنی گەندەڵیی‌و بێلایەن نەبوونی هێزەچەکدارەکان... کە وائیدیعاتان دەکرد کە سیستمی بەڕێوەبردنی هەرێم لەگەڵ پێشکەوتنی خەڵکی کوردستان ناگونجێت، ئایا ئێستاش ئێوە سورن لەسەر گۆڕینی ئەو دۆخەو سازشتان نەکردووە؟ وەک دەوترێت گوتاری سیاسیتان چڕکردووەتەوە لە ململانێی لایەنێکی سیاسیی؟.**

– بەڵێ بەردەوام دەبین لەسەر ئەو بەرنامەو سیاسەتەمان بۆ گۆڕینی ئەو دۆخەو هیچ سازشێکمان نەکردووە، ئەوە ئێمە نین گوتاری سیاسییمان چڕکردبێتەوە لەململانێی لایەنێکی سیاسییدا، بەڵکو ئەو لایەنە سیاسییەی کە باسی دەکەی هەموو تواناکانی خۆی چڕکردووەتەوە بۆ ململانێی توند دژی بزووتنەوەی گۆڕان.

**ڕۆژنامە: ئایا دەتوانن درێژە بەرەوتی گۆڕانخوازیی بدەن‌و ببنە نوێنەری گۆڕانخوازانی کوردستان؟**

– بۆ ئەوە هەوڵدەدەین‌و تێدەکۆشین.

**ڕۆژنامە: بەڕێوەبردنی کاروباری بزووتنەوەیەکی جەماوەری گەورەی وەک (گۆڕان) لەڕووی داراییەوە هەرواشتێکی ساناو ئاسای نییە، ئایا سەرچاوەی دارایی گۆڕان کوێیە؟ لەکاتێکدا هیچ بودجەیەکیش لەحکومەت وەرناگرن؟**

– هەر لەڕێی کۆمەکو هاوکاریی‌و یارمەتیی خەڵکو گۆڕانخوازانەوە بووە، لەئێستاداو بۆ ئەم هەڵبژاردنە کەوتووینەتە کۆمەک کۆکردنەوە.

**سەرچاوەی دارایی گۆڕان هەر لەڕێی کۆمەکو هاوکاریی خەڵکو گۆڕانخوازانەوە بووە، بۆ ئەم هەڵبژاردنەش کەوتووینەتە کۆمەک کۆکردنەوە**

**ڕۆژنامە: خەڵکی کوردستان چاوەڕوانی بارودۆخێکی ئاشتییانەو دۆستانەو پێکەوەژیانن، ئایا پەیوەندی ئێوە لەگەڵ حیزبو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان چۆنە؟ بۆچی ئەو بارگرژییەی نێوان ئێوەو یەکێتی نارەوێتەوە؟ ئایا ئێوە دەرگای گفتوگۆو پەیوەندیتان بەڕووی لایەنە ڕکابەرەکانتان داخستووە؟**

– بزووتنەوەی گۆڕان پشتیوانیی لەو چاوەڕوانییەی خەڵکی کوردستان دەکاتو لەچەند بۆنەیەکدا ڕایگەیاندووە، کە ئامادەیە بۆ گفتوگۆو پەیوەندیی لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسییەکان‌و ئێمە لە کوردستاندا پێکەوە دەژین دەبێ پێکەوە هەڵبکەین، با ململانێی سیاسیی‌و ناکۆکیی سیاسییمان هەبێ، بەڵام ناکرێ بەچاوی دوژمن سەیری یەکتری بکەین‌و هیچ لایەنێکی سیاسیی ناتوانێ لایەنەکەی دیکە لە کوردستان وەدەرنێ، ڕابردووش ئەوەی سەلماندوە.

**گوتاری سیاسییمان لەسەر کۆی سیستمی سیاسیی هەرێمە، نەک لایەنێکی سیاسی**

**ڕۆژنامە: ئێستا هەوڵێک هەیە بۆ یەکخستنی هێزەچەکدارەکانی هەرێم، بۆ ئەوەی لەژێر چنگی حیزب بێتە دەرەوەو تەسلیمی حکومەت بکرێت، ڕای ئێوە لەو بارەیەوە چۆنە؟**

– ئەو هەوڵە چوار ساڵە هەیەو کاری بۆ دەکرێ‌و هەموو یاسا پەیوەندیدارەکانی ئامادەکراون‌و پەرلەمانیش پەسندی کردوون، بەڵام جێبەجێ نەکراوە، پێموایە؛ متمانەو بڕیارو ئیرادەیەکی بەهێزی دەوێت بۆ جێبەجێکردنی.

**ڕۆژنامە: ئێوە وەک شارەزایەکی ئەو بوارە، کە پێشتر جێگری فەرماندەی گشتیی (ی.ن.ک)بوون، پێتانوایە؛ چ میکانیزمێک بگیرێتە بەر ئەو پرۆسەیە سەرکەوتوو دەبێت؟**

– ئێمە کە لە فەرماندەیی گشتیی بووین پێشنیازێکی باشمان لەو بارەیەوە پێشکەش کرد، هەمووشیان پەسەندیان کرد، بەڵام جێبەجێ نەکرا.

باشتروایە ئەو هێزی پێشمەرگەیەی ئێستا هەیە، بژارو پۆلێن بکرێ‌و هەر لە پێشمەرگەوە تادەگاتە سەر فەرماندەو ئەفسەر، ئەوکاتە ئەوەی مەرجەکانی سەربازو ئەفسەرێکی نیزامی تێدایە جیا بکرێتەوەو هێزێکی نیزامیی لێ دروست بکرێ‌و سەر بە وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە بێت، بە تەواوی یەک بخرێ لە هەموو ڕوویەوە، واتا لەڕووی فەرماندەیی کردن‌و یەکەی سەربازیی‌و مووچەو جلوبەرگو مەشق‌و پەروەردەو چەکو هەروەها ژمارەی هێزی پێشمەرگەش دیاریبکرێت کە ئەمەش یەکێکە لەگرفتەکان‌و دەبێتە هۆی کارئاسانییەکی تر بۆ چارەسەرکردنی گرفتی پێشمەرگە لەنێوان هەرێمو بەغدادا.

ئەوەی دیکەی، کە دەمێنێتەوە ئەویش ڕێکبخرێ بەهەمان شێوە، بەڵام وەکو هێزێکی پشتیوان‌و هەر سەر بەوەزارەتی کاروباری پێشمەرگە بێت، ئەوەشی کە لەناو ئەم هێزەدا جێی نابێتەوە خانەنشین بکرێت.

پێویستە کاری سیاسیی‌و ڕێکخستن لەناو هێزی پێشمەرگەدا نەکرێ‌و گوێ نەدرێتە لایەنی سیاسیی، بەڵکو تەنها لایەنی نیشتمانیی‌و نەتەوایەتیی‌و ئەمنیی لەبەرچاو بگیرێ کە پێموایە ئەوکاتە چارەسەری کێشەی نێوان هەرێمو بەغداش سەبارەت بەهێزی پێشمەرگە ئاسانتر دەبێت.

# د.عەبدوڵلا عالیاوایی: دەبێت یاسای لێپرسینەوە کوردستانیش بگرێتەوە

**سازدانی، هەستیار قادر**

**د. عەبدوڵلا عالیاوایی، ئەندامی لیژنەی لێپرسینەوەی دادپەروەریی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئاشکرایدەکات ئەوکەسانەی بەتۆمەتی بەعسی بوون ناویان لە لیستی پاڵێوراوانی هەڵبژاردن لادەبرێت تەنها رێیان پێنادرێت بەشداریی هەڵبژاردن بکەن‌و دەتوانن لەکاری سیاسی بەردەوام بن. عالیاوایی بەپێویستی دەزانێت یاسای لێپرسینەوەو دادپەروەریی هەموو عێراق بگرێتەوەو دەڵێت : «لەبەرئەوەی دۆسیەکانی کوردستان ئەوانەی پەیوەندیان بەبەعسەوە هەیە کاتی خۆی ئەمریکا چواردە تەنی لێ بردووە بۆیە بەبێ بەڵگە، دەستەی لێپرسینەوەو دادپەروەریی هەرێم هیچی پێناکرێت».**


د. عەبدوڵلا عالیاوایی

**رۆژنامە: رەخنە لەوە دەگیرێت کە بۆ پێشتر رێو شوێنەکانی دەستەی لێپرسینەوەو دادپەوەریی کارا نەبووە، لەگەڵ ئەوەی کە یاساکەی زیاتر لە ساڵێکە لە پەرلەمان دەرچووە؟**

* لەبەر هەندێک هۆکار یاساکە کاری پێ نەدەکرا، بەڵام دەستەکە هەر هەبوو، ئەم جارە لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا بەتەواوی کاری پێکراو لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی پێشووی عێراقیشدا کاری پێکراوە.

**رۆژنامە : بۆ پێشتر بەم توندییە کار بە یاساکە نەکرا؟**

* لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا، زۆر کەس ئەو یاسایە گرتییەوە، بەڵام زۆر باس نەکراو کپکرا، بەڵام لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەراندا گرنگترەو لەبەر هەندێک هۆکار دۆسیەکە تەقییەوە.

**رۆژنامە: ئایا هەڵبژاردنی پەرلەمان گرنگترە یان دەزگا ئەمنییەکان کە تائێستاش دەیان بەرپرسی مەترسیداری بەعسی تێدایەو یاساکە تێیدا بەکارنەبووە؟**

* ئەوە راستە، ئێمە وەک لیژنەی لێپرسینەوەو دادپەروەریی لە ئەنجومەنی نوێنەران چەندەها نووسراوی رەسمیمان بۆ هەردوو وەزارەتی ناخۆو بەرگری ناردووەو چەندینجار وەزیری بەرگریی هاتووەتە پەرلەمان، سوچەکە لەوانەوەیە، چونکە ئەوان یاسای لێپرسینەوەو دادپەروەریی جێبەجێ ناکەن، هەروەها لەبەرئەوەی دەستەی باڵای لێپرسینەوەو دادپەوەری ئەوکاتە پێک نەهاتبوو کە دەبوو دابمەزرێنرایەو لیستەکانی پەرلەمان لەسەری رێکبکەوتنایە کە تائێستاش لەسەری رێک نەکەوتوون.

**رۆژنامە: رەخنە لە دەستەی لێپرسینەوەو دادپەروەیی دەگیرێت بەوەی کە تائێستا لە پەرلەمان دەنگی پێ نەدراوەو شەرعیەتی نییەو کارەکانی تەنها بەرێکردنی کاروبارەکانە؟**

* نەخێر، ئەو دەستەیە بۆ بەرێکردنی کاروبار نییە، بەڵکو بەپێی یاسای لێپرسینەوەو دادپەروەریی، تا ئەو کاتەی پەرلەمان دەنگ لەسەر دەستەی نوێی دەدات، دەستە کۆنەکە کاردەکات‌و دەمێنێتەوە.

**رۆژنامە: بۆ دەستە نوێکە لە پەرلەمان دانەمەزرا؟**

*دەستە نوێکەو ئەندامە پاڵێوراوەکانی لەپەرلەمان دەنگیان نەهێنا.

**رۆژنامە: هەنێک لەو کەسایەتییانەی کە لە لیستی پاڵێوراواندا دەرکراون، کوردن‌و لەوانە، جەوهەر هەرکی‌و ئەرشەد زێباری‌و نەهرۆ عەبدولکەریم کەسنەزانی. ئایا لادانی ئەمانە لەبەر رۆشنایی راپۆتی تایبەت بووە، یان پەیوەندی هەبووە بە مێژووی کاری سیاسییان لە سەردەمی بەعسدا؟**

* نەخێر، ناویان هەبووە، نەهرۆ ناوی لە موخابەراتی عێراق هەبووەو جەوهەر هەرکیش ناوی لە دادگای تاوان لەسەر ئەنفال هەبووە، ئەرشەد زێباریش بە (ئەزلامولنیزام) حساب کراوە، بەوپێیەی لە کاتی دەسەڵاتی بەعسدا وەزیر بووە.

**رۆژنامە: چیتر رێ بەو کەسانە نادرێت، کاری سیاسیی بکەن؟**

* ئەمە تەنها بۆ هەڵبژاردنەو دەتوانن کاری سیاسیی خۆیان بکەن‌و تێبینییەکان لەسەر کەسایەتیەکانن نەک لەسەر حیزبەکەیان.

**رۆژنامە: باس لە هەوڵەکانی ئەمریکا دەکرێت بۆ دەستوەردان لە رێرەوەی لێکۆڵینەوەکانی دەستەی لێپرسینەوەو دادپەروەی‌و پاشگەزبوونەوە لە بریارەکانی تا بە بەرژەوەندیی سوننەکان بکەوێتەوە، ئەمە تاچەند راستبووەو تاچەند کاریگەریشی لەسەر بریارەکانتان هەبووە؟**

* ئەمریکا تەداخولی زۆری کرد لە رێگەی بەرپرسە عێراقییەکانەوە، بەتایبەت سەرۆک کۆمارو سەرۆک وەزیران‌و سەرۆکی پەرلەمانەوە، بەڵام رەتیانکردەوە، ئەمریکا زۆریشی هەوڵدا بۆ ساڵح موتڵەگ‌و ئەوانی تریش‌و تائێستا هیچی پێ نەکراوە.

**رۆژنامە: دەرهێنانی ساڵح موتڵەگ لە لیستی پاڵێوراواندا، بووە هۆی ئیدانەکرنی لەلایەن ژمارەیەک لایەنی عێراقیی‌و دەرەکییەوە، ئەم نارەزاییانە توانیان رۆڵ لەسەر ئەو بریارەی دەستەی لێپرسینەوەو دادپەوەری ببینن؟**

* نەخێر، تەنانەت کوتلە سونییەکانیش پێیان خۆشبووە کە ساڵح موتڵەگ لە لیستی پاڵێوراوان دەربکرێت، لەبەر ئەوەی دەنگەکانی دەگەڕێتەوە بۆ سوننەکان، بەوپێیەی ساڵح موتڵەگ بەعسی بووەو بەعسییەکان دەنگیان پێداوەو کوتلەکان تەنها ئیعلامییەن پێیان ناخۆشە.

**رۆژنامە: دەوترا، لادانی ساڵح موتڵەگ لە لیستی پاڵێوراواندا، لەبەر رۆشنایی راپۆرتێک بووە کە عارف تەیفوری جێگری سەرۆک پەرلەمانی عێراق بۆ دەستەی لێپرسینەوەی ناردووە، ئەمە کاریگەریی هەبووە لەسەر ئەو بریارە؟**

* بەڵی هۆکاری سەرەکیش بووە، موتڵەگ وتبوی، من چل بەعسی دەهێنمەوە پەرلەمان، بۆیە کاک عارف نووسراوێکی لەسەر نووسی.

**رۆژنامە: دەکرێت دەستەکە لێکۆڵینەوە لەسەر هەندێک دۆسیەی هەستیاری تر بکات، وەک دۆسیەی سیخوڕانی رژێم لە هەرێمی کوردستان، یان ئەوانەی دەستیان هەبووە لە شاڵاوی ئەنفالدا؟**

* دەبێت یاسای لێپرسینەوەو دادپەروەری هەموو عێراق بگرێتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی مەلەفاتی کوردستان لە بەغدا نین‌و کاتی خۆی ئەمریکا چوارده تەنی لێبردووەو ئەو مەلەفانەی کە پەیوندیی بە بەعسییەکانەوە هەبووە ئەمریکییەکان بردوویانە، بۆیە بەبێ بەڵگە، هیچت پێناکرێت.

**رۆژنامە: بریاری ئەم دەستەیە، بریاری کۆتاییە؟ دەکرێت هەڵبوەشێنرێتەوە؟**

* کەس ناتوانێت بریارەکانی دەستەی لێپرسینەوەو دادپەروەری هەڵبوەشێنێتەوە، یان جێبەجێی نەکات، بەڵام دەتوانن تانەی لێبدەن، ئەویش تەنها لەسەر ناوەکەی، ئەگەر لێکچوون هەبێت‌و دەتوانێت بەڵگەنامەی رەسمیی بهێنێت‌و هەڵەکەی راست بکاتەوە.

**رۆژنامە: مەترسی ئەوە نییە کە دوورخستنەوی بەعسییەکان لە پرۆسەی سیاسی لە رێگەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقەوە، وابکات کە پەنا بۆ هۆکاری تر ببەن؟ لێرەوە ئەگەری کودەتای سەربازیی کۆنە بەعسیەکان نییە بەسەر دەسەڵاتی سیاسی ئێستای عێراقدا؟**

* بەعس هەموو هەوڵێک دەدات، بەڵام کودەتای سەربازیی پێناکرێت، چونکە ئەمرۆ شیعەو کورد چەکیان بەدەستە، ئەگەر عەرەبە سوننەکان بە پشتیوانیی هاوکارەکانیشیان لە سوریاو بەعس کودەتای سەربازیی بکەن‌و کۆشکی سەرۆکایەتیش بگرن، چەند رۆژێک دەبێت‌و بەردەوام نابێت، لەبەرئەوەی چواردەوریان چەکداری عەشایەرەکان‌و سوپای بەدرو میلیشیای حیزبە شیعەکانی ترە، لەبەرئەوە ئەستەمەو لە لایەنی سیاسیشەوە ئێمە لە رێگەی دەستەی لێپرسینەوەو دادپەوەرییەوە رێمانلێگرتن، ئەگەر بەعسییەکان لە پەرلەمان بن، رۆڵی زۆر دەبینن کە بۆ کورد سلبی بوو کە نایەنە پەرلەمانیشەوە، ئەمە بۆ کورد زۆر باشە.

# لە دیموکراسییەوە بۆ سەقامگیریی

# ئەمجارە کێ ماسکی ئەمریکا دەپۆشێت؟

**راپۆرتی، هیوا جەمال**

ئەو درووشمە گەورانەی کە ئەمریکا پێش «داگیرکردنی» عێراق هەڵیگرتبوون، ئێستا وردە وردە پاشەکشێیان لێدەکات، بەتایبەت درووشمی (بە دیموکراسیکردنی عێراق).

ئەمریکا بەتایبەت باراک ئۆباما لە بانگەشەی هەڵبژاردندا بەڵێنی دا، کە لە عێراق دەکشێنەوە، بەڵام ئەم کشانەوەیەی ئەمریکا تەنیا لەڕووی سەربازییەوەیەو هەڵەیەکی گەورەیە ئەگەر بروا بکەین، کە ئەمریکاییەکان دەست لە وڵاتی ئاڵتوونی رەش‌و نەخشەیەکی ستراتیژیی لەناوچەکەدا هەڵدەگرن.

بەردەوام لە کاتە ناسکەکان‌و ساتەکانی بڕیارە چارەنووسسازەکاندا بۆ گەلی عێراق ئیدارەی ئەمریکی بێوچان دەستی وەرداوەتە کاروبارەکان، ئەم دەستوەردانەش بۆ هیچ کەسێک شاراوە نەبووە، دیارترین‌و نزیکترین دەستوەردانیش پەسەندکردنی هەمواری یاسای هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بوو، کە جگە لە باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق کە وەک عێراقییەکان دەیانوت: «خەمی تەندروستی باڵیۆزیان لێهاتبوو ئەوەندە هاتووچۆی کردبوو لەو ماوەیەدا» چەند بەرپرسێکی پایە بڵندی ولایەتەیەککگرتووەکانیش هاتنە عێراق‌و هەرێمی کوردستان.

لەماوەی رابردوودا عادل عەبدولمەهدی جێگری یەکەمی سەرۆک کۆمار سەردانی ئەمریکای کردو سەبارەت بە بارودۆخی عێراق بەتایبەت هەڵبژاردنی داهاتوو گفتوگۆی لەگەڵدا کرا، لەچەند رۆژی رابردووشدا مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم، بە دەعوەتی ئۆباما چووە واشنتۆن، بڕیارە لەماوەی نزیکی داهاتوودا (پێدەچێت دوای هاتنەوەی بارزانی بێت) تاریق هاشمی جێگری دووەمی سەرۆک کۆمار سەردانی ئەمریکا بکات.

هیچ لایەک نەیشاردووەتەوە، کە سەردانییەکانی ئەم سیاسیانەی عێراق‌و هەرێمی کوردستان، بە مەبەستی گفتوگۆیە سەبارەت بە هەڵبژاردنی داهاتوو، بەڵام خۆ هێشتا بانگەشەی هەڵبژاردنیش دەستی پێنەکردووە، پرسیار ئەوەیە کە گفتوگۆ لەبارەی چی هەڵبژاردنەوە دەکرێت؟

بەپێی لێکدانەوەی شارەزایانی بارودۆخی عێراق ئەمریکا دەیەوێت بەرژەوەندییەکانی بپارێزێت، بۆیە گفتوگۆکانیشی لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان هەر لەوبارەیەوە دەبێت.

سیاسەتمەدارێکی کورد لە بەغداوە بە رۆژنامەی راگەیاند: ئەمریکا دەیەوێت حکومەتێک دابمەزرێت لە عێراقدا، کە بەرژەوەندییەکانی بپارێزێت.

ئەگەرچی هیچ کەسێک لە سیاسییەکانی عێراق، وا خۆی پێناسە ناکات، کە کار بۆ بەرژەوەندیی ئەمریکا دەکات لە عێراقدا، بەڵام کەسیش ناتوانێت رایبگەیەنێت کە لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەدات، یان بێدەنگی لە پێشێلکردنی بەرژوەندییەکانی ئەمریکا دەکات، بەڵام سیاسەتمەدارەکە لەوبڕوایەدایە کە «هیچ کام لە سەرکردە سیاسییەکانی عێراق پیاوی ئەمریکا نین».

لەو روانگەیەوە ئەوەی بەدیدەکرێت ئێستا ئەمریکا لە عێراقدا پەیڕەوی سیاسەتی (رژێمی بووکە شووشە) دەکات، ئەمریکا بە دەموچاوێکی عێراقییەوە لەم وڵاتەدا حکوم دەکات.


تاریق هاشمی


جەلال تاڵەبانی


نوری مالیکی

(رژێمی بووکە شووشە) وەک ئەوەی ولیام ئەندرسن‌و گاریس ستاسفیلد لە کتێبی ئایندەی عێراق باسیانکردووە، وەک یەکێک لە رێگەچارەکانی دەرچوونی ئەمریکا لە عێراق دایانناوە، ئەگەرچی بە رێگە چارەیەکی پڕ کەموکورتیان وەسفکردووە، بەڵام ئێستا پیادە دەکرێت.

هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ کاڵکردنەوەی باڵادەستییەتی لە عێراقدا (بەڕووکەش) بۆ ئەوەی خەڵکی عێراق وا هەست نەکات لەژێر داگیرکاریی ئەمریکادایە، تا تێبگەن کە ئەمریکا دۆستی عێراقییەکانە.

ئێستا ئیدارەی ئەمریکا هەموو هەوڵەکانی خستووەتەگەڕ بەمەبەستی چەسپاندنی سەقامگیریی لە عێراقدا ناردنی سەرجەم پلەدارەکان‌و بانگرکردنی لایەنەسیاسییەکانی عێراقیش تەنیا بۆئەو مەبەستەیە.

لە کۆبوونەوەکانیدا لەگەڵ بەرپرسانی عێراق جۆ بایدن جێگری سەرۆکی ولایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا جەختی لەوە کردووەتەوە، کە ئەمریکییەکان دەیانەوێت هەڵبژاردنێکی بێگەردو شەفاف لەلای عێراقییەکان‌و جیهانیش ئەنجام بدرێت.

جۆ بایدن هاوکاریی‌و پشتیوانی ئەمریکاییەکانی بۆ عێراقییەکان سەبارەت بە هەڵبژاردن دووپات کردووەتەوە.

ئەم هەمووجەختکردنەوەیەی بەرپرسانی ئەمریکا سەبارەت بە هەڵبژاردنەکان بەدەر لەوەی، کە هەڵبژاردن وەک پرۆسیسێکی دیموکراسیی گرنگیی خۆی هەیە، سەبارەت بە ئەمریکییەکانیشەوە پاراستنی بارودۆخی عێراق لەهەمووی گرنگترە.

هەربۆیە تۆنی بلینکن، راوێژکاری بایدن بۆ کاروباری ئاسایشی نەتەوەیی، دەڵێت: «ترسی ئێمە سەبارەت بە چۆنییەتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنە، نەک ئەنجامەکەی».

بایدن کە خاوەنی بیرۆکەی دابەشکردنی عێراقە، لەوەتەی بووەتە جێگری ئۆباما وا دەردەکەوێت لەبەر سیاسەتی ئەمریکا وازی لەو بیرۆکەیە هێنابێت، بۆیە وەک مەحمود عوسمان وتی: لەماوەی سەردانەکانیدا بۆ عێراق هیچ کاتێک باسی بیرۆکەی دابەشکردنی عێراقی بۆ سێ هەرێم نەکردووە.

# وڵاتانی ناوچەکە ململانێکانیان دەخەنە هەڵبژاردنەکانی عێراقەوە



سیاسییەکانی عێراق نوێنەری خۆیانن، یان...؟

**راپۆرتی: ئیبراهیم عەلی**

چاودێرانی سیاسی پێیانوایە؛ ئەنجامدانی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی مانگی ئازار نەخشەی سیاسی عێراق دەگۆڕێت‌و هاوپەیمانێتییە سیاسییەکانی نێوان هێزو لایەنە عێراقییەکان گۆڕانی گەورە بەخۆیەوە دەبینێت، جگە لەوەی هەڵبژاردنەکان لە رووکەشدا ململانێی هێزە سیاسییەکانە، بەڵام ململانێ سەرەکییەکە لەنێوان هێزە ئیقلیمییەکاندایە، کە خۆی لە ململانێی (ئێران-ئەمریکا)و (ئێران-سعودیە) دەبینێتەوە

## جیابوونەوەکەی هاشمی

بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لە سەرچاوەیەکی ئاگادارەوە دەست رۆژنامە کەوتوون، جیابوونەوەی تاریق هاشمی لە حیزبی ئیسلامیی پەیوەستە بەو یارمەتییە مادییەی کە لە هەریەک لە میسرو سعودیە وەریدەگرێت‌و بەهۆی بەدەستهێنانی پشتگیریی لەو دوو وڵاتەش بە ئاسانی دەتوانێت ئەمریکا نزیکببێتەوە.

ئەو سەرچاوە ئاگادارە ئەوەی بۆ رۆژنامە خستەڕوو، کە بەر لە جیابوونەوەی هاشمی لە حیزبی ئیسلامیی، هەریەک لە میسرو سعودیە هاشمییان وەک رەمزی سوننە لە عێراق سەیرکردووە، بەڵام بەهۆی باگراوندە ئیخوانییەکەی هاشمی، نەیانتوانیوە وەک پێویست یارمەتی هاشمی بدەن، بۆیە ئەو دوو وڵاتە ئەوەیان بۆ هاشمی پێشنیازکردووە، کە لە حیزبی ئیسلامیی جیاببێتەوە، تا بتوانن یارمەتی بدەن‌و لە سیاسەتی دەرەوەشدا پشتگیریی تەواوی هاشمی دەکەن، میسرو سعودیە ئەوەیان بە ئاشکرا بە هاشمی راگەیاندووە، ئەوان یارمەتی هیچ پرۆژەیەکی ئیخوانیی نادەن‌و نایەنەوێت پرۆژە ئیخوانییەکان وەک پێویست گەشەبکەن، تاریق هاشمیش لەسەر پێشنیازی ئەو دوو وڵاتە بڕیاری جیابوونەوە لە حیزبەکەی دەدات‌و لیستێکی سەربەخۆ بۆ هەڵبژاردنەکان پێکدەهێنێت، دوابەدوای ئەمەش بە رێنمایی هەریەک لە میسرو سعودیەو پاشانیش ئەمریکا کۆبوونەوەی هاشمی‌و عەلاوی‌و موتڵەگ لە لیستێکدا بە ئامانجی ئەوەیە کە لە ئەنجومەنی نوێنەراندا بتوانن کۆتایی بە دابەشکردنی پۆستە سیادییەکان لەسەر بنەمای تایفیی بهێنن.

## دوورخستنەوەی موتڵەگ‌و رۆڵی ئێران

دوورخستنەوەی ساڵح موتڵەگ بە پاساوی بەعسیبوون لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ئەمساڵ، بەهێزیی پێگەی ئێران نیشاندەدات لە عێراق‌و بەشێکی زۆر لە وڵاتە ئەورووپییەکان لە رێگەی دەرکردنی بەیاننامەوە ئەم راستییەیان سەلماند، کە دیارترینیان بریتیبوو لە بەیاننامەکەی سەرۆکی لیژنەی نێودەوڵەتی بۆ گەڕان بەدوای دادپەروەریی لە یەکێتیی ئەورووپا، کە تیایدا نیگەرانیی یەکێتیی ئەورووپای دەربڕیبوو لە دوورخستنەوەی موتڵەگو لە بەیاننامەکەدا ئاماژە بۆ ئەوەش کرابوو؛ ئەم بڕیارە پلانێکی بەرنامە بۆ داڕێژراوی رژێمی ئێرانە، کە لەئەنجامی هەڵبژاردنی راستەقینە دەترسێت لە عێراق و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئازادو دیموکراسیی لە عێراق دەبێتە هۆی لادان‌و دوورخستنەوەی کەسانی نزیکی ئێران لە پۆستە حکومییەکان.

حەیدەر مەولا، وتەبێژی بەرەی دیالۆگی نیشتمانیی، بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەم دوورخستنەوەیە ئەجێندایەکی دەرەکیی لە پشتەو ئەم بڕیارە باجی هەڵوێستەکانمانە بەرامبەر بە دەستوەردانەکانی ئێران لە کاروباری عێراق».

## تورکیاو لیستە تورکمانییەکان

بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لە سەرچاوەیەکی نزیک لە بەرەی تورکمانییەوە دەست رۆژنامە کەوتوون، بەپێی رێنماییەکانی تورکیا، بەرەی تورکمانی لەم هەڵبژاردنەدا ستراتیژیەتێکی جیاواز پەیڕەودەکات، کە هەریەک لە لایەنەکانی لەگەڵ لیستێکی گەورە بەشداریی هەڵبژاردنی کردووە، ئەمەش بە ئامانجی ئەوەی بتوانێت زۆرترین خەڵکی تورکمان بباتە نێو هۆڵی پەرلەمانی عێراق.

بەپێی لێدوانی ئەو سەرچاوەیە، ئامانجی تورکیا لەم کارەی ئەوەیە کە بتوانێت زۆرترین کورسی پەرلەمانی بهێنێت، نەوەک تورکمانەکان بەهۆی جیاوازیی مەزهەبییەوە دەنگیان لەدەستبچێت یان پێگەیان لاواز ببێت، بەوپێیەی تورکمانەکان توانیویانە خۆیان بگونجێنن لەگەڵ لیستە شیعی‌و سوننییەکاندا.

هێزە تورکمانییەکان بەمشێوەیە بەسەر لیستە رکابەرەکان دابەشبوون (یەکێتیی ئیسلامیی تورکمانی لە چوارچێوەی ئیئتیلافی دەوڵەتی قانوون بەشداریی هەڵبژاردنی کردووەو بەرەی تورکمانی لە ئیئتیلافی عێراقیوندایەو پارتی تورکمان ئیلی لەگەڵ ئیئتیلافی نیشتیمانییەو حیزبی عەدالەش لەگەڵ بەرەی تەوافوقدایە)، بەرەی تورکمانی لە شارەکانی هەرێمی کوردستانیش تەنیا لە هەولێر بەشداریی هەڵبژاردنیان کردووە بەناوی لیستی بەرەی تورکمانی عێراقی بە سەرۆکایەتی ئایدن مەعروف، لەنێو لیستی هاوپەیمانیش لە هەولێر دوو لیستی تورکمانی هەیە بەناوی لیستی هەولێری تورکمانی‌و لیستی لیبراڵی تورکمانی بە سەرۆکایەتی سامی شەبەک، ئەمە لەکاتێکدایە کە لیستی هاوپەیمانیی لە کەرکوک هیچ هێزێکی تورکمانی بەشداریی پێنەکردووە لە لیستەکەیدا، لەگەڵ ئەوەی هێزی تورکمانەکان لە عێراق لە کەرکوکە.

سامی شەبەک، سکرتێری بزووتنەوەی لیبراڵی تورکمانی، لە لێدوانێکیدا بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئێمە نیگەرانین لەوەی کە پارتی‌و یەکێتی لە کەرکوک، کە رێژەیەکی زۆری تورکمانی لێیە هیچ تورکمانێکیان کاندید نەکردووە». بە بڕوای سامی شەبەک پارتی‌و یەکێتی بەم کارەیان زیانێکی گەورەیان بەردەکەوێت‌و پێیوایە؛ رێژەیەکی زۆری دەنگیان لە کەرکوک لەدەستدەچێت».

## شیعەو بەڵێنی سەرۆک کۆماریی

تاڵەبانی لەم قۆناغەدا دەیەوێت وەک سەرۆک کۆمار بمێنێتەوەو ئەو پۆستە سیادییەی لە دەستنەچێت، لەم پێناوەشدا چەندین کۆبوونەوەی نهێنیی لەنێوان حیزبەکەی‌و هێزە سەرەکییە شیعییەکان ئەنجامداوە لەلایەک‌و لەلایەکی دیکەوە ئێران بەباشی دەزانێت کە ئەمجارەش تاڵەبانی وەک سەرۆک کۆمار بمێنێتەوە، بۆئەوەی ئەم پۆستە نەدرێت بە کەسێکی عەرەبی سوننی. وەرگرتنی پۆستی سەرۆک کۆماریش لە عێراقدا پەیوەستە بە پشتگیریی هێزە شیعییەکانی نێو ئەنجومەنی نوێنەران‌و لەم رووەشەوە هەندێک لە چاودێران لە هەرێمی کوردستان‌و عێراق پێیانوایە؛ تاڵەبانی بەڵێنی تەواوی وەرگرتووە بۆ وەرگرتنەوەی ئەم پۆستە.

# بەغدا سیاسەتێکی دووفاقی بەرامبەر بەعسییەکان پەیڕەودەکات

**راپۆرتی: شاڵاو فەتاح**



لەکاتێکدا بەرپرسانی عێراق هەوڵی گفتوگۆ لەگەڵ چەکدارە بەعسییەکانی دەرەوەی وڵات دەدەن بۆئەوەی دووبارە بێنەوە ناو پرۆسەی سیاسیی، سەدان کاندید لە هەڵبژاردنەکانی ئازاری ئەمساڵ بێبەشکران بە تۆمەتی بوونی پەیوەندیی بە حیزبی بەعسی یاساغکراو لە عێراقدا.

ئەم کێشەیە بووە هۆی نیگەرانکردنی زۆرێک لە ناوەندە سیاسییە ناوخۆیی‌و دەرەکییەکانی عێراق، چونکە دوور نییە ببێتە هۆی شێواندنی پرۆسەی سیاسیی لە عێراق‌و دووبارەبوونەوەی کێشەی تایفیی، بەرپرسانی عێراقیش ئاماژە بەوە دەدەن؛ دوور نییە ببێتە هۆی دواخستنی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەو وڵاتە. ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا راستەوخۆ بە رێگەی دیبلۆماسی هەوڵی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە دەدات، هەربۆیە (٢٢)ی ئەم مانگە، جۆ بایدنی جێگری سەرۆکی ئەمریکا، گەیشتە عێراق بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکە. سەردانەکانی پێشووی بایدن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم‌و بەغدا بوو، هەربۆیە بە فشارخستنەسەر هەرێم زۆرینەی کێشەکان چارەسەر دەبوون، بەڵام ئەمجارە هەرێم لایەنێک نییە لە کێشەکە، هەربۆیە چارەسەرکردنی کێشەکە پێدەچێت ئاسان نەبێت.

لیستی رەشی کاندیدە یاساغکراوەکان (٥٠٠) کاندید لەخۆدەگرێت، لەنێویاندا ساڵح موتڵەگی فیگەری دیاری سوننە، ئەمەش بووەتە هۆی دروستکردنی پشێویی لەنێوان حکومەتی زۆرینە شیعەو سوننەی عێراقدا، هەرچەندە مالیکی رەتیدەکاتەوە کە سوننە کرابێتە ئامانجی یاساغکردن.

لەبارەی سەردانەکەی بایدنەوە هۆشیار زێباری، وەزیری دەرەوەی عێراق، بە ئاژانسی فرانس پرێسی راگەیاند: سەردانەکەی بایدن بۆ «رزگارکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن»ە لە عێراقدا.

دواتر زێباری لەبارەی مەترسیی لیستی رەشەوە دەڵێت: «ئەگەر بڵاوکردنەوەی دوایەمین ڤێرژنی لیستی رەش دوابخرێت، ئەوە کاریگەریی دەبێت بۆ سەر کشانەوەی ئەمریکا لە عێراق».

ئەم کێشەیە بووەتە هۆی ئەوەی بایدن راستەوخۆ پەیوەندیی بە چەندین کەسایەتی عێراقییەوە بکات بۆ چارەسەرکردنی‌و سازشپێکردنی لایەنە جیاوازەکان، بەتایبەت تاڵەبانی سەرۆک کۆمار، بەڵام هێشتا فەرەج حەیدەری، سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراق، دەڵێت: «ناوی کاندیدی زیاترمان لایە بۆ یاساغکردن». ئەمە جگە لەوەی حکومەتی عێراق رایگەیاند، کە کاندیدە یاساغکراوەکان پێویستە ئیدانەی کارەکانی بەعس‌و رژێمی پێشوو بکەن بۆئەوەی دووبارە لەلایەن کۆمەڵگەوە قبووڵ بکرێن، بێ باسکردنی ئەگەری بەشداریکردنیان لە کاری سیاسیدا.

فەرەج حەیدەری رەتیدەکاتەوە، کە تەنیا سوننەکان بووبنە ئامانجی یاساغکردن‌و ئاماژە بەوە دەدات؛ لە زۆرینەی پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق پشکی خۆیان بەرکەوتووە، لەوانە سوننەو شیعەو کورد. حەیدەری رەتیکردەوە، کە حکومەت بتوانێت کاندیدەکان بگەڕێنێتەوە بۆ کاری سیاسیی‌و ئاماژەی بەوەدا؛ تەنیا «دادگای باڵا» دەتوانێت بڕیاردەر بێت. هەربۆیە سەرۆک کۆمار پەیوەندیی کرد بە دادگای باڵاوەو بەپێی وتەی فوئاد حسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش مەسعود بارزانی سەردانی واشنتۆنی کرد بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی کێشەکانی هەڵبژاردنی داهاتوو.

لەلایەکی دیکەوە، بەرپرسانی حکومەتی عێراق رایدەگەیەنن، کە لەگەڵ چەکداران‌و بەعسییەکاندا لە وڵاتە دراوسێکانی عێراق کۆبوونەتەوە بۆ بەشدارییپێکردنەوەیان لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا. عەبدولحەلیم ئەحمەد، وتەبێژی کۆمیتەی ئاشتبوونەوە، لەبارەی کۆبوونەوەکانەوە دەڵێت: «وەزارەتی دیالۆگی نیشتمانی چەند کۆبوونەوەیەکی لە وڵاتانی سووریاو ئەردەن‌و ئیماراتی عەرەبی لەگەڵ گرووپە یاخییەکاندا ئەنجامداوەو سەرۆکی کۆمیتەی ئاشتبوونەوەش لە دیمەشق لەگەڵ بەعسییەکاندا کۆبووەتەوە بە نیازی رازیکردنیان بۆ چەکدانان‌و بەشدارییپێکردنەوەیان لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا».

ئەحمەد دووپاتیکردەوە، کە هەندێک لەو بەعسیانەی کۆبوونەوەیان لەگەڵدا کراوە ئامادەیی خۆیان پیشانداوە بۆ گەڕانەوە بۆ عێراق‌و «هێڵی پەیوەندیش تائێستا کراوەیە» لەگەڵیاندا.

سەلمان جومەیل، پەرلەمانتاری عێراق لەسەر لیستی ئەیاد عەلاوی، سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق پێیوابوو؛ پێویستە دەرس لە کوردەکان لە گەڕاندنەوەی بەعسییەکاندا وەربگیرێت. ئەو دەڵێت: دەبێت دەرسێک لە سەرکردە کوردییەکانەوە فێربین، کاتێک بەعسییە کوردەکانی پێشوویان گەڕاندەوە، لەکاتێکدا ئەوان بەرپرسی پایەبەرزی حیزبی بەعس بوون‌و تەنانەت وەزیری رژێمی پێشووشیان تێدابوو، بەڵام ئێستا ئەندامی بلۆکی پەرلەمانی کوردین. ئەم گفتوگۆیانە لەکاتێکدا ئەنجامدەدرێت، کە زیاتر لە (٥٠٠) کاندید کاری سیاسییان لێ یاساغکراوە بە تۆمەتی بوونی پەیوەندیی لەگەڵ حیزبی بەعسی یاساغکراو و «ئەنجامدانی تاوان».

**زانیاریی لە «AFP»و «رادیۆ فری یوروپ» وەرگیراوە**

## ستراتیژیەتی لیستی جیاوازیان هەڵبژارد

# لایەنە تورکمانییەکانی کەرکوک دەچنە ناولیستەکانی دیکەوە

راپۆرتی هەستیار قادر

بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو تورکمانەکانی کەرکوک کۆتایی بە سەردەمی یەکلیستیی «بەرەی تورکمانی» دەهێنن و بەسەر لیستە عێراقییەکانی دیکەدا دابەشدەبن، بەرپرسانی ئەو حیزبانەش پێیانوایە؛ ئەزموونی یەکلیستیی زیانی پێگەیاندوون و ئەمجارە ستراتیژیەتی فرەلیستییان پێباشتربووە تا زۆرترین نوێنەریان لە پەرلەمانی داهاتوودا هەبێت.

هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ تورکمانەکانی کەرکوک دەبێتە یەکێک لە قۆناغە گرنگەکانی کاری سیاسیی، کە دەشێت تواناکانی خۆیانی تیادا ئەزموون بکەن بەو ئاراستەیەی هێزی راستەقینەی خۆیان لە کەرکوکەوە ببەنە بەغدا.

لە هەڵبژاردنی ساڵی (٢٠٠٥)ی پەرلەمانی عێراقدا چوار حیزبی تورکمانی بە نوێنەرایەتی تورکمانەکانی عێراق لە چوارچێوەی بەرەی تورکمانیدا بەشدارییان لەو هەڵبژاردنەدا کردو تەنیا یەک کورسییان بەدەستهێنا، بەرەی تورکمانی، کە لە هەریەک لە حیزبەکانی تورکمان ئیلیو حیزبی عەدالەی تورکمانیو بزووتنەوەی ئیسلامیی تورکمانیو حیزبی قەراری تورکمانی پێکدەهات، لەساڵی (٢٠٠٨)دا هەڵوەشایەوەو بەرەی تورکمانی تەنیا وەک بزووتنەوەیەکی دیکەی سیاسیی مایەوە نەک بەرەیەک کە چەند لایەنێک لەخۆبگرێتو لەوێشەوە بیرۆکەی فرەلیستیی لەنێو لایەنە تورکمانییەکاندا سەریهەڵدا، بەشێوەیەک کە هەر حیزبەیان پەنایان بردە بەر لیستە جیاوازەکانی عێراقیەو تەوافوقو ئیئتیلافو دەوڵەتی یاسا.


تەحسین کەهیە


حەسەن تۆران


جەمال شان


ریاز ساری کەهیە

ریاز ساری کەهیە، سەرۆکی حیزبی تورکمان ئیلی، پێیوایە؛ هەڵبژاردنی فرەلیستیو پەنابردنە بەر لیستە عێراقییەکانی دیکە لەو روانگەیەوە بووە کە حیزبە تورکمانییەکان بەشێوەیەکی پێویست رێکخراونین تابتوانن لەیەک بەرەدا شەری هەڵبژاردن بکەنو دەرئەنجامی باشیان هەبێت. بە رۆژنامەشی راگەیاند: «گەیشتووینەتە ئەو بڕوایەی کە باشتروایە لە رێگەی لیستە نیشتمانییەکانی دیکەی عێراقەوە بەشداریی هەڵبژاردن بکەین».

هەندێکی دیکەش لە لایەنە تورکمانییەکان پێیانوایە؛ فرەلیستیی سیاسەتو ستراتیژییەتێکی نوێی هەڵبژاردنە، کە تورکمانەکان لە بری یەکلیستیی هەڵیانبژاردووە.

جەمال شان، سەرۆکی حیزبی نیشتمانیی تورکمانی، بە رۆژنامەی راگەیاند: «بڕیاردان لەسەر فرەلیستیی لەلایەن حیزبە تورکمانییەکانی کەرکوکەوە سیاسەتێکی نوێیە، بەوپێیەی بوونی یەکلیستیی تورکمانی ناتوانێت ژمارەیەکی زیاتری تورکمانەکان لە هەڵبژاردنی داهاتوودا بباتەوە، کە بەهێندەی رێژەی تورکمانی عێراق بێت».

جەمال شان ئاماژەی بە چەند مەترسییەکی دیکەی یەکلیستیی کرد، کە بە تێڕوانینی ئەوان یەکلیستیی دەیانخاتە گێژاوی رکەبەرایەتی دووبەرەییەوە لەگەڵ لیستە نەتەوەییەکانی دیکەی کەرکوکو روودانی ساختەکاریی، کە بە وتەی ئەو بەرپرسە لە هەڵبژاردنی پێشوودا لە دژیان ئەنجامدراوە. وتیشی: «دابەشبوونی لایەنە تورکمانەکان بەسەر لیستەکانی دیکەداو کارکردن بە سیستەمی لیستی نیمچەکراوە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا دیموکراسیترەو ئەوکات تورکمانەکانیش دەتوانن باشترین نوێنەری خۆیان هەڵبژێرن ئەگەر لەناو لیستەکانی دیکەشدا بێت».

دابەشبوونی لایەنە تورکمانەکان بەسەر لیستەکانی دیکەدا بە رای بەرپرسێکی دیکەی بەرەی تورکمانییەوە، هەنگاونانە بەرەو ئاقارێکی دیکەی ململانێی هەڵبژاردن. د.تورهان موفتی، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لەسەر بەرەی تورکمانی، بە رۆژنامەی راگەیاند: «دابەشبوونی تورکمانەکان بەسەر لیستەکانی دیکەدا هەنگاوێکی نوێیە بۆ کۆتاییهێنان بە لیستی تایفیو نەتەوەییو لە بارودۆخی ئێستای کەرکوکیشدا ناتوانین بە تەنیا رووبەڕووی هێزەکانی دیکە ببینەوەو پێویستمان بە لیستی بەهێزی دیکە هەیە پشتگیرمان لێبکات».

هاوکات حەسەن تورهان، جێگری سەرۆکی حیزبی عەدالەتی تورکمانیو ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، پێیوایە؛ ئەمجارە تورکمانەکان بە ستراتیژییەتێکی نوێوە بەشداریی هەڵبژاردن دەکەن، بەڵام دەشێت سیاسەتی یەکلیستیی لە ناوچە تورکمانەکانی دەرەوەی کەرکوک پیادەبکەن بۆ بەدەستهێنانی دەنگو جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە، کە فرەلیستیی رێ لە بوونی یەک گوتاری سیاسی هاوبەشی تورکمانەکان ناگرێت لە پەرلەمانی داهاتووی عێراقدا.

ترس لە دۆڕاندن یەکێکە لەو خوێندنەوانەی کە بۆ هەڵبژاردنی فرەلیستیی تورکمانەکانی کەرکوک دەکرێت، بەڵام تەحسین کەهیە، سەرۆکی حیزبی ئیئتیلافی ئیسلامیی تورکمانی، رەتی دەکاتەوەو پێیوایە؛ فرەلیستیی تورکمانەکان زیاتر پەیوەندیی بە فرەنەتەوەیی کەرکوکەوە هەبووە، کە ئەو بڕوایەی لەلای حیزبە تورکمانەکان دروستکردووە کە گرنگی بوونی پەیوەندیی لەگەڵ سەرجەم لیستە نیتشتمانییەکانی دیکەی عێراقدا دروستکردووە.

**دابەشبوونی تورکمانەکان بەسەر لیستەکانی دیکەدا هەنگاوێکی نوێیە**

**بۆ کۆتاییهێنان بە لیستی تایفیو نەتەوەییو لە بارودۆخی ئێستای**

**کەرکوکیشدا ناتوانین بە تەنیا رووبەڕووی هێزەکانی دیکە ببینەوەو**

**پێویستمان بە لیستی بەهێزی دیکە هەیە پشتگیرمان لێبکات**

## ڕێبوار تاڵەبانی: بەو ئالیەتەی ئێستا کاری پێدەکرێت

# چارەسەرکردنی کێشەی موڵکداریی کەرکوک (٤٠) ساڵ دەخایەنێت

راپۆرتی، پشتیوان سەعدوڵلا

جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک پێیوایە، دۆخی سیاسیی کەرکوک زۆر ناسکەو دانیشتوانە ئاوارەکەی دواخستنی چارەسەرکردنی کێشە موڵکدارییەکان لەوە زیاتر قبوڵناکات، باس لەوەش دەکات، دواخستنی ئەو مەسەلەیە زیانێکی زۆر بە کەرکوک دەگەیەنێتو لە ئایندەدا دەبێتە مەترسیی بۆ سەرهەڵدانی کێشەی ناوخۆیی.

ڕێبوار تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بە رۆژنامەی راگەیاند: دۆخی سیاسی کەرکوک زۆر ناسکەو ئەوە هەڵناگرێت چارەسەرکردنی کێشەکانی موڵکداریی دوابخرێن، دواخستنی ئەو مەسەلەیە زیانێکی زۆر بە کەرکوک دەگەیەنێتو پێدەچێت لە ئایندەدا مەترسی گەورە دروستبکاتو ئەوانەی زەوییان داگیرکراوە بە رێگەی نایاسایی زەوییەکانیان وەربگرنەوەو ئەوەش کێشەی ناوخۆیی لێدەکەوێتەوە.


ڕێبوار تاڵەبانی

پێکهاتەکانی پارێزگای کەرکوک بەتایبەت کوردەکان نیگەرانن لە چارەسەرنەکردنی کێشەی موڵکداریی لە سنووری پارێزگای کەرکوک لە کاتێکدا ماوەی (٧) ساڵە کار بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە دەکرێت، بەمەبەستی دۆزینەوەی میکانیزمی چارەسەرکردنی کێشەی موڵکدارییو هەمبوارکردنەوەی یاسای دەستەی چارەسەری کێشەی موڵکداریی دەکات.

هەفتەی رابردوو وەفدێکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک سەردانی بەغدایان کردو بۆ هەمان مەبەست لەگەڵ ئەیاد سامەرایی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا کۆبوونەوە و هیچ دەرەنجامێکی ئەوتۆی نەبوو.

تاڵەبانی ئاماژەی بەوە کرد ئێمە وەکو ئەنجومەن لە کۆتایی مانگی رابردووەوە لەگەڵ یونامیدا لیژنەکەیەکمان پێکهێناوە، هەفتەی رابردووش بە مەبەستی پێشکەشکردنی پێشنیازی پێکهاتەکانی نێو ئەنجومەنو هەمبوارکردنەوەی یاسای دەستەی چارەسەری کێشەی موڵکداریی سەردانی ئەنجومەنی نوێنەرانمان کردو لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەندا کۆبووینەوەو پێشنیازی خۆمان پێشکەش بە سەرۆکی ئەنجومەن کرد، هەر لەو دانیشتنەدا داوامان لە سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران کرد پەلەبکرێت لە هەمبوارکردنەوەی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٠٦)ی دەستەی چارەسەری کێشەی موڵکداریی.

لەماوەی (٧) ساڵی رابردوودا لە کەرکوک نزیکەی (٤٥) هەزار سکاڵا پێشکەش بە دەستەی باڵای چارەسەرکردنی کێشەی موڵکداریی کراوە، بەڵام تائێستا ئەو دەستەیە (٥٪) کارەکانی نەکردووە. هاوکات بە بۆچوونی چاودێران هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئالیەتی کارکردنی دەستەکە.

هەروەک جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک ئەوە دەخاتەروو، راستە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی موڵکداری دەستەیەکی باڵا دروستکراوە، بەڵام ئالیەتی کارکردنی ئەو دەستەیە زۆر خاوەو بەتایبەتی لە پارێزگای کەرکوک کە زیاتر لە (٤٠) هەزار کەیسی موڵکداری هەیە، ئەگەر بەو ئالیەتەی ئێستا کاربکات (٤٠) ساڵی تری دەوێت تا کەیسەکان یەکلاییەدەکرێتەوە.

وەفدەکەی پارێزگای کەرکوک لە سەردانەکەیاندا پێشنیازێکیان سەبارەت بە هەمبوارکردنەوەی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٠٦)ی دەستەی چارەسەری کێشەی موڵکداریی کردو داوای بە زوویی هەمبوارکردنەوەی یاساکەیان کرد.

ڕێبوار تاڵەبانی وتی «هەرچەند تائێستا ئەنجومەنی نوێنەران دوو خوێندنەوەی بۆ یاسای کێشەی موڵکداریی کردووەو تەنها پەسەنکردنەکەی ماوە، بەڵام سەرۆکی پەرلەمان پێی راگەیاندین کە کاتیان بەدەستەوە نەماوەو بۆیە هەمبوارکردنەوەکە دەکەوێتە ئەستۆی پەرلەمانی داهاتوو».

باسی لەوەش کرد بەپێی یاساکە بۆ هەر کەیسێکی موڵکداریی دوای بڕیاردان لەسەری، وەزارەتەکان مافی تانەلێدانیان هەیە، ئەویش کاتێکی زۆری پێدەچێتو دەبێتەهۆی بە سستی بەڕێوەچوونی کارەکان، ئێمە پێشنیازمانکرد ئەو تانەلێدانە نەمێنێت، هەروەها داوای کەمکردنەوەی ژمارەی قازی دادگای تەمیزمان کردووە، کە ژمارەیان (٧) قازییە.

# هایتی، تاقانە بێنازەکەی مێژوو

**راپۆرتی، شاڵاو فەتاح**

ئەوەی کە هایتی کردووەتە وڵاتێکی تاقانە، ئەو زەمینلەرزە بەهێزە بوو کە تەواوی وڵاتەکەی تێکدا، بەڵام لە راستیدا ئەم وڵاتە تەنیا بوونی زەمینلەرزەی بەهێز نەیکردووەتە تاقانە، بەڵکو چەندەها تایبەتمەندیی هەیە، کە لە هیچ وڵاتو نەتەوەیەکی دیکەی سەر رووی زەویدا نییە، ئەو تایبەتمەندییانەش هەندێکیان سروشتینو هەندێکیان مرۆییین، ئەوەی کە لە نێو تایبەتمەندییەکاندا هاوبەشە، ئەوەیە بەگشتیی بوونەتە هۆی بێنازیی ئەم وڵاتەو زەرەرو زیانێکی زۆریان لێداوە، بەشێوەیەک کارەساتە سروشتییەکان هەمیشە مەترسیی بوون بۆ سەر ژیانی خەڵکی ئەم وڵاتەو زەرەرو زیانێکی زۆریان لێداوە، کارەساتە مرۆییەکانیش بەهەمانشێوە بوونەتە هۆی ئەوەی دوژمنی زۆری لە دەرەوە بۆ پەیدابێت، ئەمەش وایکردووە کە لە مێژوودا کارەساتەکان بە نۆرە ئەم وڵاتە جارِس بکەن.


کۆشکی کۆماریی، پێش کودەتا، سروشت روخانی

## تاقانەیی هایتی

کۆماری هایتی دووەم گەورە وڵاتێکی کاریبییە، لەگەڵ کۆماری دۆمۆنیکانداو لەنێوان هەردوو کیشوەری ئەمریکا دورگەیەکی گەورە پێکدەهێنن، کە دورگەی (ئیسپانیۆلا)یەو دەکەوێتە باشووری خۆرهەڵاتی کوباوە. کریستۆفەر کۆڵۆمبس لەساڵی (١٤٩٢) ئەم دورگەیەی دۆزییەوە، بەڵام لەساڵی (١٦٩٧) فەرەنسا کۆتایی بە حوکمی ئیسپانیا هێناو لەساڵی (١٨٠٤) کۆتایی بە حوکمی فەرەنساش هات. زۆرینەی خەڵکی هایتی بە زمانی کریۆڵ دەدوێن، کە لەگەڵ زمانی فەرەنسیدا بە دوو زمانی رەسمیی ئەو وڵاتە دادەنرێن. پایتەختی هایتی پۆرتۆپرێنسەو (٩٥٪)ی دانیشتووانی رەشپێستن، (٥٪)ی دیکە مولاتۆو سپی پێستن. ژمارەی دانیشتووانی نزیکەی (١١) ملیۆنەو زۆرینەیان مەسیحی (کاسۆلیکیو پرۆتستانت) و ڤودوون. هایتی بە وڵاتێکی تایبەت دادەنرێت لە ناوچەکەدا لەبەر چەند هۆیەک، یەکەمین وڵات بوو کە سەربەخۆیی بەدەستهێنا لە ئەمریکای لاتیندا. یەکەم وڵات بوو لەلایەن رەشپێستەکانەوە بەرێوەببرێت لەدوای کۆلۆنیالیزم، تاکە وڵاتێکیشە کە یاخیبوونی کۆیلەکان بووەتە هۆی سەربەخۆبوونی، تاکە وڵاتێکیشە لە هەردوو ئەمریکادا کە زمانی فەرەنسی زمانی زۆرینە بێت، جیا لە کەنەداو هایتی هیچ وڵاتێکی دیکە لەو ناوچەیەدا زمانی فەرەنسی بە فەرمیی ناناسێت.

## مێژووی هایتی

کاتێک شۆرِشی فەرەنسی دروستبوو، زۆرێک لە وڵاتانی جیهان کەوتنە ژێر کاریگەریی ئەو شۆرِشەو داواکانییەوە، هایتیش یەکێک بوو لەو وڵاتانە، بەڵام جیاوازیی ئەم وڵاتە لەگەڵ زۆرێک لە وڵاتانی دیکەدا ئەوەبوو، کە شۆرِشی لە خودی خاوەنداری شۆرِش (واتە فەرەنسا) کرد، جیاوازییەکی دیکە ئەوەبوو، کە کۆیلەکان لە هایتی راپەرِینو توانییان شۆرِش سەربخەن، ئەمە لەکاتێکدا کە ناپلیۆن پۆناپارت جڵەوی دەسەڵاتی لەدەستدابوو، زۆرێک لە وڵاتانی جیهان ترسی ئەوەیان هەبوو گشت دنیا داگیربکات، بەڵام هایتییەکان توانییان لەساڵی یەکی کانوونی دووەمی (١٨٠٤) سەربەخۆیی لە فەرەنسییەکان بەدەستبهێنن، دوای (١١)ساڵیش یارمەتی سیمۆن بۆلیڤاری شۆرِشگێری ئەفسانەییان دا لەدژی ئیسپانییەکان.

دواترو لەساڵی (١٩١٥)دا ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا هایتی داگیرکردو داگیرکارییەکەش تا ساڵی (١٩٣٤) بەردەوام بوو، کاتێکیش بەجێیهێشت، دیکتاتۆرێکی کردە دراوسێی، کە دەستیکرد بە جینۆسایدی هایتی. رافایل تروجیلۆی دیکتاتۆری هایتی لەساڵی (١٩٣٧)دا پەیرەوی (ئەنتی هایتینیزم)ی کردو فەرمانی بە سەربازەکانی دا، کە خەڵکی هایتی بکوژن، ئەوانیش (١٠ – ٢٠) هەزار هاوڵاتی رەشپێستیان کوشت.

## سروشت هایتی بەدبەخت دەکات

ریچارد ئۆلسۆن، پرۆفیسۆری زانکۆی نێودەوڵەتی فلۆریدا، هایتی بە کارەستبارترین وڵات دەزانێت لە مێژووی نیوەگۆی خۆرئاوای زەویدا، پێیوابوو؛ هایتی وڵاتێکە بەردەوام گیرۆدەی چەند کارەساتێکی سروشتیو کۆمەڵایەتییە. ئۆلسۆن دەڵێت: «بەردەوام چەند شتێک لە دژی هایتی کاردەکەن، یەکێکیان زریانە، یەکێکی دیکە بوومەلەرزەیە، دواتر پیسبوونی ژینگەو برسێتیی». بوومەلەرزەکەی ئەم مانگەی هایتی تەنیا رووداوی سروشتی نەبوو، بەڵکو تەنیا لە سەدەی بیستویەکەمدا ئەم وڵاتە رووبەرِووی چەندین کارەساتی سروشتیی بووەتەوە، لەساڵی (٢٠٠٨)دا زریانێک بووە هۆی کوشتنی (٨٠٠) کەس، ئەمە جگە لە زریانی زۆر بەهێز لە ساڵانی (٢٠٠٥و ٢٠٠٤)دا. جگە لەمەش لافاو لە ساڵانی (٢٠٠٧و ٢٠٠٦و ٢٠٠٣و ٢٠٠٢) دروستبووە. رووداوی بوومەلەرزەکە پانزەیەم کارەساتی سروشتییە لەدوای (٢٠٠١)وەو لەو وڵاتەدا کە ئاژانسی ئەمریکا بۆ گەشەپێدانی نێودەوڵەتی هاوکاریی مادیی ناردبێت.

## سەردەمی دیکتاتۆرییەت (١٩٥٧–١٩٨٦)

لەپاش ململانێیەکی زۆر لەگەڵ کۆماری دۆمۆنیکانی دراوسێیو هێزە کاتییەکانی ئەمریکا لە ناوەرِاستی سەدەی بیستەمدا، هایتی هیوایەکی زۆری لەسەر هەڵبژاردنی وەزیری پێشووی تەندروستی فرانکۆس دوڤالێر (پاپا دۆک «باوە دکتۆر») بیناکرد، بەڵام ئەم سەرکردەیە نە مرۆڤدۆست بوو نە خزمەتگوزار، بەڵکو هەر هێندەی دەسەڵاتی گرتە دەست پێگە دیکتاتۆرییەکەی خۆی بەهێزکردو ژمارەی ئەوانەی لە سەردەمی حوکمی ئەودا تیرۆرکراون بە (٣٠) هەزار کەس دەخەمڵێنرێت، لەوەش زیاتر هەڵاتن بۆ دەرەوەی وڵات. لە پاش مەرگی دیکتاتۆریش کورِە نۆزدە ساڵەکەی جان کلود، کە پێی دەوترا (بەیبی دۆک «کورِە دکتۆر») جێگەی گرتەوە، کورِە لاوەکەشی هەمان سیاسەتی باوکی لە چەوساندنەوەو گەندەڵیی پەیرِەوکرد، تا ئەوەبوو لەساڵی (١٩٨٦)و لەژێر فشاری ئیدارەی ریگاندا لەو وڵاتە هەڵات، بەڵام دوڤالێرو کورِەکەی میراتێکیان لە گەندەڵییو هەژاریی بۆ هایتی بەجێهێشت، کە تائێستاش نەتوانراوە چارەسەربکرێت.

## سیستمی حوکمداریی

دەوڵەتی هایتی پەیرِەویی سیستمێکی نیمچە کۆماریی دەکات، سەرۆکی هایتی بە هەڵبژاردنێکی جەماوەریی دەستنیشاندەکرێت. سەرۆک لە توانایدا هەیە کە سەرۆک وەزیران دەستنیشان بکاتو بە هەردووکیان دەسەڵاتی تەنفیزیی پێکدەهێنن. هەریەکە لە وڵاتانی فەرەنساو ئەمریکا بە بەردەوامیی دەستێوەردانیان لەو وڵاتەدا هەبووە. سەرۆکی ئێستای هایتی رێنێ پرێڤاڵە، کە لە ئایاری ساڵی (٢٠٠٦) ەوە سەرۆکایەتیی دەکات، لە ساڵی (١٩٩١)دا سەرۆک وەزیرانی هایتی بووە.

## بەدوای دیموکراسیدا

لەدوای راکردنی دیکتاتۆریش هایتی نەحەسایەوەو لە یەکەمین هەڵبژاردن «بەناو دادوەرانە»دا ئۆپۆزسیۆنی رژێمی پێشوو جین بێرتراند ئاریستد لەساڵی (١٩٩٠) هەڵبژێردرا. ئاریستد قەشەیەک بوو کە بۆ خەڵکی وادەردەکەوت ئیختیارێکی گونجاو بێت بۆ باشترکردنی بارودۆخی هایتی، بەڵام هێندەی نەبرد لە کودەتایەکی سەربازیدا کەپاش نۆ مانگ حوکمی ئارێستدئەنجامدرا، ئارێستدلەو وڵاتە هەڵاتو (١٥٠٠) کەسیش کوژران. ئەوەبوو نەتەوەیەکگرتووەکان لەساڵی (١٩٩٤)دا برِیاریدا بۆ نەهێشتنی دیکتاتۆریەت لە هایتی راستەوخۆ هێز بنێرێتە ئەو وڵاتە، سوپایەکی (٢٠) هەزار کەسی چووە هایتیو ئارێستدی گەرِاندەوە سەر دەسەڵات، بێ بوونی هیچ بەرگرییەک، بەڵام هێشتاش حکومەتی ئەو وڵاتە جێگیر نییەو چەندینجار ئاژاوە روویداوەو تەنانەت ئەفسەرەکانی سەردەمی دۆڤالێر هەوڵی گرتنەوەی دەسەڵاتیان بە رێگای کودەتا داوە. کێشەی بەردەم دیموکراسی لە هایتی تەنیا دۆڤالێرو خزمو دۆستەکانی نەبوون، بەڵکو لەساڵی (٢٠٠٠)داو لە هەڵبژاردنێکی «بەناو دیموکراسی»دا ئارێستید هەڵبژێردرایەوە، بەهۆی بوونی گومان لەسەر شەرعیبوونی هەڵبژاردنەکە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەرەشەی لە هایتی کرد، کە گەمارۆی دەخاتە سەر لە حاڵەتی بەهێزنەکردنی دیموکراسیدا.ئارێستد، کە رۆژێک لە دژی دیکتاتۆرییەت دەجەنگا، خۆی حوکمێکی سوڵتەوی گەشەپێدا، بەڵام بەهۆی زیادبوونی نارِەزاییەکانو پرۆتێستەکان لەساڵی (٢٠٠٤)و زیاتربوونی فشاری ئەمریکاو فەرەنسا، لە شۆرِشێکدا حوکمی ئارێستد کۆتایی پێهێنرا، زۆری نەبرد لەدوای شۆرِش بەچەند مانگێک زریانێک هایتی ورووژاندو (٢٤٠٠) کەس گیانیان لەدەستدا. لەپاش چەندین دواخستن، هەڵبژاردن لەساڵی (٢٠٠٦)دا ئەنجامدراو (٩) هەزار سەربازی نەتەوەیەکگرتووەکان لە هایتی بوون بۆ سەقامگیرکردنی ئاسایشی هایتی. پرۆتێژێ پرێڤاڵی سەرۆک وەزیرانی پێشووی ئەو وڵاتە، لەنێو هەژارانی وڵاتەکەیدا لایەنگری زۆری هەبوو، بەڵام کاتێک هەڵبژاردن ئەنجامدرا، دەرکەوت پرێڤاڵ زۆرینەی بەدەستنەهێناوە، هەربۆیە پرێڤاڵ بانگەشەی بوونی تەزویرێکی زۆری کردو هەڵبژاردنەکەش راگیرا، لەپاش پێداچوونەوەی دەنگەکان، پرێڤاڵ بە براوە راگەیەندرا. ئێدوارد ئەلێکسیس وەک سەرۆک وەزیران هەڵبژێردرا لەلایەن خودی سەرۆکەوە، بەڵام لەساڵی (٢٠٠٨)داو بەتۆمەتی خراپیی باری ئابووریی لەلایەن سیناتەکانی ئەو وڵاتەوە لەسەر کار لادراو ئێریک پیرێ لەلایەن سەرۆکەوە وەک کاندید پێشکەشکرا، هەرچەند لەلایەن پەرلەمانەوە نارِەزایی دەربرِدرا، بەڵام پیرێ توانی پۆستی سەرۆک وەزیران بەدەستبهێنێتو بۆ دووەمجار لە مێژووی هایتیدا ژنێک ئەم پۆستەی بەدەستهێنا، بەڵام ئەم پۆستە لەدەستی پیرێشدا نەمایەوەو بەهۆی نارِەزایی سیناتەکانەوە لە لێهاتوویی پیرێ، لە تشرینی دووەمی (٢٠٠٩)داو نزیکەی پێش دوو مانگ لە وێرانبوونی ئەو وڵاتە بە بوومەلەرزەیەک لەسەر کار لابراو جین ماکس بیلێرڤی جێگەی گرتەوە.

## دیسان سەرەی سروشتە

لەدوای ئەوەی هایتی بەدەست چەندین کێشەی سیاسییو کۆمەڵایەتییەوە ناڵاندیو دیموکراسییەت ناجێگیرو ئاستی دارایی هاوڵاتییان ناسەقامگیر، بەڵام زۆری نەبرد کە کارەساتێکی سروشتیی دۆخی ئەم وڵاتەی هێندەی تر ناڵەبارکرد. لە کانوونی دووەمی ئەمساڵ بوومەلەرزەیەک حەوت پلە بە پێوەری رێختەرو باشووری خۆرهەڵاتی پایتەختی هەژاند، کە دەوترێت پاش (٢٠٠) ساڵ یەکەمین رووداوی لەو شێوەیە هایتی هەژاند. بوومەلەرزەکە بینا حکومیو ناحکومییەکانی رووخاند، بەجۆرێک سەرۆک وەزیران کاتێک لێدوانیدا وتی: «پەرلەمان رووخاوە، ئۆفیسی باج رووخاوە، خوێندنگاکان رووخاون، نەخۆشخانەکان رووخاون».




# میدیاو راستگۆیی

لە (٢٢)ی کانوونی دووەمی (٢٠١٠)دا، سەرۆک بارزانی بە هاورِێیەتی وەفدێک هەولێری بەجێهێشت بۆ واشنتۆن.

(evropress.com) وتەی فەلاح مستەفای رێکخەری پەیوەندییە دەرەکییەکانی حکومەتی هەرێم بڵاوکردەوە کە دەڵێت، سەرۆک بارزانی داوەتنامەیەکی فەرمیی لە سەرۆک ئۆباماوە پێگەیشتووەو هیچ پەیوەندییەکی بە سەردانەکانی ئەیاد عەلاویو تاریق هاشمییەوە نییە بۆ واشنتۆن.

پێشبینی دەکرێت، سەردانەکەی بارزانی بۆ واشنتۆن چەند رۆژێک بخایەنێت، تا رۆژی هەینی (رۆژی بیزنس) کە دەکاتە (٢٢)ی کانوونی دووەمی (٢٠١٠)، کاتو رۆژی تەواوی کۆبونەوەکانی لەگەڵ کۆشکی سپیو وەزارەتی دەرەوە نەزانراوە. سەرچاوەیەک لە واشنتۆنەوە پێیراگەیاندم کە قوباد تاڵەبانی هەوڵی زۆری داوە بۆ دیاریکردنی کاتو رۆژی کۆبوونەوە لەگەڵ بەرپرسانی کۆشکی سپی، لەنێویاندا سەرۆک ئۆباما، بەڵام هەوڵەکانی بێسوود بوون.

هەینی پێشوو، سەرۆک ئۆباما لە ئۆهایۆ بوو، جێگرەکەشی واتە بایدن لە بەغدا. جیا لە کۆبوونەوەکەی سەرۆک بارزانی لەگەڵ هیلاری کلنتۆنی وەزیری دەرەوە، چاوەرِواندەکرێت ئەم دووانە دووبارەو لە کۆتایی ئەم مانگەدا یەکتری ببیننەوە، دیسانەوە رۆژو کاتی تەواو دیاریی نەکراوە.

ئەوەی سەرنجی راکێشاوم مانۆرِی میدیای حیزبییە کە لە جیاتی هۆکاری سەردانەکەی، تەرکیزیان خستووەتە سەر گرنگیی سەردانەکە. ئازادکردنی عێراق لە (٢٠٠٣)دا نفوزی سیاسیی بە کوردەکان بەخشی، ئەوان توانییان بە فەرمییانە بەشداری لە گۆرِەپانی سیاسیی بەغدادا بکەنو پەیوەندیی راستەوخۆ لەگەڵ ئەورووپیو ئەمریکییەکان دروستبکەن. سەرکەوتووییو فاشلی ئەو پەیوەندییانە کە نفوزی سیاسییان بە کورد بەخشی، بابەتێکی جیاوازە کە دەشێت لە گۆشەیەکی دیکەدا بەدرێژی لێی بدوێین.

سەردانەکەی مەلا مستەفای بارزانی کە داوەتنامەیەکی فەرمیی لە سەرۆک کەنەدییەوە پێگەیشتبوو لە ساڵی (١٩٦١)دا، دەکرا موبالەغەی بۆ بکرێت، چونکە لەوکاتەدا کوردەکان بە دوژمن دەوردەدرابوون، نە دۆستیان هەبوو نە پەیوەندیی راستەوخۆیان لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەبوو، بەڵام ئازادکردنی عێراق، هاوکێشەکانی لەبارەی پەیوەندیی کوردەوە گۆرِیو هیچ مانایەکی تێدا نییە کە موبالەغە بۆ داوەتنامەکەی ئۆباما بکرێت، وەکو ئەوەی کە ئەگەر داوەتنامەکە نەنێررایە، ئەوا دیموکراسی واشنتۆن وردوخاش دەبوو.

دەبێت لەجیاتی ئەوە، سەرکردە کوردەکان راستگۆ بن دەربارەی ئەوەی کە بۆچی سەرۆک ئۆباما ئەوانی داوەتی واشنتۆن کردووە. سەردانەکە بۆ ئەوەیە کە لایەنە ناکۆکەکانی عێراق یەکبگرن بۆ ئەوەی دۆخێکی ئاشتی فۆرمەڵە بکەن، لەکاتێکدا ئەمریکا خۆی بۆ جێهێشتنی عێراق ئامادە دەکاتو کوردەکان جێبەجێکردنی تەواوی دەستووری عێراقیان دەوێت. شیعە جێبەجێکردنی دەستووری دەوێت تەنیا بۆ ئیحتیواکردنی سوننە، سوننەش دەستوور فەرامۆشدەکات. بەدڵنیاییەوە کەرکوکو جێبەجێکردنی ماددەی(١٤٠) یەکێکە لە بەربەستەکان. ویلایەتە یەککگرتووەکان دەیەوێت رۆڵی میانگیر بگێرِێتو نفوزی سیاسیی خۆی بۆ کۆکردنەوەی کوردو عەرەب بەکاربهێنێت، وەک رۆڵی کورد بۆ «تەئکیدکردنەوە لەسەر ئەوەی عێراق سەقامگیرە، سیادەی هەیەو پشت بەخۆی دەبەستێت» وەک کارمەندێکی وەزارەتی دەرەوە پێیوتم.

هیوا دەخوازین کە سەرۆک بارزانی نفوزی خۆی بەکاربهێنێت بۆ گەڵاڵەکردنی کاری سەرکەوتوو دەربارەی دۆخی کەرکوکو فشار بخاتە سەر میدیای حیزبییش کە شەفافتربن بۆ خەڵکی.

# بەعس‌و ئەمریکا، دوژمنی پێشوو، دۆستی ئەمڕۆ

**ڕاپۆرتی، ڕۆژنامە**

ئەو ئەفسەرە بەعسییانەی، کە ڕۆژانێک لە دەزگای موخابەراتی عێراقی کاریاندەکردو بەهێزترین چەکی دەستی سەدام حسێن بوون بۆ پاراستنی ئاسایشی خۆی‌و ڕژێمەکەی، ئەمڕۆ لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکادا کاردەکەن‌و کارکردنیشیان لەسەر ئاستی گۆڕینەوە زانیاری‌و هاوکاریی موخابەراتییە لە یەمەن لەدژی ئەلقاعیدەو بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی ئاسایشی یەمەن، هەرچەندە ئەفسەرەکان پێشتر لە یەمەندا بوون‌و لەدوای جەنگی ئەمریکا-عێراق، لە (٢٠٠٣) ڕایانکردبوو بۆ ئەم وڵاتە، بەڵام بوونیان بۆ ئەمریکا نەبووە جێی مەترسیی، بەڵکو بەسوود گەڕایەوەو ئەوانەی دوێنێ لەترسی دوژمنەکانیان ڕایانکردبوو، ئەمڕۆ بەهۆی «نیعمەتی دوژمنێکی هاوبەش»ەوە کارەکانی خۆیان وەرگرتووەتەوەو لە خاکێکی دیکەدا بەردەوامدەبن.





دوژمنەکانی دوێنێ، هاوپەیمانەکانی ئەمڕۆ

## کۆبوونەوەی دوژمنەکانی دوێنێ

هێزە تایبەتمەندەکانی دژەتیرۆری ئەمریکاو ئەفسەرەکانی موخابەراتی سەدام هاوپەیمانێتییەکیان پێکهێناوە بۆ لێدانی قاعیدە لە یەمەن، هەرچەندە ئەم دوو لایەنە پێش حەوت ساڵ دوو دوژمنی سەرسەختی یەکتربوون‌و لە مەیداندا بوون بۆ یەکتری، بەڵام بەپێی وتەی سەرچاوە دبلۆماسی‌و سەربازییەکان شکستهێنانی ئاسایشی یەمەن ئەم دوو هێزە بەیەکەوە کۆدەکاتەوە، هەرچەندە هێشتاش گومانی دوولایەنە هەیە سەبارەت بەیەکتری، بەڵام هاوکارییەکە بووەتە هۆی بەدەستهێنانی چەند دەستکەوتێکی موخابەراتی، بەهۆی زیادبوونی نفوزی قاعیدە لە یەمەن‌و ڕێکخستنەوەی شانەکانی ئەم ڕێکخراوەو ئەنجامدانی چالاکی بەرچاو، ئەمریکا ترسی بۆ دروستبووە، بڕیاردانی نەگواستنەوەی زیندانیانی گوانتانامۆش بۆ یەمەن هەر ئاکامی ئەو ترسە بوو، بەڵام ئەم ترسە بە سوودی بەعسییەکان شکایەوەو توانییان سوودی لێوەربگرن بۆ هاوبەشیکردنی هێزەکانی ئەمریکا.

پێشبینی دەکرێت هاوکاریکردنی ئەو ئەفسەرە بەعسییانەی، کە لە ترسی داگیرکردنی عێراق‌و کەوتنی سەدام هەڵاتن لەگەڵ ئەمریکییەکاندا زیاتریش بێت، ئەمەش دوای ئەو هەوڵە تیرۆریستییە سەرنەگرتووەی کە ویستی ئاسمانی دیترۆیتی ویلایەتی ئەمریکا بهەژێنێت، هەریەکە لە بەریتانیاو ئەمریکاش پەیمانیان بە یەمەن داوە، کە پاڵپشتی بکەن بۆ کردنەدەرەوەی قاعیدە لەو وڵاتەو نیمچە دوورگەی عەرەبی. هاوپەیمانێتیی ئەمریکاو ئەفسەرە عێراقییەکان ئاکامی نائومێدبوونە لە موخابەراتی یەمەنی، بەهۆی بوونی گومانی زۆرەوە کە ئەفسەرانی موخابەراتی یەمەنی هاوسۆزی قاعیدەن.

## سەدامی بچووک داڵدەی بەعسییەکان دەدات

کارکردن لەگەڵ بەعسییەکاندا دوای گومان پەیداکردن‌و نائومێدبوونی هێزەکان‌و موخابەراتی ئەمریکا دێت لە ئەفسەرانی موخابەراتی یەمەن، وەک گوماندەکرێت، ئەفسەرانی موخابەراتی یەمەن نەک هەر چالاک نین لە ئاشکراکردن‌و کارکردن دژی قاعیدە، بەڵکو سۆزیشیان هەیە بەرامبەر ئەو ڕێکخراوەو ئەندامانی. بەڕای زۆرێک لە چاودێرانی یەمەن، موخابەراتی ئەو وڵاتە ئامرازێکە بۆ زیندووبوونەوەی قاعیدە، ئەمەش پاش ڕاکردنی (٢٣) کەس، کە گومانی تیرۆرکارییان لێدەکرا لە ساڵی (٢٠٠٦)و لە زیندانێکی ئەو وڵاتەدا، لەنێویاندا چەند سەرکردەیەکی تیرۆریستی بەناوبانگی تێدابوو، کە ڕاستەوخۆ دەستیان هەبووە لە پلاندانان بۆ تەقاندنەوەی کەشتییە جەنگییەکانی ئەمریکا لە کەنداوی عەدەن لە ساڵی (٢٠٠٠)دا، بەڵام بەهۆی فشاری ئەمریکاوەو لە ئەنجامی ڕووداوی (١١)ی سێپتێمبەردا، عەلی عەبدوڵڵا ساڵحی سەرۆکی یەمەن دەزگایەکی ڕکابەری دروستکرد بەناوی «ئاژانسی ئەمنی قەومی»، لەنێو ئەم دەزگایەدا چەند ئەفسەرێکی پێشووی عێراقی، لە دەزگا ترسناکەکەی سەدام (واتە موخابەراتی) تێدایە.

ئەندامێکی پێشووی ئاسایشی یەمەن لەبارەی بوونی بەعسییەکانەوە دەڵێت: «ئەوان بەشدارن لە ڕاهێنان‌و زانیاریی کۆکردنەوەدا». دوای داگیرکردنی عێراق لە ساڵی (٢٠٠٣)دا ئەمریکا سیاسەتی هەڵوەشاندنەوەی حیزبی بەعسی پێڕەوکردو بەمشێوەیەش ئەندامانی ئەو حیزبە بەرەو سوریا هەڵاتن، بەڵام بەڕای زۆرێک لە ئەفسەرە سەربازییەکان‌و شیکاروانانی یەمەن، چوونی ئەو ئەفسەرانە بۆ سوریا تەنیا پێش ئەوە بووە، کە داوەت بکرێن لەلایەن سەرۆکی یەمەنەوە. شیکاروانی بەناوبانگ، فارس ئەلسەقاف لەبارەی ئەو بابەتەوە دەڵێت: «پاش ڕووخانی بەعسییەکان لە عێراق، زۆرێک هاتن بۆ یەمەن، هەندێکیان وەک خاڵی گواستنەوە لە یەمەندا گیرسانەوە، بەڵام ئەوانی دی مانەوەو بوونە خەبیری حکومەت».

سەرۆکی یەمەن هاوپەیمانێکی بەهێزی سەدام حسێن بوو، خۆشی وتوویەتی کە وەک مامۆستایەک سەیری سەدامی کردووە، ئەو تەنانەت لەقەبی «سەدامی بچووک»ی وەرگرتووە، بەهۆی چاولێکردنی جۆری جلپۆشینی سەدام‌و هەڵگرتنی دەمانچەیەک‌و کردنی بە لاقەدیدا بەسەر پانتۆڵەکەیەوە.

ئەمە جگە لەوەی وڵاتەکەی بووە پەناگەی زۆرێک لە خزمانی سەدام، وەک خێزانی تارق عەزیز، سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق‌و عیزەت دووری، یەکێک لە نزیکترین هاوپەیمانە سەربازییەکانی دیکتاتۆری پێشووی عێراق.

بەڵام هاوپەیمانەکانی سەرۆکی یەمەن تەنیا بەعسییەکان نییە، بەڵکو چەند سەلەفییەکی تێدایە، ئەوانەی کە تەفسیرێکی ڕادیکاڵانە بۆ ئیسلام دەکەن، کە نزیکە لەوەی قاعیدە دەیکات، زۆرێک لەوانەش لەدژی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو لە ئەفغانستان جەنگاون، ئەو ئەزموونەی بووە هۆی ئەوەی زۆرێکیان بە ئوسامە بن لادن بناسێنێت، بوونی ئەو سەلەفییانەش لە حکومەتدا متمانەی دەزگای موخابەراتی ئەمریکی (واتە سی. ئای. ئەی) بە یەمەن کەمکردووتەوە.

*** لە ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی تەلەگرافی بەریتانییەوە زانیاری وەرگیراوە.**

# پەرلەمانی ئەوروپا داخستنی دەتەپە دەکاتە جێی مشتومڕ

**ڕاپۆرتی، شاڵاو فەتاح**



کێشەی پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات لە تورکیا هەر وا زوو کۆتایی نایەت، لە دوایین هەنگاودا ئەم پارتە کەیسەکەی بەرزکردووەتەوە بۆ دادگای ئەوروپا بۆ مافەکانی مرۆڤ، بە پاساوی ئەوەی داخستنی ئەو پارتە نایاسایی بووەو لە پەرلەمانی ئەوروپاشدا دەربارەی کەیسی داخستنی ئەو پارتەو کێشەی کورد لە تورکیا بەگشتیی مشتومڕێکی زۆر دەکرێت. دوای ئەوەی دادگای دەستووریی تورکیا فەرمانی بە داخستنی دەتەپەو یاساغکردنی چالاکیی سیاسیی لە (٣٧) ئەندامی ئەو پارتە دا، ئەمە بووە هۆی دروستکردنی نارەزایەتییەکی زۆر لە ناوخۆو دەرەوەی تورکیاو هەندێک بە کۆتایی‌و مەرگی «دەستپێشخەریی دیموکراسی»یان لە تورکیا دانا.

لەبارەی بەرزکردنەوەی سکاڵانامەکەوە حەسیب کاپلان، کە بەرپرسێکی پارتی ئاشتی‌و دیموکراسی (بەدەپە)یە ڕایگەیاند: پارتی یاساغکراوی دەتەپە هیچ لینێکێکی ئۆرگانی بە پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)وە نەبووە. لەهەمانکاتدا وەفدێکی ئەوروپی لە کۆمیتەی دژە ئەشکەنجە سەردانی عەبدوڵا ئۆجەلانی سەرکردەی دەستگیرکراوی پەکەکەیان کرد، بۆئەوەی پشکنین دەربارەی بارودۆخی ناو زیندانەکەی بکەن، ئەمەش دوای ئەوەی دەنگۆیەکی زۆر بڵاوبووەوە دەربارەی خراپیی زیندانەکەی‌و کاریگەریی لەسەر تەندروستی ئۆجەلان‌و پرۆتێست‌و خۆپیشاندان لەلایەن لایەنگرانیەوە لەناو تورکیادا ڕێکخرا، بەڵام وەزیری دادی تورکیا دووپاتیکردەوە، کە دڵنیایە بارودۆخی زیندانەکەی ئۆجەلان بەپێی ستاندەری نێودەوڵەتییە.

لەلایەکی دیکەوەو لە کۆبوونەوەیەکی پەرلەمانی یەکێتیی ئەوروپادا لەژێر ناوی «دیموکراتیزەکردن لە تورکیا»، مشتومڕ دەربارەی پرۆسەی دیموکراسی لە تورکیا بەتایبەت داخستنی دەتەپە کرا، لەم کۆبوونەیەدا باس لەو کێشانە کرا، کە پەیوەندییان بە پرۆسەی دیموکراسییەوە لە تورکیا هەیە، وەک داخستنی دەتەپە، کێشەی ئەرگەنەکۆن‌و مافە سەرەتاییەکانی هاوڵاتییانی تورکیا. زۆرینەی پەرلەمانتارە ئەوروپییەکان ڕای خۆیان دەربارەی داخستنی دەتەپەو دەستگیرکردنی چەند سەرۆک شارەوانییەک لە تورکیا خستەڕوو.

ئۆلی ڕین، پەرلەمانتاری ئەوروپی، دەربارەی کێشەی داخستنی دەتەپە وتی: بەدڵنیاییەوە پێشکەوتن لە دۆخی سیاسیی تورکیادا هەمیشە پۆزەتیڤ نەبووە، لەگەڵ ئەوەی گەشەکردنمان هەیە، بەڵام چەند شتێک هەیە کە پێویستە بایەخی پێبدەین. کرانەوەی دیموکراسی تورکیا بە ڕووی کورددا یەکێکە لە نموونەی پێشکەوتنەکان، کۆمەڵێک ریفۆرم کراوە، کە پێشتر مەحاڵ بوون، بەڵام دوایین کشانەوەکانی تورکیا لە کرانەوەی دیموکراسی هۆکاری پەرۆشیی ئێمەن، ئێمە بەداخەوەین بۆ بڕیاری داخستنی دەتەپە لەلایەن دادگای دەستوورییەوە، ئەمەش دوای ئەوەی کە چەندین سەرۆک شارەوانی دەستگیرکراون هەردوای داخستنی دەتەپە. ناسیۆنالیستەکان ئەم هەلەیان قۆستووەتەوەو هێرشدەکەنە سەر حکومەت‌و سیاسەتەکانی‌و کرانەوەی دیموکراسی. لەدوای وتەکانی ئۆلی، چەندین پەرلەمانتاری دیکەی ڕێکخراوەکە وتەی خۆیان پێشکەشکرد، لەنێویاندا ریچارد هۆویت وەک نوێنەری سۆشیالیستەکانی پەرلەمان.

ئۆویت پاش دەربڕینی پەرۆشیی زۆری خۆی بەرامبەر داخستنی دەتەپە، وتی: دووساڵ لەمەوبەر شەخسی خۆم ئامادەی کۆنفرانسی ئەم پارتە بووم، لەکاتێکدا (٢٠) هەزار کەس ئامادەی بوو، شەرعییەتی ئەم پارتەم لە چاوو دەمی لایەنگرانیەوە بینی‌و بیست. دەزانم کە سەرۆک وەزیران دژی داخستنی پارتەکە بووەو پەیمانی داوە ڕێگە لە داخستنی پارتە سیاسییەکان بەوشێوەیە بگرێت، بە هەمواركردنی دەستووری تورکیا بەشێوەیەک لەگەڵ مادەی (١١)ی ڕێککەوتنی یەکێتیی ئەوروپا بۆ مافەکانی مرۆڤ بگونجێت، ئەم پەیمانە پێویستە بهێنرێتەدی. دواجار پارتێک بەناوی کۆمەڵگەی دیموکراتەوە لە تورکیا ڕۆیشت، بەڵام دەبێت کۆمەڵگەی دیموکراتیمان لە تورکیای مۆدێرندا لەکیس نەچێت.

# بڕیاری بڕینی بەشە خۆراکی مووچە بەرزەکان، جێبەجێنەکراوە

هەولێر
ئارام شێخ وەسانی،
هێمن محەمەد

**وەزارەتی بازرگانیی حکومەتی عێراق بڕیاری داوە بەشە خۆراک (بایەعی) فەرمانبەرە پلە باڵاکان کە مووچەکانیان لە (١) ملیۆنو (٥٠٠) هەزار دینار زیاتر بێت ببڕێت، بەڵام تائێستا ئەو بڕیارە بە ڕەسمیی لە هەرێمی کوردستاندا جێبەجێنەکراوە**

دارا محەمەد دزەیی، بەڕێوەبەری پسوڵەی خۆراکی هەولێر، لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە وتی: «بڕیاری بڕینی بەشە خۆراکی ئەو کەسانەی کە مووچەی مانگانەیان لە سەروو ملیۆنو نیوێکە، لە بەغدا کەوتووەتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام تائێستا ئێمە هیچ نووسراوێکمان بۆ نەهاتووە سەبارەت بە جێبەجێکردنی بڕیارەکە».

لەساڵی (١٩٩٧)ەوە لە چوارچێوەی بڕیاری (٩٨٦) نەوت بەرامبەر خۆراکدا، لەسەرتاسەری عێراق مانگانە خۆراک بەسەر هاوڵاتییاندا دابەشدەکرێت، ئەم بڕیارەی نەتەوەیەکگرتووەکانو عێراق لەکاتێکدا بوو کە خەڵکی عێراق بەهۆی ئابلۆقەی ئابووریی لەسەر وڵاتەکەیان کەوتبووە بارودۆخێکی مەترسیدار، ئەویش زۆربوونی ڕێژەی هەژاریی بوو، بە دەرچوونی ئەو بڕیارە خەڵکی عێراق بەگشتیی سوودێکی زۆریان وەرگرت، هەر بەوهۆیەشەوە ڕێژەی هەژاریی لە سەرتاسەری عێراق بەشێوەیەکی خێرا دابەزی.

لەماوەی چەند مانگی ڕابردوودا چەند هەوڵێک درا بۆئەوەی ئەو برە خۆراکەی بەسەر هاوڵاتییاندا دابەشدەکرێت لەبەر خراپیی کوالێتییەکەی بکرێتە پارەو بدرێت بە هاوڵاتییان، بەڵام ئەو داواکارییە سەرکەوتوونەبوو، تا دواتر بڕیاردرا خۆراکی هەموو ئەو فەرمانبەرانە ببڕدرێت کە مووچەی مانگانەیان لە ملیۆنو پێنجسەد هەزار دینار کەمتر نییە، بەوهۆیەشەوە بڕیارەکە پەسەندکراو لە بەغدا کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام تائێستا ئەو بڕیارە لە کوردستان جێبەجێنەکراوە.

بەپێی پلانێکی وەزارەتی بازرگانیی عێراق تا ساڵی (٢٠١٢) کۆبۆنی خۆراک ڕادەگیرێتو هاوکات کارتی زیرەک بۆ هاوڵاتییان دروستدەکرێت، پلانەکە بە (نەخشەی ڕێگا) ناسراوەو بە سێ قۆناغو لەماوەی سێ ساڵدا کۆتایی بە کۆبۆنی خۆراک دێتو لە (٢٠٠٩/١/١)ەوە فۆرمی ڕاپرسیی بەسەر هاوڵاتییاندا دابەشدەکرێت، تاکو بڕیار لەسەر مانەوەی بەشە خۆراک یان کردنی بە پارە بدەن، لەساڵی (٢٠١١)دا بەشەخۆراکی فەرمانبەرە پلە باڵاکانی حکومەت دەبڕدرێتو لەساڵی (٢٠١٢)دا کۆبۆنی خۆراک ڕادەگیرێت.

ئیسماعیل مەجید، ئابووریناس، لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە وتی: «بڕیاری بڕینی بەشە خۆراکی ئەو فەرمانبەرانەی کە مووچەیان لە ملیۆنو نیوێک کەمتر نییە جێگەی سەرنجە، چونکە ئەی ئەو بازرگانانە بۆچی ناگرێتەوە کە فەرمانبەر نین، کەچی داهاتیان زۆر زیاترە لە ملیۆنو نیوێک».

بە بۆچوونی ئەو ئابووریناسە پێویستبوو ئەم بڕیارەی وەزارەتی بازرگانی عێراق لەبارەی بڕینی بەشە خۆراکی مووچە بەرزەکانەوە «لێکۆڵینەوەی باشی» لەسەر بکرایە، ئینجا بڕیارەکە کەوتبایە بواری جێبەجێکردنەوە. ئیسماعیل لەمبارەیەوە دەڵێت: «من هەستدەکەم ئەو بابەتە وا بە ئاسانیی بە بڕیارێک نە جێبەجێدەکرێتو نە چارەسەریش دەکرێت، بۆیە «پێویستە ڕەچاوی هەموو دەرئەنجامە ئیجابیو سلبییەکانی ئەو بڕیارە بکرێت».

بڕیاری بڕینی بەشە خۆراکی فەرمانبەرە پلە باڵاکان، فۆرمی خۆراکەکانیان ناگرێتەوەو بەڕێوەبەری کەلوپەلو خۆراکی هەولێر ئاماژە بەوەدەکات؛ ئەو کەسانەی کە خۆراکیان دەبڕدرێت فۆرمی خۆراکیان هەردەمێنێت، بەڵام لە فۆرمی ئەو کەسانە ئاماژە بەوە دەدرێت کە نابێت خۆراک وەربگرن، چونکە «فۆرمی خۆراک بۆ چەندین ئامارو سەرژمێریی گرنگیی خۆی هەیەو ناکرێت ئەو فۆرمەیان نەبێت».

ئەگەرچی ڕۆژانێک بوو ئەم خۆراکە بۆ هاوڵاتییانی هەژار وەک پێویستی دەبینرا، بەڵام لە ئێستادا جۆری خۆراکەکان بەجۆرێک خراپ بووە تا وایلێهات بەشێک لە خەڵک نەدەچوون بۆ وەرگرتنی بەشە خۆراکەکانیانو زۆرێکیش لە جۆری خۆراکەکان دواکەوتووەو ماوەی دوومانگە ڕێژەیەکی کەم لە جۆری خۆراکەکان دابەشکراوە، ئەم دواکەوتنەش کاریگەریی لەسەر نرخی خۆراک دروستکردووە، بەجۆرێک کە نرخی یەک کیلۆ شەکر زیاد لە دووجار بەقەد پێشوو بەرزبووەتەوە.

نەوزاد سابیر، بەڕێوەبەری کەلوپەلو خۆراکی هەولێر، سەبارەت بە خراپیی خۆراکی بایەعی لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە وتی: دواکەوتنی خۆراکی بایەعی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی زۆرجار بەهۆی ئەوەی کە پشکنین دەکرێت، واتا تێپەڕبوونی خۆراک بە کوالێتی کۆنترۆڵ، کە خۆراکەکە دێت بۆ بەغدا بەوهۆیەوە دوادەکەوێت، هەروەها ئەو خۆراکە کە دێتە کوردستانیش جارێکی دیکە دەچێتەوە کوالێتی کۆنترۆڵ، بەوهۆیەوە دووجار ئەو خۆراکە دەبێت بپشکنرێت، ئەمەش کاتی زۆری دەوێتو وادەکات خۆراکەکە لەکاتی خۆیدا نەگات، هەروەها «ناجێگیریی دراو و هەڵکشانو داکشانی نرخو نەبوونی بودجە لە وەزارەتی بازرگانی، جارێکیدیکە دەبنە ڕێگر کە خۆراکەکە لەکاتی خۆیدا نەگات».

بودجەی خۆراک بۆ ساڵی (٢٠١٠) دیاریکراوەو بڕەکەی (٦) ملیارو (٧٠٠) ملیۆن دۆلارە، بەهەمان سیستمی ساڵانی پێشوو، بەڵام بۆچوونێک هەیە کە لەساڵی داهاتوودا هەر پارێزگایەک بڕە بودجەی خۆی پێبدرێتو بەگوێرەی ژمارەی دانیشتووانی پارێزگاکە خۆی خۆراک بدات، ئەم بۆچوونەش تا ڕادەیەکی زۆر جێگەی ڕەزامەندیی زۆرێک لە لایەنە سیاسییەکان بووە، بەتایبەت کاربەدەستانی هەرێمی کوردستان.

نەوزاد سابیر، بەڕێوەبەری خۆراکی هەولێر، سەبارەت بەم بڕیارە بۆچوونی ئەرێنی هەیەو پێیوایە؛ ئەو بڕیارە ئەگەر بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە (١٠٠٪) لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستاندایە، چونکە هەرێمی کوردستان کێشەی ئەمنیی نییەو بارودۆخ ئارامە، بۆیە کارەکان بەشێوەیەکی باشو ڕێکوپێک بەڕێوەدەچن».

شارەزایانی بواری ئابووریی مەترسی ئەوە دەخەنەڕوو بەهۆی جێبەجێکردنی بڕیاری بڕینی بەشەخۆراکی مانگانەوە، قەیرانێکی گرانیی بازاڕەکانی عێراق بگرێتەوەو خۆراک لە بازاڕەکانەوە تا ئاستی نەمان کەمببێتەوە.

سەبارەت بە کاریگەرییەکانی ئەو بڕیارە، ئیسماعیل مەجید وتی: بڕیاری نەوت بەرامبەر خۆراک لە بنەڕەتدا بە ئامانجی ئەوە دراوە، کە عێراق لەو ڕێژە زۆرەی هەژاریی ڕزگار بکات، «ئەنجامەکەشی ئیجابیی بوو، بەڵام ئەگەر ئێستا ئەو خۆراکە نەمێنێت یان کەمبکرێتەوە، ئەوا کێشەی خۆراک پەیدادەبێتو بازاڕ لەلایەن کۆمەڵێک سەرمایەدارەوە قۆرغدەکرێت، بەتایبەت لە ئێستادا کە بارودۆخی عێراق لە بارێکی جێگیردا نییە».



لەبەر خراپی کوالێتیەکەی، بەشێک لە هاوڵاتییان بایەعی وەرناگرن

## لە یاسای بودجەی (٢٠١٠)ی عێراقدا

# کار بۆ کەمکردنەوەی بودجەی هەرێمی کوردستان دەکرێت

ڕاپۆرتی: بەهادین یوسف

**لەڕێی زیادکردنی بڕگەیەکی نوێوە بۆ یاسای بودجەی (٢٠١٠)ی عێراق، کار بۆ کەمکردنەوەی بودجەی هەرێم دەکرێتو جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش، ڕایدەگەیەنێت، کە بەشێکی کوتلەکان هەوڵدەدەن ڕێژەی یاسایی پڕنەکرێتەوەو دەنگدان لەسەر پڕۆژەکە دوابخرێت تا ئەو مەرجانەی دەیانەوێت لە بودجەدا بیسەپێنن، هاوکات ژمارەیەک کوتلەش لەوانە، لیستی ئیئتیلافی نیشتمانیی دەیانەوێت دەنگدان لەسەر یاسای بودجە ببەستنەوە بە یاسای ئاکاری هەڵبژاردنەوە**

بەپێی دوایین ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، چەند گۆڕانکارییەک لە بودجەدا کراوە لەوانە، بڕی (٢٦٧٣٨٥٠٠٠٠٠٠) (دووسەدو شەستو حەوت ملیارو سێسەدو هەشتاو پێنج ملیۆن)دینار وەک بودجەی ئەنجومەنی نوێنەرانو (٣١٣٥٦٩٦٥٠٠٠٠) (سێسەدو سیازدە ملیارو پێنجسەدو شەستو نۆ ملیۆنو شەششسەدو پەنجا هەزار)دینار بۆ بودجەی ئەنجومەنی دادوەرییو (٢٥٠) ملیار وەک بودجەی دەزگای شەهیدانو زیندانییە سیاسییەکانو (٢٦٣٥١١٠٠٠٠٠٠) (دووسەدو شەستو سێ ملیارو پێنجسەدو یازدە ملیۆن)دینار بەشی هەرێمی کوردستان لە بودجەی پەرەپێدانی هەرێمەکانو لەگەڵ زیادکردنی (٤١٦)ملیار وەکو تێچووی بەرهەمهێنانی نەوتی خاو و (٨٤)ملیار دینار وەکو تێچووی گواستنەوەی نەوتی خاو لە بەندەرەکانی تورکیاوە بۆ دەرەوە.

لەوبارەیەوە د.ئیسماعیل شکور، جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ڕاپۆرتی کۆتایی لەلایەن لیژنەکەمانەوە ئامادەیەو تەنیا ئەوەندەی ماوە بخرێتە دەنگدانەوە لە هۆڵی پەرلەمان، ئەو داواکارییانەشی کە لیستی ئیئتیلافو ئەو لیستانەی کە تێبینییان لەسەر یاسای بودجەکە هەبوو لە پڕۆژەیاسای بودجەکەدا دانراوە، بەڵام ژمارەیەک کوتلە ناچنە هۆڵی پەرلەمانەوە بۆ ئەوەی ڕێژەی یاسایی (نیصابی قانونی) تەواو نەبێتو بودجەکە پەسەند نەکرێت».

سەبارەت بە داوای کوتلەکان بەتایبەتی سەدرو فەزیلەو بەشێکی سەربەخۆکانی لیستی ئیئتیلافو چەند کوتلەو لایەنێکی دیکە، د.ئیسماعیل وتی: ئەو لیستانە داوایانکردووە کە بودجەی سوودی کۆمەڵایەتی سێ سەرۆکایەتییەکە ببڕدرێت، بەڵام ئێمە ئەو بڕگەیەمان بەدوو پێشنیاز داناوە، ئەوانیش بڕینی کۆی ئەو بودجەیە، یان هێشتنەوەی (٥٠٪)ی هەر پێشنیازێکیان دەنگی زۆرینەی هێنا، ئەوەیان دادەنرێت لەگەڵ پێشنیازی ئەو پارێزگایانەی نەوتیان هەیە لە هەر بەرمیلێک بڕی (١)دۆلاری بۆ خۆیان بێتو ئەو پارێزگایانەی پاڵاوگەیان تێدایە (٥٠)سەنتیان لە هەر بەرمیلێک پێبدرێت».

کێشەیەکی دیکەی بەردەم پەسەندکردنی بودجە ئەوەیە، کە بەشێک لە کوتلەکانو بەتایبەتی لیستی ئیئتیلاف داوادەکەن «بڕگەیەکی نوێ بۆ بودجە زیادبکەنو بەپێی بڕگە نوێیەکەش دوای لابردنی بودجەی سیادیو حاکمەو هەروەها بودجەی ئەو پڕۆژانەی کە خزمەتی هەموو عێراق دەکەن، ئینجا ڕێژەی (١٧٪)ی هەرێم دیارییبکرێتو لەڕێی ئەو بڕگەیەوە هەوڵی کەمکردنەوەی پشکی هەرێمی کوردستان دەدەن، لە کاتێکدا لە بودجەی ساڵانی ڕابردوودا ئەو بڕگەیە نەبووە».

لەوبارەیەوە د.ئیسماعیل وتی: «ناکرێت ئەو خاڵە لە بودجەدا دابنرێت، ئەوە کاری وەزارەتی پلاندانانە ئەو پڕۆژانە جیابکاتەوە کە سوودیان بۆ هەموو عێراق هەیە، وەکو دانانی هێڵی نوێی نەوت بۆ ناردنەدەرەوەو دروستکردنی بەنداوو ڕاکێشانی هێڵی ئاسنین لە بەسرەوە بۆ تورکیاو هەر پڕۆژەیەکی ستراتیژیی دیکە، تائێستاش ئەو خاڵە ناکۆکی لەسەرە، چونکە ناتوانرێت ئەو پڕۆژانە یەکلاییبکرێنەوە کە سوودی گشتییان بۆ هەموو عێراق هەیە».

بڕگەیەکی دیکەی پڕۆژەیاسای بودجەی (٢٠١٠)، دامەزراندنی (١١٥)هەزار کارمەندی نوێیە بۆ عێراقو دابەشکراوە بەسەر وەزارەتەکاندا کە (١٢٠)پلەی بۆ (١٢)وەزارەتەو بەم شێوەیە دابەشکراوە: «(٣٥٨)فەرمانبەر بۆ وەزارەتی دەرەوە، (٢٧٥٣٧) بۆ وەزارەتی ناوخۆو (٤٧٥٤٩) بۆ وەزارەتی بەرگرییو (١٤)هەزار بۆ وەزارەتی تەندروستیو (١٠)هەزار بۆ وەزارەتی پەروەردەو (١٩٧٥) بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵاو (٢٧٠) بۆ وەزارەتی داراییو (٨٠) بۆ وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتیو (٦٥٠) بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیرییو (١٥٠) بۆ وەزارەتی گواستنەوەو (١٥) بۆ وەزارەتی ژینگەو (٧٠) بۆ وەزارەتی داد».

هاوکات ئالاءسەعدون، سەرۆکی لیژنەی دارایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایگەیاند: «بڕی بودجەی وەبەرهێنان، نزیکەی (٢٩٪)ی بودجەی گشتیی عێراقە کە دەکاتە نزیکەی (٢٤)ترلیۆن دینار لەگەڵ ئەوەی بڕی (٢١)ترلیۆن وەکو کورتهێنانی بودجە دانراوە، ئەویش پڕدەکرێتەوە لەو پارەیەی کە ساڵانی ڕابردوو لە بودجە ماوەتەوەو ئەو پارەیەشی لە سندوقی پەرەپێدانی عێراقو ئەو پارانەی کە وەکو قەرز لە سندوقی دراوی نێودەوڵەتی وەردەگیرێن».

پێشتر ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بودجەی ساڵی (٢٠١٠)ی عێراق کرد، کە بریتییە لە (٨٣) ترلیۆن دینارو (٢٣)ترلیۆنی بۆ بواری وەبەرهێنانو (٦٠)ترلیۆنی بۆ بودجەی بەکارخستنەو (٢١)ترلیۆنیش وەک کورتهێنانی بودجە دانرابوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە چەند کوتلەیەک دەیانەوێت پەسەندکردنی بودجە ببەستنەوە بە پەسەندکردنی یاسای ئاکاری هەڵبژاردنەکانەوە کە حکومەتی ئێستا دەکاتە حکومەتی کارڕاییکردن، بۆیە پەسەندکردنی بودجەکە دواکەوتووە.

> **بەشێک لە کوتلەکانو بەتایبەتی لیستی ئیئتیلافی نیشتمانی داوادەکەن «بڕگەیەکی نوێ بۆ بودجە زیادبکەنو بەپێی بڕگە نوێیەکەش دوای لابردنی بودجەی سیادیو حاکمەو هەروەها بودجەی ئەو پڕۆژانەی کە خزمەتی هەموو عێراق دەکەن، ئینجا ڕێژەی ١٧٪ی هەرێم دیارییبکرێتو لەڕێی ئەو بڕگەیەوە هەوڵی کەمکردنەوەی پشکی هەرێمی کوردستان دەدەن**

# هەولێر تۆپی نەوت دەخاتەوە گۆڕەپانی بەغدا؟

راپۆرتی: هەستیار قادر

**حکومەتی هەرێم ئامادەیی دەردەبڕێت بۆ دووبارە ناردنەدەرەوەی نەوتەکەی لە ڕێگەی بەغداوە، بەمەرجێک پارەی کۆمپانیاکانی نەوتی لێبدرێت. بەرپرسێکی وەزارەتی نەوتی بەغداش ئاماژەبەوەدەکات؛ دەبێت گرێبەستەکانی ئەو کۆمپانیایانە لە وەزارەتەکەی پەسەندبکرێت. هاوکات دوو لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و عێراقیش دەڵێن: «هەرێم کەوتووەتە ژێر فشاری کۆمپانیاکانی نەوتەوە».**

## هەرێم و تۆپێکی نەوتاویی

دەستپێکردنی یەکەم پرۆسەی ناردنەدەرەوەی نەوتی هەرێم لە مانگی حوزەیرانی (٢٠٠٩)دا، کە وەک دەستکەوتێکی ئابووریی لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە ناسێنرا، تەمەنی کورت بوو تەنیا سێ مانگ بڕیکردو لە مانگی ئەیلولی هەمان ساڵدا راگیرا.

سەرەڕای تێبینییەکانی شارەزایانی بواری نەوت سەبارەت بە قازانجی دەرهێنانی نەوت و ناردنەدەرەوەی لە ڕێگەی بەغداوەو گەڕانەوەی داهاتەکەشی بۆ خەزێنەکەی عێراق، کە کورد ساڵانە بەشەڕ لە پەرلەماندا (١٧٪)ی لێ دەبات، حکومەتی هەرێم ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کێشەی سەرەکیی پشت راگرتنی پرۆسەی ناردنەدەرەوەی نەوتی هەرێم، نەدانی پارەی کۆمپانیا وەبەرهێنەکانی نەوتی کێڵگەی تاوگی بووە، کە هەردوولا کۆمپانیای (دی ئێن ئۆی) نەرویجیو (گەنەڵ ئێنێر جی) ی تورکیا کە بەغدا لە غیابی یاسای

نەوتو گازدا ئامادە نەبووە لە داهاتی نەوتەکەی کوردستان پارەکەی بدات، تا ئەوکاتەی خۆی وردبینیی گرێبەستەکان نەکات.

لە پاش سەرنەگرتنی هەموو هەوڵەکانی هەرێم بۆ قایلکردنی بەغدا بە سەرفکردنی پارەی کۆمپانیا بەرهەمهێنەکانی نەوت لە کێڵگەی تاوگی، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە بەیاننامەیەکدا ئامادەیی پیشاندا بۆ دووبارە ناردنەدەرەوەی نەوتی هەرێم لە ڕێگەی کۆمپانیای بازارگەری نەوتی عێراقی (سۆمۆ)، بەمەرجێک پارەی کۆمپانیاکانی وەبەرهێنی نەوتی کێڵگەی تاوگی لەلایەن بەغداوە بدرێت، بۆ ئەو مەبەستەش لیژنەیەکی تایبەت لەنێوان هەولێرو بەغدا پێکبهێنرێت. د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا ئاماژەی بەوەدا؛ نامەیەکی ئاراستەی نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق کردووەو «چەند پێشنیازێکی نوێی» پێشکەشکردووە سەبارەت بە چارەسەرکردنی کەیسی نەوت.

## بەغدا چی دەڵێت؟

تائێستا هیچ وەڵامێکی رەسمیی سەبارەت بەو پێشنیازە نوێیانەی حکومەتی هەرێم سەبارەت بە کێشەی نەوت لەلایەن بەغداوە نەدراوەتەوە، چاوەڕواندەکرێت ئەو پێشنیازانە کاتێکی زۆرو مشتومڕێکی چڕتری بوێت تا ئەو ئاستەی ئەگەر هەیە بۆ دوای هەڵبژاردنی (٣/٧) ی پەرلەمانی عێراقو پێکهێنا نی



حکومەتی نوێ درێژە بکێشێت، کە تائێستا رووکارەکەی دیارنییە.

ئەگەرچی حکومەتی ناوەندیی بە رووی یەکەمی گفتوگۆ دادەنرێت لەگەڵ هەرێمدا سەبارەت بە کەیسی نەوت، بەڵام تێبینی بەردەوامی هەرێم لەسەر وەزارەتی نەوتو حسێن شەهرستانی وەزیرەکەیەتی.

عەبدولکەریم عەبسی، پشکنەری گشتیی لە وەزارەتی نەوتی عێراق، ئامادەیی وەزارەتەکەی پیشاندا بۆ دووبارە وەرگرتنەوەی نەوتی هەرێمو ناردنەدەرەوەی لە ڕێگەی بۆرییە نەوتییەکانی عێراقو فرۆشتنی لە ڕێگەی کۆمپانیای سۆمۆوە، بەڵام جەختی لەسەر ئەوەکردەوە، کە پێویستە گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێم بخرێتە بەردەستی وەزارەتی نەوتو دوای وردبینیی، رەزامەندیی لەسەر بدات.

سەبارەت بە پێدانی پارەی کۆمپانیا وەبەرهێنەکانی نەوتی هەرێمیش، ئەو بەرپرسەی وەزارەتی نەوتی عێراق بۆ رۆژنامەی روونکردەوە؛ «پێدانی پارەی ئەو کۆمپانیایانە لە سنووری دەسەڵاتی وەزارەتی نەوتدا نییەو دەبێت وەزارەتی دارایی بڕیاری لەسەر بدات».

## هەرێم لە ژێر گوشاردایە

نەدانی پارەی کۆمپانیا وەبەرهێنەکانی نەوتی هەرێم کێشەی نێوان بەغداو هەولێری بە ئاراستەیەکی دیکەدا بردووە، تا ئەو ئاستەی پسپۆڕانی بواری سیاسیی پێیانوایە؛ حکومەتی ناوەندیی دەیەوێت ڕێڕەوی کێشەکانی لەگەڵ هەرێمدا بگوازێتەوە بۆ کێشەی نێوان حکومەتی هەرێمو کۆمپانیا نەوتییەکان، بەوپێیەی ئەو کۆمپانیایانە گرێبەستیان لەگەڵ هەرێمدا ئیمزاکردووە، نەک بەغداو بەردەوامبوونی ئەو کێشەیەش ئەگەری سکاڵاکردن لەلایەن ئەو کۆمپانیایە لە حکومەتی هەرێم دەهێنێتە ئاراوە لە دادگای نێودەوڵەتی سەبارەت بە نەدانی پارەکانیان، کە بە ملیۆنەها دۆلار مەزەندە دەکرێت.

پەرلەمانتار د.بایەزید حەسەن، ئەندامی لیژنەی نەوتو گاز، لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە «حکومەتی هەرێم لەژێر گوشاری کۆمپانیا وەبەرهێنەکانی نەوتدایە».
بە و پێیە ی

دەیان ملیۆن دۆلاریان سەرفکردووەو تائێستا پارەکەیان نەدراوەتەوە.

پەرلەمانتار ئیسماعیل گەلاڵەیی، ئەندامی لیژنەی پیشەسازییو وزەو سەرچاوە سروشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان، گرێبەستە نەوتییەکانی حکومەتی هەرێمی بە «گرێبەستی تاڵانکردنی نەوتی کوردستان» ناودەباتو دەڵێت: «حکومەتی هەرێم چیتر ناتوانێت نەوت بنێرێتە دەرەوە تا پارەی ئەو کۆمپانیایانە نەدات کە وەبەرهێنانیان لە کەرتی نەوتی هەرێمدا کردووە، ئەمەش حکومەتی هەرێمی خستووەتە ژێر گوشاری کۆمپانیاکانەوە».

بە بۆچوونی ئەو پەرلەمانتارەی کوردستان، «حکومەتی هەرێمو وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لەم گەمەیەدا دۆڕاون». بەوپێیەی کاتێک نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا دابەزی، گوشارێکی گەورە لەسەر عێراق دروست بوو، بۆیە رەزامەندییان دا کە حکومەتی هەرێم نەوتەکەی لە ڕێگەی بەغداوە بفرۆشێت، بەڵام دوای ئەوەی بازاڕی نەوت بەرزبووەوە ئێستا پێویستیان بەو سازشە نییە بۆ هەرێمی بکەن. گەلاڵەیی وتیشی: «من پێموایە حکومەتی عێراق رازی نابێت بە گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێم، کە لە راستیدا زوڵمێکی زۆرە لە خەڵکی کوردستانو نەوەکانی ئایندە دەکرێت».

## نەوتو یاسایەکی نوێ

پرۆسەی ناردنەدەرەوەی نەوتی هەرێم بە ڕێژەی (١٠٠) هەزار بەرمیل لە رۆژێکداو پەلهاویشتن بەرەو زیادکردنی ئەو ڕێژەیە بۆ (٢٠٠) هەزار بەرمیل، وەک لە روونکردنەوەکەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکاندا هاتووە، پرسیاری لەسەر قازانجی خەڵکی کوردستان دروستکردووە لە ناردنەدەرەوەی ئەو نەوتە، بەتایبەت کە داهاتەکەی دەخرێتە سندوقی ئاوەدانکردنەوەی عێراق (dfi)، کە لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە سەرپەرشتی دەکرێتو لەوێوە داهاتەکانی نەوت دەچێتە خەزێنەی دەوڵەتی عێراقی، ئەمە سەرەڕای ئەوەی لە مادەی (١١٢) ی دەستووری عێراقدا ئاماژە بەوە کراوە، کە داهاتە سروشتییەکان بەگوێرەی ژمارەی دانیشتووان بەسەر پارێزگاکاندا دابەشدەکرێتو لە غیابی سەرژمێریی دانیشتووانیشدا ئەو هەڵسەنگاندنە دەکەوێتە گومانەوە.

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست رۆژنامە کەوتوون، ئێستا پرۆژەیاسایەک خراوەتە بەردەستی پەرلەمانی عێراق، کە بەپێی ئەو یاسایە بڕی نیو دۆلار لە فرۆشتنی هەر بەرمیلێک نەوت بۆ ئەو هەرێمو پارێزگایانە تەرخاندەکرێت کە نەوتیان لێ دەردەهێنرێت، لە ئێستاشدا عێراق رۆژانە نزیکەی (١) ملیۆنو (٩٠٠) هەزار بەرمیل نەوت هەناردە دەکات، کە تەنیا پارێزگای بەسرە (١) ملیۆنو (٣٠٠) هەزاری بەردەکەوێتو ڕێژەکەش لە کەرکوک نزیکەی (٥٠٠ –٦٠٠) هەزار بەرمیلە، بە پەسەندکردنی ئەو یاسایەو بەگریمانەی ڕێکەوتنی بەغداو هەرێم لەسەر کێشەی نەوتی نێوانیان، بەشێوەی سەرەتایی حکومەتی هەرێم رۆژانە (٥٠) هەزا دۆلار قازانج دەکاتو ئەم ڕێژەیەش بۆ (٢٠٠) هەزار بەرمیل بەرزدەکرێتەوە، کە ئەوکاتەش بڕی ئەو پارەیەی دەخرێتە سەر بودجەی هەرێم دەگاتە (١٠٠) هەزار دۆلار لە رۆژێکدا.

# پڕۆژەیەکی ئاودێریی مەترسیی لەناوچوونی لێدەکرێت

شاسوار مامە

**پڕۆژەی ئاودێریی گوندەکانی سنووری ناحیەی سەنگەسەر، کە لە بناری قەندیلەوە ئاوی کشتوکاڵ بۆ گوندەکانی ناوچەی پشدەر دەگوازێتەوە، بەهۆی پارێزگارینەکردنو نۆژەننەکردنەوەی لەلایەن حکومەتەوە مەترسی لەناوچوونی لێدەکرێت.**

ئەو پڕۆژەیە بە یەکێک لە گەورەترین پڕۆژەکانی ئاودێریی سنووری پارێزگای سلێمانی هەژماردەکرێتو نزیکەی (١٠) هەزار دۆنم زەوی کشتوکاڵیی لە ناحیەی سەنگەسەرو دەوروبەری پشت بەو پڕۆژەیە دەبەستن، بەڵام بەهۆی نۆژەننەکردنەوەی، گرفتی بۆ جوتیاران دروستکردووەو دانیشتووانی ئەو گوندانە داوادەکەن حکومەت پڕۆژەکەیان بۆ نۆژەن بکاتەوە، بۆئەوەی بەردەوامیی بدەن بە کشتوکاڵکردن.

عەلی سلێمان دانیشتووی گوندی قادراوا، ئاماژەی بەوەکرد؛ ئەو پڕۆژەیە زۆر کۆنەو تائێستاش نۆژەننەکراوەتەوە، بە رۆژنامەشی وت: «بەهۆی بارانو لافاوەوە قوڕو لیتەی زۆر لەناو جۆگاکە کۆبووەتەوەو ڕێگای گرتووە لەبەردەم رۆشتنی ئاوی جۆگاکە».

بە بڕوای عەلی سلێمان «پڕۆژەیەکی لەو شێوەیە گەورە جارێکیتر دروستناکرێتەوە»، بۆیە هیوای خواست حکومەت دەستبەرداری ئەو پڕۆژە ئاودێرییە نەبێتو نۆژەنی بکاتەوە.

لەماوەی دووساڵی رابردوودا هەرێمی کوردستان دەیناڵاند بەدەست وشکەساڵیی و کەمیی ئاو بۆ کشتوکاڵو تەنانەت خواردنەوەش، ئەمەش لەکاتێکدا کە هەرێمی کوردستان دەوڵەمەندە بە ڕێژەیەکی زۆر ئاوی سەرزەوی، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە وەک پێویست بەکاریان بهێنێت.

حەسەن مەحمود دانیشتووی گوندی زورکان بۆ رۆژنامە وتی: «بژێویی ژیانمان لەسەر کشتوکاڵکردنە، کشتوکاڵی گوندەکانی ئێمەش پشت بەو پڕۆژە ئاودێرییە دەبەستن، بەڵام بەهۆی خراپبوونی پڕۆژە ئاودێرییەکەو نۆژەننەکردنەوەی، کاریگەریی دروستکردووە لەسەر کشتوکاڵو بەهۆیەوە کشتوکاڵکردن کەمی کردووە». ناوبراو داوای لە حکومەتیش کرد، ئەو پڕۆژەیەیان بۆ نۆژەنبکاتەوە بۆئەوەی درێژە بە کشتوکاڵ بدەن.

لەبارەی ئەم پڕۆژە ئاودێرییەوە رۆژنامە پەیوەندیکرد بە بەڕێوەبەری هۆبەی کشتوکاڵیی سەنگەسەر، بەڵام خۆیان بە بەرپرسیار نەزانیو رایانگەیاند، ئەو پڕۆژەیە پەیوەندیی بە ئەوانەوە نەماوەو بەڕێوەبەرێتیی ئاودێریی سەنگەسەر بەرپرسیارن، هەرچەندە پەیامنێری رۆژنامە سەردانی بەڕێوەبەرێتیی ئاودێریی سەنگەسەری کرد، بەڵام پێیان راگەیاندن کە بەڕێوەبەری ئاودێریی ناحیەکە خانەنشینکراوەو تائێستاش کەس لە شوێنەکەی دانەنراوە.

# قەرەبووکردنەوە نەیتوانیوە ناوچە جێناکۆکەکان ئاسایی بکاتەوە

راپۆرتی: پشتیوان سەعدوڵڵا



لیژنەی باڵای مادەی ١٤٠ی دەستووری عێراق

لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا، حکومەتی عێراق بڕی (٧٤١)ملیارو (٤٢٠)ملیۆن دیناری سەرفکردووە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئاوارەو هاوردە لە ناوچە جێناکۆکەکاندا، لەگەڵ ئەوەشدا داوای بڕی (٦٥٣)ملیارو (٢٥٠)ملیۆن دیناری دیکە کراوە بۆ قەرەبووکردنەوە، بەڵام هێشتا قۆناغی یەکەمی مادەی (١٤٠) کە ئاساییکردنەوەیە تەواو نەبووە.

بەپێی دوا راپۆرتی لیژنەی دارایی، لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)، لە ساڵی (٢٠٠٧)ەوە تا (٢٠٠٩/١١/٣٠) لە هەر سێ پارێزگای (کەرکوک، دیالە، نەینەوا) ئاوارەو هاوردە بە بڕی (٧٤١)ملیارو (٤٢٠)ملیۆن دینار قەرەبووکراونەتەوە، هەروەک داوای بڕی (٦٥٣)ملیارو (٢٥٠)ملیۆن دینار کراوەو تا ئێستا سەرفنەکراوە، بەوپێیە (٦٣١٥٨) مامەڵە قەرەبووکراونەتەوەو (٥٦٣٢٣) مامەڵە قەرەبوو نەکراونەتەوە.

دوای رووخاندنی رژێمی پێشووی عێراق، ئیدارەیەکی کاتیی هێزەکانی هاوپەیمانان دامەزراو بەپێی بڕیارەکانی ئەو ئیدارەیە، ئەنجومەنی حوکمی عێراق پێکهاتو یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی بۆ قۆناغی گواستنەوە نووسییەوەو مادەی (٥٨)ی لەو یاسایەدا جێگیرکرد، کە تایبەتبوو بە کێشەی کەرکوکو ئەو ناوچانەی کە کێشەیان لەسەربوو، دواتر لە (٢٠٠٥/١/٣٠) کۆمەڵەی نیشتمانیی عێراق هەڵبژێردراو حکومەتی عێراقی بۆ قۆناغی گواستنەوە پێکهێنا بە سەرۆکایەتی د.ئیبراهیم جەعفەریو دووبارە حکومەتی قۆناغی گواستنەوە راسپێردرایەوە بە جێبەجێکردنی مادەی (٥٨).

بەپێی خاڵی یەک لە بڕگەی (ا)ی مادەی (٥٨): «پێویستە حکومەت لە ماوەیەکی دیاریکراودا سەرجەم راگوێزراو و هاوردەو دوورخراوەکان بگەڕێنێتەوە شوێنی خۆیانو چارەسەری کێشەکانیان بکاتو بەشێوەیەکی دادگەرانە قەرەبوویان بکاتەوە». بەپێی خاڵی دووەمی هەمان مادە «سەبارەت بەو کەسانەی کە لە ناوچەکانی دیکەوە هاوردەکراون بۆ کەرکوک، پێویستە حکومەتی عێراق گرەنتی گەڕانەوەیان بکات بۆ شوێنەکانی خۆیانو خەرجی گەڕانەوەو قەرەبووی پێویستیان بکاتەوەو شوێنی نیشتەجێبوونیشیان بۆ دابینبکات».

دواتر مادەی(٥٨) خرایە چوارچێوەی دەستووری عێراقەوەو ریزبەندی مادەی (١٤٠)ی دەستووری عێراقی وەرگرت، دیسانەوە بەپێی مادەی(١٤٠) دەبێت، ناوچەجێناکۆکەکان بە سێ میکانیزمی (ئاساییکردنەوە، سەرژمێریکردن، ریفراندۆم) چارەنووسیان یەکلاییبکرێتەوە.

هەروەک لە کارنامەی حکومەتەکەی مالیکیشدا، حکومەتی عێراق پابەندکراوە بە مادەی(١٤٠)ەوە، بەپێی بڕگەی(٢٢) لە کارنامەی حکومەتی مالیکی «حکومەت پابەندە بە جێبەجێکردنی مادەی(١٤٠) لە دەستووری هەمیشەیی عێراق، کە پشت دەبەستێت بە مادەی(٥٨) لە یاسای کاتیی ئیدارەی دەوڵەت، ئەم جێبەجێکردنەش بەسێ قۆناغ دەبێت (ئاساییکردنەوە، سەرژمێریی، ریفراندۆم)، لە کەرکوکو ناوچەکانی دیکە کە ناکۆکییان لەسەرە، حکومەتیش هەر لەسەرەتای پێکهێنانیەوە هەنگاوی پێویست دەگرێتەبەر بۆ جێبەجێکردنی رێوشوێنەکانی قۆناغی ئاساییکردنەوە».

شێرزاد عادل، ئەندامی لیژنەی مادەی(١٤٠) و قوربانییانو پاکتاوی رەگەزیی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، بە رۆژنامەی راگەیاند: بەپێی دەستوور، حکومەتی عێراق پابەندە بە جێبەجێکردنی ماددەی(١٤٠)و هەروەها لە کارنامەی نوری مالیکیشدا، باس لەوەکراوە کە حکومەت پابەندە بە جێبەجێکردنی مادەکە، بەڵام دوای چەند ساڵ تا ئێستا بڕگەیەکی بچووکی قۆناغی یەکەم جێبەجێ نەکراوە، ئەویش قەرەبووکردنەوەی ئاوارەو هاوردەیە کە بە رێژەیەکی کەم قەرەبوودەکرێنەوە، چونکە (١٠-٢٠)ملیۆن دینار بۆ قەرەبووکردنەوە پارەیەکی زۆر کەمەو نابێتە هۆی ئاساییکردنەوەی ناوچەجێناکۆکەکان.

وتیشی: «پێویستبوو پەرلەمانی عێراق، موحاسەبەی حکومەتی بکردایە، بەهۆی باپەندنەبوونی بە جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) ەوە، هەروەها دەبوو لیستی هاوپەیمانیی فشاری هەبوایە بۆ جێبەجێکردنی ئەو مادده دەستوورییەو دواتریش بۆ موحاسەبەکردنی حکومەت، چونکە حکومەتی عێراق نایەوێت (١٤٠) جێبەجێبکرێتو هاوکاری هەنگاوەکانی بەڕێوەچوونی قۆناغی یەکەمی ئەو مادەیە ناکات، بۆیە بە رای من، بەم شێوازەی ئێستا، حکومەت ناتوانێت قۆناغی یەکەمی مادەکە کە ئاساییکردنەوەیە، تێبەپەڕێنێت».

## پێکهێنانی لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)

لە رۆژی (٢٠٠٦/٨/٩) لیژنەی باڵای حکومیی بۆ جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)پێکهات کە دەبوو مادەکە بە سێ هەنگاو جێبەجێبکات. دوای ساڵێک لە پێکهێنانی لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی(١٤٠)، لیژنە باڵاکە چەند بڕیارێکی دەرکرد بە مەبەستی میکانیزمی جێبەجێکردنی قۆناغی یەکەمی مادەی(١٤٠)، بەتایبەت قەرەبووکردنەوە.

بەپێی بڕگەی (ب)ی بڕیاری ژمارە (٢)ی (٢٠٠٧/١/١٦)ی لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) «قەرەبووکردنەوەی ئەو خێزانانەی راگوێزراونو کۆچیانپێکراوە بە بڕی (١٠) ملیۆن دینار». هەروەک بەپێی بڕگەی (١)ی بڕیاری ژمارە (٣)ی (٢٠٠٧/٢/١) «گەڕاندنەوەی هەموو خێزانە هاوردەکان بۆ ئەو ناوچانەی ناکۆکییان لەسەرەو مادەی(١٤٠) دەیانگرێتەوە بۆ ناوچەکانی پێشووی خۆیانو بۆ ئەو مەبەستەش بڕی (٢٠)ملیۆن دیناریان پێبدرێت».

ناوچەجێناکۆکەکانی سنووری پارێزگای کەرکوک کە مادەی (١٤٠)دەیانگرێتەوەو قەرەبوودەکرێنەوە (پارێزگای کەرکوک بە تەواوی قەزاو ناحییەکانییەوە لەگەڵ قەزای قەزای داقوق، دوزخورماتوو، چەمچەماڵ، کەلار، کفری، تازەخورماتوو).

ناوچەجێناکۆکەکانی سنووری پارێزگای موسڵ کە مادەی (١٤٠) دەیانگرێتەوەو قەرەبوودەکرێنەوە(قەزای سنجارو ناحیەکانی، قەزای شێخانو ناحیەکانی، قەزای حەمدانییەو ناحیەکانی، قەزای تلکێفو ناحیەکانی، ناحیەی بەعشیقە، ناحیەی قەحتانییە، قەزای مەخمورو ناحیەکانی، ناحیەی زمار، قەزای عەقرەو ناحیەکانی).

ناوچەجێناکۆکەکانی سنووری پارێزگای دیالە کە مادەی (١٤٠) دەیانگرێتەوەو قەرەبوودەکرێنەوە (قەزای خانەقینو ناحیەکانی، جەلەولا، سەعدییە، قەزای میقدادییەو ناحیەکانی، قەزای بەلەدروز لەگەڵ ناحیەی مەندەلی، قەزای بەدرەو ناحیەی جەسان، ناحیەی مەیدان، ناحیەی قۆرەتوو).

لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی(١٤٠) لە هەرسێ پارێزگای کەرکوکو دیالەو موسڵ، سێ نووسینگەی تایبەتی هەیە: (نووسینگەی پارێزگای کەرکوک کە ئۆفیسەکەی لە ناو شاری کەرکوکە، نووسینگەی پارێزگای دیالە کە ئۆفیسەکەی لە شاری خانەقینە، نووسینگەی پارێزگای موسڵ کە ئۆفیسەکەی لە قەزای مەخمورە).

لە سنووری هەر سێ پارێزگای (کەرکوک، دیالە، نەینەوا)دا هەزاران مامەڵەی قەرەبووکردنەوە تائێستا چەکیان بۆکراوە، ئەو ئاوارانەی لەم پارێزگایانەدا چەکیان بۆ کراوە ژمارەیان (٥٢١٧٤) مامەڵەیەو بڕی (٥٢١) ملیارو (٧٤٠)ملیۆن دیناریان بۆ سەرفکراوە، هەروەها ئەو هاوردانەی کە چەکیان بۆ کراوەو قەرەبووکرانەوەتەوە ژمارەیان (١٠٩٨٤) مامەڵەیەو کە بڕی (٢١٩)ملیارو (٦٨٠)ملیۆن دیناریان بۆ سەرفکراوە، بەوپێیە، لەو ماوەیەدا ئاوارەو هاوردە، بە بڕی (٧٤١)ملیارو (٤٢٠) ملیۆن دینار قەرەبووکراونەتەوە.

لەلایەکی دیکەوە(٣٢٩٠٦)مامەڵەی ئاوارەکە چەکیان بۆ کراوە، بەڵام قەرەبوونەکراونەتەوە، بڕی قەرەبووکردنەوەکەیان دەکاتە (٣٢٩)ملیارو (٦٠)ملیۆن دینار، هەروەها (٥٤٩٨) مامەڵەی هاوردە کە چەکیان بۆ کراوە، بەڵام قەرەبوونەکراونەتەوە، بڕی قەرەبووکردنەوەکەیان دەگاتە (١٠٩)ملیارو (٩٦٠)ملیۆن دینار، بەو پێیە کۆی بودجەی مامەڵەی (ئاوارەو هاوردە) کە چەکەکانیان لە لیژنەی داراییە (٤٣٩)ملیارو (٢٠)ملیۆن دینارە.

ئەمە جگە لەوەی (١٢٣٤٣) مامەڵەی ئاوارە کە ئێستا لە لیژنەی داراییندو تا ئێستا چەکیان بۆ نەکراوە، هەروەها (٣٤٩٥) مامەڵەی هاوردە ئێستا لە لیژنەی داراییندو تا ئێستا چەکیان بۆ نەکراوە.

سەرەڕای سێ ساڵ لە کارکردن، بەڵام تا ئێستا لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) قۆناغی یەکەم (ئاساییکردنەوە)ی مادەکەی تێنەپەڕاندووە، هاوکات بە بۆچوونی چاودێران، سستییەکی زۆر لە کارەکانی لیژنەکەدا دەبینرێت.

جوان حەسەن، ئەندامی لیژنەی مادەی (١٤٠)و قوربانییانو پاکتاوی رەگەزیی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، بە رۆژنامەی راگەیاند: ئیشوکارەکانی لیژنەی باڵا لە قەرەبووکردنەوەی ئاوارەو هاوردە کەموکورتی تێدایە، چونکە تا ئێستا کۆمەڵێک خێزان قەرەبوونەکراونەتەوە، لەکاتێکدا مافی خۆیانە قەرەبوو بکرێنەوە، جگەلەوەش ئیشوکارەکانی لیژنەی باڵا بە سستی بەڕێوەدەچێتو کاتی زۆر بەفیڕۆ دەدرێت.

ئەو ئەندامەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، بێئاگایی لیژنەکەیانی لە چۆنێتیی جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی مادەی (١٤٠) دەربڕی، «ئێمە وەکو لیژنەی مادەی (١٤٠)ی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، هیچ رۆڵو چالاکییەکی نییە، بۆیە وەکو لیژنەکە زانیاریی ئەوتۆمان لەسەر چۆنێتیی بەڕێوەچوونی کارەکانی قەرەبووکردنەوە نییە».

## قەرەبووکردنەوە هۆکار نەبووە بۆ ئاساییکردنەوەی ناوچەجێناکۆکەکان

لەگەڵ ئەوەی ئامانجی حکومەتی عێراق لە قەرەبووکردنەوە، ئاساییکردنەوەی ناوچەجێناکۆکەکانە، بەڵام بە بڕوای شارەزایانو چاودێران، سیستەمی قەرەبووکردنەوە نەبووەتە پاڵپشت بۆ ئاساییکردنەوە.

بە بۆچوونی لەتیف فاتیح، رۆژنامەنووسو شارەزا لە مەسەلەی کەرکوک، سیستەمی قەرەبووکردنەوە لە عێراقدا نەیتوانیوە بارودۆخی ناوچە جێناکۆکەکان ئاسایی بکاتەوەو هۆکاریش نەبووە بۆ گەڕانەوەی ئاوارەو هاوردەکان بۆ شوێنی خۆیان، چونکە عەرەبە هاوردەکان قەرەبووەکە وەردەگرنو لە بەرامبەردا ناگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانی پێشووی خۆیان، جگەلەوەش سیستەمی قەرەبووکردنەوە عەدالەتی تێدانییەو بۆ گەڕانەوەی عەرەبی هاوردە (٢٠)ملیۆن دینار دانراوە، بەڵام بۆ گەڕانەوەی کوردی ئاوارە (١٠)ملیۆن دینار دانراوە.

# توندوتیژیی دژی پیاوان رووی لە زیادبوونە

شارا عەبدولڕەحمان

لەساڵی رابردوودا لەسنووری سلێمانی زیاتر لە (٥٥) حاڵەتی توندوتیژیی دژی پیاوان تۆمارکراوە، کە چەند حاڵەتێکیان بریتیبوون لە خۆکوشتنی پیاوان لە داخی خێزانەکانیانو کوشتنی پیاوان بەدەستی ژنەکانیان بەشێوەیەکی دڕندانە، ئەمە لەکاتێکدایە کە حاڵەتەکانی توندوتیژی دژی پیاوان لە ساڵی (٢٠٠٨)دا (٣٣) حاڵەت بووە.

بەپێی ئامارێکی رێکخراوی داکۆکیی لەمافی پیاوان، کە دەست رۆژنامە کەوتووە، لەساڵی (٢٠٠٩)دا، (٥٣) حاڵەتی توندوتیژیی دژی پیاوان لەلایەن ئەندامانی خێزانەکانیانەوە تۆمارکراوە، کە (١١) حاڵەتیان بریتی بووە لە دەرکردنی پیاوانی بەتەمەن لە ماڵەکانیان، (١٧) حاڵەتیشیان چارەسەرکردنی کێشەی خێزانیی بووەو زیاتر لە (٢٠) حاڵەتیشیان توندوتیژیی جەستەیی بووە بەرامبەر پیاوان، ئەمە جگە لەوەی کە (٩) حاڵەتی خۆکوشتنی پیاوان لەداخی خێزانەکانیانو چەند حاڵەتێکی کوشتنی پیاوان بەدەستی ژنەکانیان بەشێوەیەکی دڕندانە تۆمارکراوە، ئەمە لەکاتێکدا حاڵەتەکانی توندوتیژیی دژی پیاوان لە ساڵی (٢٠٠٨)دا بریتی بوون لە (٣٣) حاڵەت.

بورهان عەلی سەرۆکی رێکخراوی داکۆکیی لەمافی پیاوان بە رۆژنامەی راگەیاند: هۆشیاربوونەوەی پیاوان لە بوونی رێکخراوێک بۆ داکۆکیی لە مافەکانیان هۆکارێکی دیاری زیاتر تۆمارکردنی حاڵەتەکانە، ئەمە جگە لەوەی هۆکارێکی دیاری دیکە بۆ زۆربوونی حاڵەتەکان، خراپ پەروەردەکردنی ژنان لەلایەن هەندێک لە رێکخراوی داکۆکیی لە مافەکانی ژنانەوە کە بەشێوەیەک ژنان پەروەردە دەکەن، کە لەبری ئەوەی داوای یەکسانی بکەن لەگەڵ پیاواندا، رووبەڕووبوونەوە هەڵدەبژێرنو توندوتیژی بەرامبەر مێردەکانیان ئەنجامدەدەن».

سەبارەت بەو پیاوە بەتەمەنانەش، کە لەماڵ دەردەکرێن، بورهان عەلی وتی: «ئێمە لە کەیسەکانیان دەکۆڵینەوەو هەوڵی گێڕانەوە بۆ خێزانەکانیان دەدەین، بەڵام ئەگەر خێزانەکانیان سووربوون لەسەر ئەوەی لەگەڵیاندا نەژین، ئەوا پەنا دەبەینە بەر دابینکردنی پارەی مانەوەیان لە ئوتێلەکاندا، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە خەڵوەتگەی پیری بەداخەوە بەواستە خەڵک وەردەگرێتو رێژەی وەرگرتنی پیرەکانیش لەو خەڵوەتگەیە سنووردارە».

# بۆچی کیمیابارانی هەڵەبجە نەبوو بە تاوانی جینۆساید؟

راپۆرتی: دیار ئەحمەد

**خەڵکی جیهان‌و کوردستان‌و لەپێش هەمووشیانەوە هەڵەبجەییەکان بە گومانەوە لەو بڕیارە دەڕوانن، کە رۆژی (٢٠١٠/١/١٧) دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق لەبارەی کەیسی هەڵەبجەوە دەریکرد و ئەو کەیسە نەبوو بە تاوانی جینۆساید. ئەگەرچی شارەزایانی ئەو بوارە پێیانوایە؛ گازبارانی هەڵەبجە هەموو رەگەزەکانی تاوانی جینۆسایدی تێدایە.**

گـۆران ئەدهەم، سەرۆکی دەستەی پارێزەرانی دۆسیەی هەڵەبجە ئاماژە بەوە دەکات؛ کە دەستەی پارێزەرانی هەڵەبجە پێیان باشتر بوو کەیسەکە بە جینۆساید بناسرێت، لە بەرامبەردا دادگاش بۆچوونی وابوو، کە ئەمە تاوانی دژی مرۆڤایەتییەو بە نەتیجە بۆچوونەکەی دادگا سەریگرت، بەڵام ئەو پارێزەرە بڕیارەکەی دادگاش بە کەم نازانێت‌و دەڵێت: ئەو حوکمە حکومێکی کەم نییەو بۆ یەکەمجارە لەلایەن دادگایەکی عێراقییەوە بڕیاری تاوانبارکردنی سەرانی رژێـمی پێشوو بـدرێـت‌و بە رەسمیی بڕیاربدرێت کە حکومەتی عێراقی هەستاوە بە کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە، ئەمە خۆی لە خۆیدا سەرکەوتنە.

دۆسیەی هەڵەجە یەکێکە لەو دۆسیە قورسانەی کە لەدوای دروستبوونی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقەوە یەکلاییکردەوە، بەڵام یەکلاییکردنەوەی دۆسیەی هەڵەبجە نەبووە جێگەی رەزامەندیی هەڵەبجەییەکان‌و خەڵکی هەرێمی کوردستان، چونکە دادگا ئەو دۆسیەیەی وەک تاوانی دژی مرۆڤایەتی ناساند، نەک تاوانی جینۆساید.

عومەر محەمەد، شـارەزا لە بواری ناسینەوەی تاوانی جینۆساید، پێیوایە؛ دەستێوەردانێکی سیاسیی هەیە لە دۆسیەکەداو ئاماژە بەوەشدەکات؛ لە دۆسیەی گازبارانی هەڵەبجەدا تەنیا سەرانی رژێمی بەعس تاوانبار نین، بەڵام رژێمی بەعس جێبەجێکەری تاوانەکەیە.

بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی ئەمیر قادر، هەڵسوڕاو لەبواری بزووتنەوەی دژی جینۆسایدی خەڵکی کوردستان، کە لەسەر رۆڵی کۆمپانیاو دەوڵەتان لە جینۆسایدی خەڵکی کـوردسـتـانـدا ئەنجامیداوە، کۆمپانیاکانی هەریەک لە وڵاتانی میسر، هیند، سەنگافوور، ئەڵمانیا، لۆکسمبۆرگ، هۆڵەندا، ئیسپانیا، سویسرا، بەریتانیا، وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا هاوکاریی رژێمی بەعسیان کردووە لە دەستکەوتنی گازی ژەهراویی، کە پاشتر رژێمی بەعس دژی خەڵکی کوردستان بەکاریهێناوە، بەتایبەتی لە هەڵەبجە.

ئەگەرچی دادگـای بـاڵای تاوانەکان لـە عـێـراق دۆسـیـەی کیمیابارانی هەڵەبجەی وەک تاوانی دژی مرۆڤایەتی یەکلاییکردەوەو ئەنجامدەرانی حکومدا، بـەڵام پـارێـزەرانـی دۆسیەی هەڵەبجە پێیانوایە؛ هێشتا کەیسەکە تەواونەبووەو داوای تەمیزکردنەوەی حوکمەکە دەکەن.

گـۆران ئەدهەم، سەرۆکی دەستەی پـارێـزەرانـی دۆسـیـەی هەڵەبجە، بۆ رۆژنامەی ئاشکراکرد؛ تائێستا داوای تەمیزکردنەوەی دۆسیەی هەڵەبجەی پێشکەشی دادگـای باڵای تاوانەکان لە عێراق نەکردووەو بڕیارە هەفتەی داهاتوو ئەو داوایە پێشکەش بکەین».

کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە بە گەورەترین تاوانی کۆمەڵکوژی‌و تاوانی دژی مرۆڤایەتیی دەژمێردرێت‌و پێشتریش پەرلەمانی عێراق بڕیاری جینۆسایدی لەبارەی هەردوو تاوانی هەڵەبجەو ئەنفال داوەو دادگای شاری دەنهاغ‌و شاری لاهای هۆڵەنداش هەمان بڕیاری لەسەرداوەو بەڵگەکان بە روونی سەلماندوویانە کەوا دەوڵەتی عێراقی پێشوو پێشێلی هەموو یاسایەکی جەنگ‌و یاسا نیودەوڵەتییەکانیان کردووەو تاوانی جینۆسایدیان ئەنجامداوە.

رێـکـخـراوی سـپـی بـۆ نـاوچـە کیمیابارانکراوەکانی کوردستانیش لە بەیاننامەیەکدا ئاماژەیان بەوەکردووە؛ گازبارانکردنی شـاری هەڵەبجەو ئەو کۆمەڵکوژی‌و تـاوانـەی لێیکەوتەوە، بریتیبوو لە (کۆمەڵکوژی، تاوانی دژی مرۆڤایەتی، تاوانی جەنگ، بەکارهێنانی چەکە کۆکوژەکان، دواتریش ئاوارەیی هەڵەبجەییەکان‌و ئەنفالکردنیان)، بۆیە پێیانوایە؛ ئەو بڕیارەی دادگـای باڵای تاوانەکانی عـێـراق لـەبـارەی کەیسی هەڵەبجەوە لەئاستی پێویستدا نییە.

دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق جگە لەوەی کەیسی هەڵەبجەی وەک تاوانێکی مرۆیی ناساند، سزای لە سێدارەدانی بۆ عەلی حەسەن مەجید دەرکردو هەر یەک لە فەرحان موتڵەگی بە (١٠) ساڵ زیندانیی‌و سوڵتان هاشم بە (١٥) ساڵ زیندانیی‌و سابیر دووری بە (١٥) ساڵ زیندانیی حکومدا.

لەبارەی لە سێدارەدانی عەلی حەسەن مەجید، کە یەکێکە لە ئەنجامدەرانی گازبارانی هەڵەبجەو لەسەر ئەو تاوانە سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرکرد، گۆران ئەدهەم وتی: «سەرۆک وەزیرانی عێراق لاری نییە لەوەی هاوڵاتییەکی هەڵەبجە پەتی لەسێدارەدان بخاتە ملی عەلی حەسەن مەجیدەوە لەکاتی لەسێدارەدانیدا».

چاودێرانی سیاسی یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی بەجینۆساید نەناساندنی کەیسی گازبارانی هەڵەبجە بۆ هەڵەکانی سەرکردایەتیی کورد دەگێڕنەوە، لەپێش هەمووشیانەوە ئـازادکـردنـی تاریق رەمەزان، کە یەکێک بوو لە فرۆکەوانەکانی گازبارانکردنی هەڵەبجە، بەڵام ئاسایشی گشتیی سلێمانی ئازادیانکرد.

عومەر محەمەد بەنیگەرانییەوە لە ئەنجامی دۆسیەکە دەڕوانێت‌و دەڵێت: زۆر بەلامەوە سەیرە لە هەڵەبجە هەڵپەرکێ دەکـرێ‌و موناسەبە دەکرێت، کە عەلی حەسەن مەجید لەسێدارە دەدرێت، بەڵام بە لەسێدارەدانی عەلی حەسەن مەجید دەیانەوێ چاوپۆشیی لەوە بکەن گەورەترین تاوانی جینۆساید دیزەبەدەرخۆنە بکەن، ئەمە مەئەساتی میللەتێکە.



سزای تاوانبارانی دۆسیەی هەڵەبجە بە دڵی هەڵەبجەییەکان نەبوو

# پێنج مانگە پێشمەرگەیەکی زێرەڤانی بێسەروشوێنە

عەبدولڕەحمان ئەبوبەکر

گەڕانی زیاتر لە ٥ مانگی ژنێکی ٨٠ ساڵ بەدوای کوڕە بێسەروشوێنەکەیدا بێئەنجام مـاوەتـەوەو تائێستا کەسوکارەکەشی هۆکارو شوێنەواری دیارنەمانی کوڕە ٤٠ ساڵەکەیان نازانن.

پێشمەرگەیەکی زێرەڤانی ماوەی پێنج مانگە بێسەروشوێنەو هاوڕێیەکی دیکەی کە دەستگیرکرابوو بە گومانی هەبوونی پەیوەندی بە دیارنەمانیەوە ئازادکراوەو ئاسایشی یەکێتیش لە قەرەهەنجیر ئاماژە بەوە دەکات کە هیچ زانیارییەکیان لەسەر دیارنەمانی ئەو پێشمەرگەیەی زێرەڤانی دەست نەکەوتووە.

پـوورە ئامینە، ژنـێـکـی ٨٠ ساڵی دانیشتووی ناحیەی قەرەهەنجیرە، ئەو هیچ لەبارەی وردەکاریی دیارنەمانی کوڕە ٤٠ ساڵەکەیەوە نازانێت تەنها بە رشتنی فرمێسکە نەبڕاوەکانی ئەوە دەگێڕێتەوە کە ٥ مانگ لەمەوبەر کوڕەکەی لەگەڵ هاوڕێیەکیدا چووەتە دەرەوەو نەگەڕاوەتەوە.

ئامینە، خەمبار بوو بەوەی بەرپرسان هاوکاری ناکەن‌و هیچ زانیاری‌و ئاسەوارێکی نادەنێ لەکاتێکدا پێشتر کوڕێکی کە بەڕێوەبەری پۆلیسی چەمچەماڵ بووە شەهیدبووە، وتی: «موقەدەم کاکەڕەشی کوڕم کاربەدەست‌و بەڕێوەبەری پۆلیسی چەمچەماڵ بوو کە شەهیدکرا، بەڵام ئێستا هیچ بەرپرس‌و دەسەڵاتدارێک دەرگام لێناکاتەوەو هەواڵێکم نادەنێ».

جەلال محەمەد ئەمین، کە خێزاندارەو چـوار کچی هەیە، تا ٥ مانگ لەمەوبەر کە دیـارنـەمـاوە لە فەوجی زێرەڤانی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشمەرگە بـووە، کەسوکارەکەشی گومانیان هەیە لـەوەی کـوڕەکـەیـان بێسەروشوێن‌و دەستگیرکرابێت.



ئامینەی دایـکـی جـەلال پەشیمانە لـەوەی کـوڕە گەورەکەشی بۆ یەکێتی خۆی بە کوشت داوەو پێیوایە جەلال بێسەروشوێنکراوەو وتیشی: «ئەو رۆژەی دیارنەما لەگەڵ هاوڕێیەکیدا کە ئاسایشە بەناوی (ا.ص) چووە دەرەوەو نەگەڕایەوە، هاوڕێکەی کەلوپەلەکانی هێنایەوە بۆیە ئێمە گومانمان لەوە، هەرچەندە دەستگیریش کرا بەڵام دواتر ئازادکرا».

لـەبـەرامـبـەردا هەڵکەوت عەبدوڵڵا بەرپرسی ئاسایشی یەکێتی لە کەرکوک، بۆ رۆژنامەی روونکردەوە کە لە پاش ئەوەی داوای یاسایی لەسەر هاوڕێکەی جەلال تۆمارکراوە دەستگیریان کردووە دواتر هیچ بەڵگەیەک نەبووە لە دژی‌و دادگا ئازادی کردووەو وتیشی: «ئێمەش وەک ئاسایش لێکۆڵینەوەمان لەو دۆسیەیە کردووە بەڵام هیچ زانیارییەکمان دەست نەکەوتووە».

بـەڵام دایـکـی جـەلال، رەخـنـە لە کاربەدەستان‌و کارنەکردنی پێویستیان دەکرێت‌و پێیوایە ئەو بەڵێنانەی بەرپرسان دەیـدەن بە خزمەتکردنی کەسوکاری شەهیدان جێبەجێی ناکەن، وتیشی: «بۆ سۆراخی کوڕەکەم چووم هێرۆخان‌و مام جەلال ببینم، بەڵام نەیانهێشت».

# قەڵادزێ خزمەتگوزاریی پێویستی نییە

راپۆرتی: شاسوار مامە - قەڵادزێ

بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزاریی، نارەزایی هاوڵاتییان لە شارو شارۆچکەو دێهاتەکانی کـوردسـتـان بـەردەوامـە. دانیشتووانی شاری قەڵادزێ نیگەرانیی خۆیان دەردەبڕن لە کێشەو گرفتەکانیان، کە تائێستا چارەسەرنەکراون، لەکاتێکدا چەندینجار بەڵێنیان پێدراوە داخوازییەکانیان جێبەجێبکرێت، بەتایبەت لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکان.

کێشە سەرەکییەکانی شاری قەڵادزێ هەروەک دانیشتووانەکەی باسی دەکەن بریتین لە تاپۆنەکردنی چەند گەڕەکێک، هەروەها نەبوونی ئاوی خـواردنـەوەو خراپیی رێگاوبان‌و خراپیی هێڵەکانی تەلەفۆنی نۆرماڵ‌و کێشەکانی بواری گەنجان.

محەمەد گردباخی، کە فەرمانبەرێکی ئەو شارۆچکەیەیە سەبارەت بە کێشەکانی شارەکە بە رۆژنامەی راگەیاند: «چەندین گەڕەک تائێستا تاپۆیان نییە، بەتایبەت گەڕەکە سەرەکییەکانی وەکو (ئاشتی‌و شەهیدانی ئاشتی)، ئەوەش هاوڵاتییانی بێبەشکردووە لە هەموو ئیمتیازێکی خانووبەرەو پێشینەی خانووبەرە».

گـردبـاخـی ئـامـاژەی بـەوەشـکـرد؛ کێشەیەکی دیکەی شارەکە نەبوونی راگری تایبەتە بە هێڵی تەلەفۆنی نۆرماڵ لە شارەکەدا، بەڵکو هێڵەکانی تەلەفۆنی نۆرماڵ لە رێگەی راگرەکانی کارەباوە راکێشراون، ئەوەش زۆرجار گرفتی بۆ دروستکردوون.

گەنجانی قەڵادزێش باس لەوە دەکەن، کە ئەو پرۆژانەی تایبەتن بە گەنج‌و خزمەت بە گەنجان دەکەن لە شارەکەیان بەرچاو ناکەون‌و پێیانوایە؛ دەسەڵات داخوازییەکانی گەنجانی شارەکەیان پشتگوێخستوون.

ریـشـوان مـحـەمـەد، کـە گەنجێکی شارەکەیە بۆ رۆژنامە وتی: «لە شاری قـەڵادزێ کەمترین پـرۆژەی تایبەت بە گەنجان جێبەجێکراوەو چەند ناوەندێکی رۆشنبیریی لە شارەکەمان هەن، بەڵام بۆ هەموو گەنجان نین‌و زۆرینەی گەنجانی قەڵادزێ سوودی لێ نابینن». ئەو گەنجە هیواشی خواست وەک ئـەوەی گەنجان توێژێکی گرنگی کۆمەڵن زۆرتـریـن خزمەتیان پێشکەش بکرێت.

قومری رەسوڵ، خانمێکی دانیشتووی گەڕەکی فەرمانبەرانی قەڵادزێیەو لە بارەی کەمیی خزمەتگوزارییەکانی قەڵادزێوە بۆ رۆژنـامـە وتـی: «کێشەمان زۆرن‌و چەندینجار بەڵێنمان پێدراوە گەڕەکەکەمان قیرتاوبکرێت، بـەڵام تائێستا بەڵێنی بەرپرسان جێبەجێنەکراون».

قومری رەسوڵ ئاماژەی بەوەشکرد؛ ئاوی خواردنەوەیان نییەو هەفتەی جارێک شارەوانی تانکەری ئاویان بۆ دەنێرێت. ئەو خانمە روونیکردەوە بەهۆی خراپیی رێگاوبان بەتایبەتی لە وەرزی زستان بە سەختی هاتووچۆ دەکەن.

ژمـــارەی دانـیـشـتـووانـی قـەزای قـەڵادزێ نزیکەی (٧٠) هـەزار کەسەو لەگەڵ فراوانبوونی شارەکە، پڕۆژەی خزمەتگوزاریی بەشێوەیەکی پێویست زیـادی نـەکـردووە، ئـەوەش نیگەرانیی هاوڵاتییانی لێ کەوتووەتەوە، کە حکومەت داواکانیان پشتگوێدەخات‌و خزمەتگوزاریی پێویستیان پێشکەش ناکات.

ئەندازیار دلاوەر قوبادئەحمەد، سەرۆکی شارەوانی قەڵادزێ، لەبارەی کێشەی تاپۆ لە شارۆچکەکەیان بە رۆژنامەی راگەیاند: «کێشەی تاپۆ لە چەند گەڕەکێک هەیە، بۆ ئەو مەبەستەش لە هەوڵی رێکخستنی نەخشەی گەڕەکەکانداین‌و تاپۆکردنی ئەو کۆمەڵە گەڕەکەی تاپۆیان نییە لە بەرنامەماندایە».

سـەبـارەت بـە کێشەی رێـگـاوبـان لـە قـەڵادزێ، سـەرۆکـی شـارەوانـی ئاماژەی بەوەکرد؛ بەڵێنی قیرتاوکردن‌و کۆنکرێتکردنی گەڕەکەکانیان بە هاوڵاتییان نـەداوە، تەنیا بەڵێنی تێکەڵەرێژکردنیان پێداون. وتیشی: «ئەو گەڕەکانە تازەن‌و سـەرجـەم هاوڵاتییان تـۆڕی ئاویان رانەکێشاوە، ئەگەر قیرتاویشی بکەن دواتر دەبێت هەڵکەندرێتەوە».

شارۆچکەی قەڵادزێ، کە ناسراوە بە قەڵای قوربانیدان شایەنی خزمەتگوزاریی زیاترن، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان لە (١٨) ساڵی رابـردوویـدا نەیتوانیوە وەک پێویست خزمەت پێشکەشی خەڵکی قەڵادزێ بکات‌و لە ئاست داواکارییەکانی هاوڵاتییاندا بێت.

سـەبـارەت بـە کێشەکانی ئـاو لە شارۆچکەی قەڵادزێ، پەیامنێری رۆژنامە سەردانی فەرمانگەی ئاوی قەڵادزێی کرد، بەڵام محەمەد حەسەن حەمە، بەڕێوەبەری فەرمانگەی ئـاوی قـەڵادزێ رایگەیاند: نـووسـراوی فەرمیمان بۆ هـاتـووە لە بەڕێوەبەرێتیی گشتیی ئاوی دەوروبەری سلێمانی، کە لێدوان بۆ هیچ راگەیاندنێک نەدەین، بەڵام بەزارەکی چەند زانیارییەکی باسکردو وتی: «بەهۆی تەواوبوونی ماوەی گرێبەستی خاوەنی تانکەرەکان ماوەیەک ئاو بە کەمیی لە رێگەی تانکەرەوە دەدرێت بە هاوڵاتییان، بەڵام بڕیارە گرێبەستەکان نوێبکەینەوە». ناوبراو وتیشی: «هەرچەندە بۆ هەموو گەڕەکەکان تۆڕی ئاو راکێشراوە، بەڵام بەهۆی نەبوونی سەرچاوەی ئاو نەمانتوانیوە ئاوی پێویست دابینبکەین».

# زیاتر لە (٥) هەزار منداڵی کورد نەخۆشیی دڵیان هەیە

راپۆرتی: سەنگەر جەمال

هەرچەندە وەزیری تەندروستی هەرێم رێژەی توشبووانی نەخۆشییەکانی دڵ لەناو منداڵانی کوردستاندا بە ژمارەیەکی ئاسایی دەزانێت، بەڵام زۆریی حاڵەتەکانو گرانیی چارەسەرکردنیان لە کوردستان مەترسیی دروستکردووە.

لەماوەی رابردوودا لەسەر دەستی چەند پزیشکێکی پسپۆڕی هۆڵەندی «گەورەترین نەشتەرگەریی دڵ بۆ منداڵێکی تەمەن (٣) ساڵ ئەنجامدرا لە شاری هەولێر»، بەرپرسانی سەنتەرەکەش ئاشکرایان کرد، کە لەماوەی دوو هەفتەدا (٢٤) نەشتەرگەریی دڵیان ئەنجامداوە، ئەوە لەکاتێکدایە کە لە چەند ساڵی رابردوودا ژمارەیەک لەو (٥) هەزار منداڵە توشبووەی نەخۆشییەکانی دڵ لەلایەن رێکخراوە خێرخوازییەکانو حکومەتەوە نێردراونەتە دەرەوەی وڵات بۆ چارەسەرکردنیان.

د.تاهیر هەورامی، وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئاماژە بەوە دەکات؛ لە کوردستاندا (٥) هەزارو (٢٥٠) منداڵی تووشبوو بە نەخۆشییەکانی دڵ هەیە، ژمارەکەش بە زۆر نازانێت بەراورد بە ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستانو دەڵێت: «ئەو رێژەیە بەراورد بە ژمارەی دانیشتووانو وەک ستانداردی جیهانییە»، بەڵام لە لێدوانێکی پێشوویدا وەزیری تەندروستی کابینەی پێنجەمی هەرێم جەخت لە زۆریی حاڵەتەکان دەکاتەوەو پێیوایە؛ نەخۆشیی دڵ لە کوردستاندا لە هەموو وڵاتانی دنیا زۆرترە.

بەپێی ئەو ئامارانەی لە بەردەستدان ئەو (٥) هەزار توشبووەی نەخۆشییەکانی دڵ لە زگماکییەوە نەخۆشبوونو کەڵەکەبوون.

د.تاهیر ئەو زانیاریانە دووپاتدەکاتەوەو ئەوە دەخاتەڕوو؛ (٩٥٪)ی ئەو منداڵانە لە زگماکییەوە نەخۆشیی دڵیان هەیەو باقیەکەی دوای لەدایکبوونیان تووشدەبن، هەروەک هۆکاری نەخۆشییەکانی بۆ جۆری خۆراکو کەشوهەواو جۆری هەڵسوکەوتی کەسەکان



کەرتی تەندروستی هەرێمی کوردستان، نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی نەخۆشییەکانی دڵ چارەسەربکات

گەڕاندەوە بەتایبەت لە گەورەکاندا. وتیشی: «گۆڕانکاریی لە خواردندا کاریگەرییەکی بەرچاوی هەیە بۆ تووشبوون».

دوای ئاگاداربوونی لایەنە پەیوەندیدارەکان بە زانینی زۆریی ژمارەی حاڵەتەکانی تووشبوو بە نەخۆشییەکانی دڵ لەناو منداڵاندا، نزیکەی (٥٠٠) منداڵ لەلایەن رێکخراوە خێرخوازییەکانو هەندێکیان لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە رەوانەی وڵاتانی ئیتاڵیاو ئەوروپا کراون بۆ چارەسەرکردنو ئەنجامدانی نەشتەرگەریی، بەڵام رێژەیەکی زۆری ئەو منداڵانە لە کوردستاندا بێ چارەسەر ماونەتەوە، لەکاتێکدا نەشتەرگەریی‌و دەرمانەکانیان تێچوویەکی زۆری دەوێت.

وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێم لەبارەی چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەو سوودگەیاندن بەو منداڵانە، وتی: «حکومەتو چەند رێکخراوێکی خێرخوازیی لەماوەی رابردوودا منداڵانی کوردستانیان رەوانەی دەرەوە، بەتایبەت ئیتاڵیا کردووە». ئاماژەی بەوەشکرد؛ لە هەولێر نەخۆشخانەی دڵ کراوەتەوەو نەشتەرگەریی تێدا دەکرێت جگە لەوەی لە سلێمانی دوو مانگی دیکە نەخۆشخانەی دڵ دەکرێتەوە. وتیشی: «لەم چەند رۆژەدا پزیشکێکی پسپۆڕی عێراقیی یەکەم نەشتەرگەریی دڵی منداڵ لە سلێمانی ئەنجامدەداتو پزیشکی بیانیو پزیشکی راهێنراوی پسپۆڕی کوردیش لە ئایندەدا لە نەخۆشخانەکان نەشتەرگەریی دڵ ئەنجامدەدەن».

هەروەک پێیوایە؛ خەریکە کار دەگاتە ئەو ئاستەی لە کوردستاندا چارەسەری ئەو نەخۆشیانەی دڵ بکرێتو هاوڵاتییان وەک رابردوو پێویستیان بە چوونەدەرەوەی وڵات نەبێت.

هەرچەندە پسپۆڕانی تەندروستیو نەخۆشییەکانی دڵ پێیانوایە؛ هۆکاری زۆریی ژمارەی نەخۆشییەکانی دڵ، کەڵەکەبوونیانو چارەسەرنەکردنیانە لە رابردوودا، بەڵام تائێستا هۆکاری سەرەکی زۆریی نەخۆشییەکە نازانرێتو ئەو هەوڵانەش شکستیانخوارد کە لە کابینەی رابردوودا بۆ زانینی هۆکارەکان دران، بەوەی «خوێنی (٢) هەزار توشبوو بۆ پشکنین بنێردرێتە وڵاتی بەریتانیا»، بەو پاساوەی بودجەیەکی زۆری (٢) ملیۆنو (٥٠٠) هەزار دۆلاریی دەوێت.

لای خۆشیەوە د.تاهیر هەورامی پێیوایە؛ کێشەکە تەنیا بە ناردنەدەرەوەی خوێن چارەسەرناکرێت، بەوپێیەی «نەخۆشییەکان پەیوەندییان بەجۆری خۆراکو هەڵسوکەوتو جووڵانی جەستەیی توشبووەکانەوە هەیە».

# ئامادەکارییەکانی سەرژمێریی گشتیی عێراق تەواو دەبێت

راپۆرتی: بەهادین یوسف

دەزگای ناوەندی سەرژمێریی عێراق رایگەیاند، هەموو هەنگاوەکانی گەمارۆسازیی‌و ژمارەلێدان لە سەرجەم پارێزگاکانی عێراقدا تەواوبووە، جگە لە تەنیا یەک پارێزگا، وەک ئامادەسازییەک بۆ ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتیی عێراق لە (٢٤)ی تشرینی یەکەمی ئەمساڵداو ئاشکراشیانکرد، کە بەهۆی هەستیاریی بارودۆخی عێراقەوە، پرسیاری مەزهەب لە دانیشتووانی عێراق ناکرێت.

عەلی عەلاق، سەرۆکی دەزگای گشتیی سەرژمێریی‌و تەکنەلۆجیای زانیارییەکان لە عێراق، رایگەیاند: پلانی ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتیی عێراق کە لەماوەی (٢٣)ساڵی رابردوودا نەکراوە، بەپێی نەخشەیەکی کاتیی دانراوەو لە (٢٤)ی تشرینی یەکەمی ئەمساڵدا ئەنجامدەدرێت، پێشبینی ئەوەشیکرد، کە ژمارەی دانیشتووانی عێراق لە ژمارەی ئێستای کەمتر نەبێت کە بە (٣٠)ملیۆن خەملێنراوە.

عەلاق وتیشی: «دەزگای سەرژمێریی هەموو هەنگاوەکانی گەمارۆسازیی‌و ژمارەلێدانی لەهەموو پارێزگاکانی عێراق تەواوکردووە کە بڕبڕەی پشتی ئاماری دانیشتووانە بۆ دەستکەوتنی ژمارەی تەواوی یەکەکانی نیشتەجێبوونو بیاناکانو ژمارەی خێزانو ژمارەی ئەندامانی خێزانەکان، جگەلە پارێزگای نەینەواو نەبێت»، پێشبینیشی کرد، کە لەماوەی ئەم مانگەدا ئەو پرۆسەیەش لەنەینەوا کۆتایی پێبێت.

پرۆسەی سەرژمێریی گشتیی عێراق، نزیکەی (٢٠٠-٢٥٠)هەزار مامۆستاو فەرمانبەر ئەنجامیدەدەن، کە بڕیارە لە هاوینی ئەمساڵدا دوا راهێنانیان بۆ ئەو مەبەستە پێبکرێت، تا بتوانن لەدوا هەفتەی کۆتایی مانگی تشرینی یەکەمی ئەمساڵدا پرۆسەکە بەڕێوەببەنو هاوکات نزیکەی (١٠-١٥)هەزار فەرمانبەری میریی‌و هێزە ئەمنییەکانی عێراق بەشدار دەبن لە پرۆسەکەدا، بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە گرفتی ئەمنییان هەیە، وەکو پارێزگای نەینەوا.

بڕیاربوو سەرژمێریی گشتیی عێراق، کۆتایی ساڵی (٢٠٠٧) ئەنجامبدرێت، بەڵام بەهۆی پرسی سەرژمێریی لە هەندێک پارێزگا، بەتایبەتی لەناوچە جێناکۆکەکانی وەکو کەرکوک کە پێکهاتەیەکی نەتەوەیی ئاڵۆزی هەیەو بەهۆی ترسی ئاشکرابوونی ژمارەی راستەقینەی پێکهاتەکانی ئەو ناوچانەوە کە دەکەونە چوارچێوەی مادەی (١٤٠)ەوەو رێکنەکەوتنی لایەنە سیاسییەکان، چەند جارێک ئەو سەرژمێرییە دواخرا.




لە بەرامبەردا عەلی عەلاق رەتیکردەوە، کە ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتیی عێراق هەوڵی ئاشکراکردنی ئینتیمای ناوچە کێشە لەسەرەکان بداتو وتی: «کاری سەرژمێریی نییە چارەنووسی ئەو ناوچانە دیارییبکات، بەڵکو تەنیا ئاماری دانیشتووانی ئەو ناوچانە دەکات، بەڵام دیاریکردنی چارەنووسی ناوچەکانی جێململانێ دەکەوێتە دەسەڵاتی سیاسیی‌و رێککەوتنە سیاسییەکانەوە».

ئەمە لەکاتێکدایە کە هەرێمی کوردستان ئومێدی وایە، پرۆسەی سەرژمێریی خزمەتی مادەی (١٤٠)بکات کە تایبەتە بەو ناوچانەی کێشەیانەی لەسەرەو خودی مادەکە لە سێ قۆناغ پێکهاتووە (ئاساییکردنەوە، سەرژمێریی، راپرسی) و ئومێدیانوایە کە سەرژمێریی گشتیی عێراق، خزمەتی هەردوو قۆناغی کۆتایی جێبەجێکردنی مادەکە بکات.

لەلایەکی دیکەوە، چاوەڕوانی ئەوەشدەکرێت کە سەرژمێریی گشتیی، ژمارەی تەواوی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان دیارییبکات، بۆئەوەی پشکی خۆی لە بودجە دەستبکەوێت کە لەدوای پرۆسەی رزگاریی عێراقەوە ساڵانە (١٧٪)ی بودجەی گشتیی عێراقی بۆ دادەنرێت.

لەوبارەیەوە سەرۆکی دەزگای سەرژمێریی عێراق وتی: «تائێستا پارێزگای کەرکوک کێشەی لەسەرە، بەتایبەتی لە دانانی فۆڕمی ئامارەکەو ناسنامەی دانیشتووانەکەی‌و ئەو کەسانەشی کە پرۆسەی سەرژمێرییەکە ئەنجامدەدەن، ئەمەش تارادەیەک چارەسەرکراوە بەوەی کە ئەو کەسانەی پرۆسەکە ئەنجامدەدەن بەشێوەیەکی یەکسان لەنێوان پێکهاتەکانی ئەو شارەدا دابەشکراونو هەرنەتەوەیەک نوێنەری خۆی هەیە لە تیمەکاندا، ئەمەش بەچارەسەرێکی مامناوەند دانراوە».

سەبارەت بە ئەنجامدانی سەرژمێریی لە دەرەوەی عێراق، عەلاق وتی: «لە تاراوگە سەرژمێریی دانیشتووان بە هاوکاریی وڵاتانی دەرەوە ئەنجامدەدرێتو چەند رێ‌و شوێنو میکانزمێک پێشنیازکراوە بۆ ئەو پرۆسەیە، ئەویش لە رێی کردنەوەی ناوەندی ژماردن لە سەفارەتەکانی عێراق لە وڵاتانی دەرەوە بۆ ئەوەی عێراقییەکانی دەرەوە سەردانی بکەنو زانیارییەکانی خۆیانیان پێبدەن، یان لە رێگەی نامەی ئەلیکترۆنییەوە دانیشتووانی دەرەوە زانیاریی تەواوی خۆیان بنێرن بۆ سەفارەتەکان».

کێشەیەکی دیکەی عێراق، مەسەلەی مەزهەبو تایەفەیە کە لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ەوە بە هەزاران کەس لەسەر ناسنامەی ئایینی‌و مەزهەبی کوژراون.

بەڕێوەبەری دەزگای سەرژمێریی رەتیکردەوە کە کارمەندانی سەرژمێریی، پرسیاری مەزهەب لە دانیشتووانی عێراق بکەن، بەڵکو تەنیا پرسیاری ئەوە دەکرێت کە مسوڵمان یان مەسیحی‌و یەزیدین یان سابیئەو پێکهاتەکانی دیکەن، چونکە فۆڕمی سەرژمێریی هیچ پرسیارێکی مەزهەبی تێدا نییە، بەهۆی هەستیاریی بارودۆخی ئێستای وڵاتەوە.

سەرژمێریی گشتیی عێراق کە بڕیارە رۆژی (٢٠١٠/١٠/٢٤) ئەنجامبدرێت، یەکەم سەرژمێرییە کە هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە لەدوای ساڵی (١٩٨٧)ەوەو لە دواسەرژمێریی ساڵی (١٩٩٧)کە لە سەردەمی حکومەتی سەدام حسێندا ئەنجامدرا، رێژەی دانیشتووانی عێراق نزیکەی (١٩)ملیۆن کەس بوو، جگەلە پارێزگاکانی هەرێمی کورستانو بەپێی خەمڵاندنەکانی ئەو کاتە، نزیکەی (٣) ملیۆن کەس لە سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستاندا ژیاون.

# بێ کۆنترۆڵی جۆریی، خۆراک دێتە هەرێمی کوردستانەوە

**راپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان**

**زەمانەتی دڵنیایی تەواوی ئەو خۆراکانە نییە کە لە بازگەکانی نێوان عێراق–هەرێمەوە دێنە بازاڕەکانی کوردستانەوە. لە هەردوو فرۆکەخانەکەی هەولێرو سلێمانیشدا کۆنترۆڵی جۆریی تایبەت بە خواردن نییەو خۆراکەکان لەگەڵ ئاڵتونو جگەرەو بابەتە جوانکارییەکاندا کۆنترۆڵدەکرێن، ئەوەش مەترسیی بۆ سەر ژیانی دانیشتووان هەیە.**

لە دەروازە نێودەوڵەتییەکانی ئیبراهیم خەلیل لە ناوچەی دهۆکو زاخۆو حاجی ئۆمەران لە ناوچەی هەولێرو دەروازەی باشماخ لە پێنجوێنو دەروازەی نیمچە فەرمیی پەروێزخانیشەوە خۆراک لە وڵاتانی دراوسێوە دێنە ناو کوردستانەوە، کە لەسەرجەمیاندا کۆنترۆڵی جۆرییان بۆ دەکرێت.

کەژاڵ سەعید، بەڕێوەبەری پێوانەسازیی کۆنترۆڵی جۆریی سلێمانی بە رۆژنامەی راگەیاند: بەهۆی بەهێزیی ئاستی کۆنترۆڵی جۆریی خۆراک لە سنوورەکانی نێوان هەرێمو وڵاتانی دراوسێ، دەتوانن زەمانەتی سەرجەم ئەو خۆراکانە بکەن کە لەو بازگانەوە هاتوونو لە بازاڕەکانی کوردستاندان.

سەبارەت بەشێوازی کۆنترۆڵکردنی جۆری خۆراک لە سنوورەکاندا، کەژاڵ سەعید ئاماژەی بەوەکرد؛ تیمی جیاجیا بۆ ئەو وڵاتانە دەنێرن کە خۆراکی لێوە هەناردەی کوردستان دەکرێتو رێنمایی هاوچەرخیان بۆ دەردەکەن، جگە لەوەی لە سنوورەکان بەچەند شێوازێک تۆماردەکرێنو دۆکیۆمێنتیان لەسەر پڕدەکرێنەوە. وتیشی: «ئەگەر بچووکترین کێشە لەسەر ئەو بارانە هەبێت کە هاتوون، نموونەیان لێوەردەگیرێتو دەنێردرێنە تاقیگەکان بۆ پشکنینو دوای دڵنیابوونەوەی تەواوەتی ئینجا دەنێردرێنە بازاڕەکان».

بەوپێیەی هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراقو هیچ سنوورێک لەنێوانیاندا نییە، تەنیا چەند خاڵێکی بەریەککەوتن هەیە لە بازگەکانی نێوان پارێزگاکانی عێراقو هەرێمدا، کە بریتین لە بازگەکانی (کفری، چەمچەماڵ، قوشتەپە، ئالوکە، خەبات)، بەڵام ئەو خاڵانە کۆنترۆڵی جۆریی خۆراکیان تێدانییەو بەپێی راگەیەنراوێکی بەڕێوەبەرێتیی کۆنترۆڵی جۆریی هەرێمیش، «(٧٠٪)ی ئەو خۆراکانەی کە دێنە هەرێمەوە کۆنترۆڵی جۆرییان بۆ ناکرێت»، ئەمەش وادەکات ئەو خۆراکانە زەمانەتی دڵنیایی تەواوەتییان نەبێتو هاوڵاتییان ترسیان لە جۆرەکەی هەبێت.

کەژاڵ سەعید، بەڕێوەبەری کۆنترۆڵی جۆریی سلێمانی، نەیشاردەوە، بەهۆی نەبوونی سنوورێک لەو شوێنانە ناتوانن وەک پێویست کۆنترۆڵی بکەن. وتیشی: «بەهۆی هاتنی بارێکی زۆر لە پارێزگاکانی ناوەڕاستو باشوورەوە بۆ کوردستان، کێشەی زۆر لە بازاڕەکانماندا هەیە، چونکە سنوورەکانی عێراق بەهۆی نەبوونی ئەمنییەتی تەواوەوە نەتوانراوە وەک پێویست کۆنترۆڵبکرێنو بەشێکیش لەو خۆراکانەی کە لەو سنوورە بێ کۆنترۆڵانەی عێراقەوە دێنە ناو وڵاتەکەوە، دەهێنرێنە ناو هەرێمیشەوە، بۆیە من بەهیچ جۆرێک گرەنتی ئەو خۆراکانە ناکەم کە لە عێراقەوە دێنە بازاڕەکانەوە». ئاماژەی بەوەشکرد؛ بەنیازن لەچەند بازگەیەکی بەریەککەوتنی عێراق–هەرێمدا کۆنترۆڵی جۆریی خۆراک دابنێن، بۆئەوەی کێشەی زۆریی خۆراکی خراپو بەسەرچوو لە بازاڕەکانی کوردستاندا کەمبکەنەوە.

زەمانەتنەکردنی ئەو خۆراکانەی لە رێگەی شارەکانی دیکەوە دێنە کوردستانەوە لەکاتێکدایە کە لە فرۆکەخانە نێودەوڵەتییەکانی هەولێرو سلێمانیشدا کۆنترۆڵی جۆریی تایبەت بە خۆراک نییەو خۆراکەکان لەگەڵ ئاڵتونو جگەرەدا کۆنترۆڵدەکرێن.

هەرچەندە بە وتەی بەڕێوەبەری کۆنترۆڵی جۆریی سلێمانی، ئەو خۆراکانەی لە فرۆکەخانەکانەوە دێنە هەرێمەوە بڕێکی کەمنو زیاتر ئەوانەن کە خاوەنی چێشتخانەکان یان کارگەی دروستکردنی خواردەمەنییەکان دەیانهێنن، نکۆڵی لەوەش نەکرد، کە «زیاتریش لەگەڵ ئاڵتونو جگەرەدا وردبینیی دەکەین». وتیشی: «چ بۆ ئاڵتون یان جگەرەو خۆراک لێپێچینەوە لەو بڕوانامەو پێویستیانە دەکەین کە دەبێت لەگەڵ کڕینیاندا وەرگیرابێت، هاوکات بەرنامەی هاتنی خۆراک لە فرۆکەخانەکانماندا هەیەو پێش ئەوەی کە ئەو خواردنە بێت لەو فرۆکەخانەیەی کە لێوەی هاتووە وردبینیی لێدەکرێت».

هەروەک نەبوونی کۆنترۆڵی جۆری تایبەت بە خۆراک لە فرۆکەخانەکاندا بۆ نەبوونی شوێن گەڕاندەوەو وتی: «رۆژانە لیژنەکانمان دەردەچن بۆ فرۆکەخانەکانو لەگەڵ گومرگی فرۆکەخانەدا پەیوەندییەکی باشمان هەیە بۆ وردبینیی لە خۆراکو کەلوپەلەکان».

# دەسەڵات «لانکەی شۆڕش» فەرامۆش دەکات

**راپۆرتی:**
**ئەحمەد باڵەکی، شاسوار مامە**



نەبوونی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی وەک رێگاو ئاو و کارەباو قوتابخانەو نەخۆشخانە، بوونەتە هۆکاری سەرەکی بۆ چۆڵبوونی گوندەکانی کوردستانو دانیشتووانەکانیان بەناچاریی بەرەو شارە گەورەکان کۆچ دەکەن.

لە دوای راپەڕینی ساڵی (١٩٩١) ەوە بەشێکی گوندەکانی کوردستان لەلایەن دانیشتووانەکانیانەوە، ژیانیان بۆ گەڕێنرایەوە، بەڵام لە (١٩)ساڵی رابردوودا بەهۆی نەگەیاندنی پێداویستیو خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانەوە، دانیشتووانی ژمارەیەکی بەرچاوی ئەو گوندانە زێدی خۆیان چۆڵکردووەو بەرەو شارو شارۆچکە گەورەکان بەڕێکەوتوون.

عەلی مستەفا، دانیشتووی گوندی باڵەیانی سەر بە شارەدێی قەسرێ، ئاماژە بە کەمیی خزمەتگوزاریی دەکات لە گوندەکانی سنوورەکەیان کە وەک ئەو دەڵێت، بووەتە هۆی چۆڵبوونی (٥)گوندو وتی «لە سەرکردەکان دەبیستین کە سنوورەکەمان لانکەی شۆڕش بووە، بەڵام ناوچەیەکی زۆر بێخزمەتە، ئەگەر لانکەی شۆڕشە، بۆ خزمەتمان ناکەن».

عەلی، باسی لەوەشکرد، کە لەم سنوورەدا زۆرترین کشتوکاڵو ئاژەڵداریی دەکرا، «بەڵام ئێستا هەموو ئەوانە کەمبوونەتەوەو دانیشتووانی گوندەکان کۆچیان کردووە بۆ شارو بەشێوەیەک کە گوندەکانی (کۆیلە، سەرکان، خەزینە، چۆمەو زەنگەڵین) چۆڵکراون».

هەروەک عەبدولواحید گوانی، قایمقامی قەزای چۆمان، روونیکردەوە، کە دوای راپەڕین زۆربەی گوندەکان ئاوەدانکراونەتەوە، بەڵام «بەداخەوە شەڕو ململانێی سیاسیی وایکرد کە دەستی خزمەتگوزاریی نەگاتە زۆرێک لە گوندەکان، جگەلەوەی ستراتیژییەتی حکومەتیش ئەوە بووە کە زیاتر گرنگی بە شارەکان بدات».

گوانی، ئاماژەی بەوەکرد، کە لە کۆبوونەوەیەکدا کەمیی خزمەتگوزارییەکانو چۆڵبوونی گوندەکانیان خستوەتە بەردەم سەرۆکی هەرێمی کوردستانو پێدانی پێشینەی خانوبەرەشی بە هەنگاوێکی باش زانی بۆ رێگریی لەو کۆچکردنە، وتیشی: «لە رابردوودا پڕۆژەی خزمەتگوزاریمان ئەنجامداوە، بەڵام وەکو پێویست نییە، دەبێت حکومەتی هەرێم (٥٠٪)ی بودجەی خۆی بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان تەرخان بکات، بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان».

لەلایەکی دیکەوە، نەبی سوورە، ئەنجومەنی گوندی باراوی سەر بە ناحیەی سەنگەسەر، ئاماژە بەوە دەکات، کە گوندەکەیان وەک زۆرێک لە گوندەکانی دیکە لە سەرەتاییترین خزمەتگوزاریی بێبەشەو تائێستا ئاوی خواردنەوەو کارەباو نەخۆشخانەو بینای قوتابخانەیان نییە، جگە لە «خراپیی رێگاوبان».

مستەفا ئەبوبەکر، دانیشتووی گوندی باراو، ئاماژەی کرد بە خراپیی گوزەرانیانو وتی: «بەهۆی نەبوونی ئاوی کشتوکاڵو پڕۆژەی ئاودێرییەوە، کشتوکاڵ لە گوندەکە ناکرێت، لە کاتێکدا بژێویی ژیانمان لەسەر بەرهەمە کشتوکاڵییەکانە»، وتیشی «بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزارییەوە چەندین خێزان لە گوندەکەیان کۆچیان کردووە بۆ شار، ئەگەر بەوشێوەیەش بمێنینەوە، ناچارین گوندەکە بە تەواوی چۆڵ بکەین».

ئەو هاوڵاتییە پێشیوایە کە ساڵانێکە بەڵێنی جێبەجێکردنی پڕۆژەو ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانیان پێدەدرێت، بەڵام «لە بەڵێن زیاتر هیچ شتێکی دیکە نەبووە»، لەبارەی ئەو گرفتانەشەوە، پەیامنێری رۆژنامە هەوڵیدا لێدوانی بەڕێوەبەری ناحیەی سەنگەسەر وەربگرێت، بەڵام بە بیانووی جۆراوجۆرەوە ئامادە نەبوو لێدوان بدات.

# (٤)ساڵە نەخۆشخانەیەک دروستکراوەو ناکرێتەوە

**شاسوار مامە**

ماوەی (٤)ساڵە لە گوندی گوڵانی سەر بە ناحیەی سەرکەپکان نەخۆشخانەیەک دروستکراوە، بەڵام تا ئێستا نەکراوەتەوەو هیچ پێداویستییەکیشی بۆ دابین نەکراوە، دانیشتووانی گوندەکەش ئاماژە بەوە دەکەن، کە سەرەتا بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتییەوە نەخۆشخانەکە نەکراوەتەوە، بەڵام ماوەی چەند مانگێکە کێشەکە چارەسەرکراوەو سەرەڕای دامەزراندنی دوو پزیشکو کارگوزارێک، بەڵام هەر نەکراوەتەوە.

دانیشتووانی گوندی گوڵانی سەر بەناحیەی سەرکەپکان، نارەزایی خۆیان دەردەبڕن لە نەکردنەوەی ئەو نەخۆشخانەیەی کە بۆ گوندەکەیان دروستکراوەو ئاماژە بەوەش دەکەن کە ئەگەر نەخۆشێکیان هەبێت، دەبێت بیبەن بۆ قەزای رانیەو بەهۆی زۆریی ماوەی رێگاکەشەوە، زۆرجار گیانی نەخۆشەکەیان دەکەوێتە مەترسییەوە.

خدر عەبدوڵڵای دانیشتووی گوندی گوڵان، بە رۆژنامەی راگەیاند «ماوەی (٤) ساڵە بەڵێنمان پێدراوە کە نەخۆشخانەی گوندەکە بکرێتەوە، بەڵام تا ئێستا نەکراوەتەوە، ئەگەر نەخۆشێکیشمان هەبێت، تەنانەت بۆ وەرگرتنی دەرمانو دەرزی لێدانیش دەبێت بیبەین بۆ رانیەو رێگایەکی دوور ببڕین».

گوندی گوڵانی سەر بە ناحیەی سەرکەپکانی سەر بە قەزای رانیەیەو (٢١)کیلۆمەتر لە ناوەندی قەزاکەوە دوورە، دانیشتووانەکەی چەندین ساڵە لە چاوەڕوانی کردنەوەی نەخۆشخانەی گوندەکەیاندان، لەکاتێکدا کەشوهەوای ئەو قەزایە بەهۆی تۆپبارانەکانی تورکیاو ئێرانەوە، مەترسی نەخۆشیی زیاتری لێدەکرێت.

فاتمە حەمەد، دانیشتوویەکی دیکەی ئەو گوندەیەو لە رێگەی رۆژنامەوە داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات، کە نەخۆشخانەکەیان بۆ بکاتەوەو لەو چاوەڕوانییە رزگاریان بکات کە بۆ کردنەوەی نەخۆشخانەی گوندەکەیان تێیکەوتوونو دەڵێت: نەخۆشخانە پێویستییەکی سەرەکیی گوندەکەمانە.

لەبارەی ئەو نەخۆشخانەیەوە، هیوا قەرەنی عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری ناحیەی سەرکەپکان بە رۆژنامەی راگەیاند «سەرەتا چەند کێشەیەک بەربەست بوون لە بەردەم کردنەوەی نەخۆشخانەکەدا، بەڵام لە ساڵی رابردوودا ئەو کێشانە چارەسەرکراون»، وتیشی: «پزیشک بۆ نەخۆشخانەکە دابینکراوە، بەڵام چەند گرفتێکی دیکەی هەنو هیوادارم بەڕێوەبەرێتیی گشتیی تەندروستیی رانیە بەڵێنەکانیان جێبەجێبکەنو نەخۆشخانەکەش بکرێتەوە».

دانیشتووانی گوندی گوڵان، ئاماژە بەوەدەکەن کە لەسەرەتادا کێشەیەکی کۆمەڵایەتی هۆکاری دواکەوتنی کردنەوەی ئەم نەخۆشخانەیە بووە، بەڵام لە ئێستادا ئەو کێشەیە چارەسەر کراوە، حاجی مەحمود خدر، دانیشتوویەکی دیکەی گوندی گوڵانەو لەبارەی ئەو کێشەیەوە دەڵێت: ئەو نەخۆشخانەیە لە سەر زەویی هاوڵاتییەکی گوندەکە دروستکراوە، بەو مەرجەی خاوەنەکەی وەک کارگوزار دابمەزرێنرێت، بەڵام سەرەتا بەڵێنەکەیان جێبەجێ نەکردووە، بۆیە خاوەنی زەوییەکە رێگریی کردووە لە کردنەوەی نەخۆشخانەکە».

حاجی مەحمود، وتیشی «ماوەی چەند مانگێکە خاوەنی زەوی وەک کارگوزار دامەزراوەو ناوبراو هیچ کێشەیەکی نەماوە، بەڵام تا ئێستا نەخۆشخانەکە نەکراوەتەوەو هۆکارەکەشی نازانین، لە کاتێکدا (٢) پزیشک مووچە وەردەگرن بەهۆی ئەو نەخۆشخانەیەوەو دەوامیشی تێدا ناکەن».

# پێشبینیی شەپۆلێکی نوێی ئەنفلۆنزای بەراز دەکرێت

**شارا عەبدولڕەحمان**



زیاتر لە مانگێکە هیچ حاڵەتێکی نوێی پەتای ئەنفلۆنزای بەراز لە هەرێمی کوردستاندا تۆمارنەکراوە، بەڵام وەزارەتی تەندروستی پێشبینیی سەرهەڵدانی شەپۆلێکی نوێی پەتاکە دەکات.

د.خاڵس قادر، وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێم، بە رۆژنامەی راگەیاند: لە رۆژی (٢٠٠٩/١٢/٢٥)وە هیچ حاڵەتێکی نوێی پەتای ئەنفلۆنزای بەراز لە کوردستاندا تۆمارنەکراوە.

هەتا رۆژی (٢٠٠٩/١٢/٢٥) توشبووان بە پەتای ئەنفلۆنزای بەراز لە کوردستاندا گەیشتە (٧٦) کەس، کە لەناویاندا (٦) حاڵەتی مردن تۆمارکرا، بەشێوەیەک کە (٣) کەسیان لە هەولێرو (٢) کەسیان لە سلێمانیو (١) کەسیان لە دهۆک بوون، سەبارەت بە هۆکاری وەستاندنی حاڵەتەکانیش وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی وتی: «تایبەتمەندیی پەتاکە بەشێوەی شەپۆلییەو لەماوەی (٢) هەفتەدا زۆر بە بەربڵاویی بڵاودەبێتەوەو دوای ئەوە کەمدەکات».

لەپێش سەری ساڵی ٢٠١٠دا وەزارەتی تەندروستی ئاماژەی بە دووبارە سەرهەڵدانەوەی پەتای ئەنفلۆنزای بەرازکرد، کە بە نزمبوونەوەی پلەکانی گەرما دەستپێدەکاتەوە.

د.خاڵس لەو بارەیەوە بە رۆژنامەی راگەیاند: «تائێستا ئەو پێشبینییە هەیەو مەترسیی شەپۆلێکی دیکەی پەتاکە دەکرێت لە کوردستاندا، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە ئەو نەخۆشییە لە دنیادا ماوەو بەتەواویی بنبڕ نەبووە».

ئاماژەی بەوەشکرد؛ وەزارەتی تەندروستی کەپسولی دژی ڤایرۆسەکەو پێداویستی تەواوی بۆ چارەسەرکردنی توشبوو بە پەتاکە دابینکردووەو پێنج کامێرای گەرمی پێویشی کڕیوە بۆ بازگەکانی هەرێمی کوردستان، بە مەبەستی دەستنیشانکردنی پەتاکە لەناو ئەو کەسانەدا کە لەو بازگانەوە دێنە هەرێمەوە.

# ئیدارەیەکی زەبەلاح



مەهدی ئەبوبەکر

**سەرەڕای دروستکردنی لیژنەی دەستپاکی، ئێستاش درەنگ نییە کە شانبەشانی ئەوە بیر لە دامەزراندنی دەستەیەکی بێلایەن بکرێتەوە بۆ ڕێگریکردن لەو کەسانەی کە شایستەی ئەوەنین ببنە نوێنەرو حوکمڕانمان**

سەرۆکی حکومەتی هەرێم، چەندینجار دووپاتیکردووەتەوە کە کارنامەی حکومەتەکەی، هەمان ئەو کارنامەیەیە کە لیستی کوردستانی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان، دایڕشتبوو.

بە تەماشاکردنێکی ئەو کارنامەیەی لیستی کوردستانی، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەم حکومەتە نەک بە چوار ساڵ، بەڵکو بە دەیان ساڵ، ناتوانێت ئەو بەرنامەیە جێبەجێ بکات، چونکە بەرنامەکە هێندە زۆرو هەمەچەشنەیە کە خودی داڕێژەرانیشی لە کاتی هەڵبژاردندا، بڕوایان بە جێبەجێکردنی نەبوو.

ئەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لە توانایدا نییە ئەو کارنامەیە بخاتە بواری کارەوە، بە نیازی چییە؟ دەیەوێت کارنامەیەکی بەدیل بکاتە بەرنامەی کار، یان هەر پێداگریی لەسەر ئەو کارنامەیە دەکات؟

بە بەراورد بە حکومەتەکانی پێش خۆی، ئەم کابینەیەی ئێستا لە رووی شکلییەوە لە هەموو ئەوانی پێشی خۆی چانسی باشترە، چونکە وەک خۆیان دەڵێن باری ئابووریی وڵات لە باش باشترە. لە رووی سیاسییەوە هەردوو حیزبی بەشداری حکومەت، کێشە لە نێوانیاندا نەماوە. لە رووی پەیوەندیی دەرەکیشەوە، لەگەڵ دەرودراوسێدا پەیوەندییەکان باشن‌و لەسەر ئاستی دنیاش زۆر باشە.

کەواتە حکومەت بیانووی حکومەتەکانی پێشی خۆی بە دەستەوە نییە، تا خۆی لە مەسەلە ستراتیژییە گرنگەکان بدزێتەوە، بەڵام ئەوەی تا ئێستا لە ئەدائی ئەم کابینەیە بینیومانە ئەوەیە؛ وەک حکومەتێکی تەسریفی ئەعمال کاردەکات‌و تەنها خۆی سەرقاڵی کاروبارەکانی رۆژانە کردووەو وەک فەرمانگەیەکی گەورە سەرقاڵی کاروباری رۆژانەیە، وەک ئەوەی لە بیری چووبێتەوە کە پێویستە پلانی ستراتیژیی هەبێت بۆ دیاریکردنی ناسنامەی ئابووریی هەرێم.

کاتێک دەڵێین؛ ناسنامەی ئابووریی هەرێم، مەبەستمان ئەوەیە؛ ئایا هەرێم، پشت بە پیشەسازی ببەستێت یان کشتوکاڵ یاخود گەشتوگوزار؟

ئەوەی روون‌و ئاشکرایە ئەوەیە کە حکومەت، گوێی خۆی خەواندووەو هیچ بەرنامەیەکی نییە تا ئەو مەسەلەیە یەکلایی بکاتەوە، یان لە بنەڕەتەوە نایەوێت خۆی بخاتە ژێر ئەو بارەوە، بەڵکو دەیەوێت وەکو ئەوەی هەیە، هەر پشت بەو برە بودجەیە ببەستێت کە ساڵانە بەشەڕەشەق لە بەغداوە بۆ هەرێم دیاری دەکرێت.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ کارنامەکەی لیستی کوردستانی، درک بەوە دەکرێت، کارنامەکەش دانی بەوەدا ناوە کە هەرێم ناسنامەی خۆی دیاری نەکردووە، بەڵام کارنامەکەش دیسان بە شێوەیەکی شموولی باسی لە پەرەپێدانی هەموو بوارەکان کردووە، ئەوەش کارێکی نەکردەیە بۆ هەرێمێکی کۆڵەواری وەک کوردستان.

حکومەتی هەرێمیش، وەک ئەوەی بیەوێت کە ئەرکی دانانی کارنامەیەکی نوێ بۆ کارکردن، لە کۆڵی خۆی بکاتەوە، بە خوێن‌و گۆشتەوە، کارنامەکەی لیستی کوردستانی تەبەنی کردووە.

ئەگەر حکومەت، وەکو خۆی ئیدیعای دەکات کە لە حکومەتەکانی پێش خۆی جیاوازە، دەبێت ئەو جیاوازییە، بسەلمێنێت، کارنامەیەک بکاتە رێنوێنی کار. کارنامەیەک کە دوای چوار ساڵی تر بزانرێت کە هەرێم وڵاتێکی گەشتیارییە یان کشتوکاڵی یاخود پیشەسازیی.

بەداخەوە ئەوەی دەبینرێت‌و لەبەرچاوانە؛ ئەم کابینەیە، نە بە نیازە کارنامەی خۆی هەبێت، نە ئەوەی «کوردستانی» جێبەجێ دەکات، تەنانەت کار بۆ جێبەجێکردنی ئەو پلانەش ناکات کە کابینەکەی پێش خۆی بۆ گەشەپێدانی کشتوکاڵ دایڕشتبوو.

ئەگەر حکومەت بڕیاری داوە، هەموو چالاکیی‌و وزەکانی لە جێبەجێکردنی رۆتینیاتی رۆژانەدا خەرج بکات، واباشترە ناوی حکومەت لە خۆی بکاتەوەو وەک ئیدارەیەکی زەبەلاح خۆی بناسێنێت، چونکە لە رووی دامودەزگای ئیدارییەوە هێندەی ژاپۆن دەزگاو کارمەندی مووچەخۆری هەیە، بەرهەمیشی یەک لەسەر ملیۆنی ژاپۆن نابێت.

# کامیان مەترسیدارترن بەعسی سەدامی یان بەعسی موتڵەگی؟



ئاسۆ ئەمین

سەرەتای ئەم نووسینە حەزدەکەم بە خوێنەرانی بەڕێز بڵێم، کە من یەک موو لەگەڵ ئەو پۆلێنکردنە نازانستییەدا نیم کە بۆ چەمکێکی سیاسی‌و فیکریی وەک بەعس دەکرێت، بەڵکو ئەمە داهێنراوێکە سیاسییەکان خولقاندوویانە بۆئەوەی شەڕی خۆیانی لەپاڵدا بکەن‌و وەک قەڵغان بۆ خۆپاراستن‌و موزایەدەی سیاسیی بەکاریبهێنن.

ئەوەی ئاگاداری رەوشی لەدایکبوون‌و ئەزموونی بەعس بێت چ وەک فیکر چ وەک سیاسەت، لەوە تێدەگات کە ئەم تێرمە لەناو پرۆسەیەکی درێژخایەندا قورساییەکی سۆسیۆلۆجی خۆی وەرگرتووەو زۆر جیاوازترە لەو تێرمەی بەعس کە سەرەتاکەی لە سوریاوە لای موشیر عەفلەق‌و سەلاح بیتارو زەکی ئەرسوزی دەرکەوت.

بەعس خۆی بۆ خۆی بەرلەوەی واقیعێکی سیاسیی بێت، فیکرێکەو شتێکی بابەتییەو ناکرێت تێکەڵ بە چوارچێوە زاتییەکان بکرێت بۆئەوەی بەهۆیەوە پاساو بۆ هەندێک کەس بهێنرێتەوە، بەکورتی دەڵێم بەرلەوەی بەعسیی هەبێت بەعس هەیەو فیکرەکە ئامادەیە، پرۆسەی بەعسیبوون کە زیاتر بەستراوە بە فەزا زاتییەکەوە لەدواوە دێت‌و دووەمە.

وەک وتم لە رووی زانستییەوە باوەڕم بەم پۆلێن بەندییە نییە، بەڵام ناچارم وەک ئەوەی لە میدیاو لای سیاسییەکان دەبیسترێت جارێکی دیکە ئەم پۆلێنە لەگەڵ ئەو پاشگرانەدا بخەمەڕوو.

بەعسی سەدامی، تێرمێکە ئێستا لە فەزای سیاسیی عێراقیدا کاری لەسەردەکرێت، جارێک بۆ حەشاردان‌و پاکانە بۆ هەندێک‌و جارێک وەک فشاری سیاسی بەکاردەهێنرێت، من لەگەڵ ئەوەدام فەزایەکی دیموکراسی برەخسێت بۆ گشت فیکرو بۆچوونێک لە عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە، بەڵام ئەگەر یەکێک لەم فیکرانە بەلەسە بوو ویستی فەزا گشتییەکە تێکبدات‌و ئەزموونێکی خراپی هەبێت لە ماڵوێرانی‌و کاولکاریی، رەنگە بەهیچ لۆژیکێک کەس مافی ئەوەی نەبێت داوابکات ئەو فیکرەو هەڵگرانی بەشداریی پرۆسە سیاسییەکە بکات.

ماوەیەک لەمەوبەر دەزگای لێپرسینەوەو دادوەریی ناوی چەند کەسێکی رەتکردەوە بە تۆمەتی ئەوەی کە بەعسین‌و یارمەتی بەعسییەکان دەدەن لەناو عێراقدا، یەکسەر دوای ئەوە سیاسییەکانی کورد بەپێچەوانەی بۆچوون‌و پێشبینیی خەڵکی کوردستانەوە هاتنە سەرخەت‌و بەرگرییان لە هەندێک لەو دوورخراوانە کردو لەژێر پەردەی تەسنیفێکی رواڵەتی‌و ساکاردا دەزگای لێپرسینەوەیان ئیحراجکرد، تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی مالیکی سەرۆک وەزیران هەڵوێست وەرگرێت‌و بڵێت: «کەس بۆی نییە دەستوەرداتە کاروباری ئەو دەزگایە».

ساڵێک لەمەوبەر گوێم لە بەڕێز د.مەحمود عوسمان بوو، کە سەبارەت بە هەڵوێستی ساڵح موتڵەگ لەسەر مەسەلەی کورد قسەی دەکرد، د.مەحمود لەو چاوپێکەوتنەدا دەیوت؛ بە ساڵح موتڵەگم وتووە ئەو بۆچوونەی تۆ هەتە لەسەر کەرکوک‌و کێشەی کورد سەدام حسێنیش نەیبووە.

ئەو هێڵەی سیاسییەکانی کورد دەیکێشن لەنێوان بەعسی سەدامی‌و بەعسی موتڵەگیدا، هێڵێکی فیکری‌و زانستی نییە، ئەنجامی توێژینەوەو وردبوونەوەیەکی لۆجیکی نییە، بەڵکو پاساوێکی کورتبینانەیە، کە رەنگە کورد لە داهاتوودا گەورەترین باجدەرو قوربانیی ئەو پۆلێنەبێت، چونکە تا ئەم چرکە بەشداریی موتڵەگو بەعسییەکانی هاوشێوەی موتڵەگ لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا، زەرەر نەبێت یەک تۆسقاڵ سوودی بە پرسەکانی کورد نەگەیاندووە.

راستییەکی سۆسیۆلۆجی هەیە نابێت چاوی لێ بنوقێنین، ئەویش ئەو دنیابینییەی بەعسە کە لە زۆرێک لە خاڵەکانیدا تاکی عەرەبی لەگەڵیدا هاوڕایەو بەدڵیەتی‌و بووەتە بەشێک لە شوناسی، بەتایبەتی لەو مەسەلانەی کە تایبەتن بە کەمە نەتەوایەتییەکانی جیهانی عەرەبییەوە، وەک چۆن بەشێکی زۆری هاوڵاتیی کوردستان لەگەڵ گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردیدان لەمەڕ مەسەلە نەتەوەییە چارەنووسسازەکان. تا ئەم چرکەش هیچ لایەنێک هێندەی بەعس خۆی بە هەڵگری گوتاری ناسیۆنالیزمی عەرەبی نازانێت، کەواتە مەسەلەکە لەوە گەورەترە لە ئاستێکی بچووکدا پۆلێنبەندیی بکرێت.

رەنگە لە داهاتوودا تێرمەکە زیاتر بخریتە ناو مەسەلەیەکی شەخسییەوەو چوارچێوە بابەتییەکەی لێ بسەنرێتەوە، کە ئەمە زۆر لەگەڵ واقیعدا ناتەبایە، چونکە دەبێت ئێمە لە خۆمانەوە سەیربکەین، هەرگیز پۆلێنبەندیی وامان لا قبوول نییە کە پێمان بووترێت کوردێکی پارتی، یان کوردێکی گۆڕان، یان کوردێکی یەکێتی، ئیتر چۆن باز بەسەر ئەم هەڵە گەورەدا دەدرێت‌و دەستی هەندێک تاوانبارو شۆڤێنیی دەگیرێت‌و پێیدەوتریت تۆ جیایت، تۆ فریشتەیت، تۆ قەت نابیت بە سەدام‌و شتی خراپ لەتۆ ناوەشێتەوە، ئەمە لەکاتێکدا لەگەڵ سەدام‌و ئەوانەی ئێستا لەسەر کەیسەکانی کورد دادگایی دەکرێن یەک جۆر سۆشیالیزەکراون‌و یەک دنیابینییان هەیە بۆ گشت مەسەلەکان.

## بە کورتی



عەدنان عوسمان*

# بوجە، خوێندنەوەیەکی سیاسی

ناردنی پرۆژە یاسای بوجەی ٢٠١٠ی هەرێمی کوردستان لە کۆتایی مانگی یەکدا، لە ئێستادا هەرایەکی گەورەی لەلای راگەیاندنی حیزبی ناوەتەوەو دەیانەوێت وەکو دەستکەوتێکی گەورەی کابینەی شەشەم لەقەڵەمی بدەن.

کە سەیری ناردنی بوجە دەکەین بۆ پەرلەمانی کوردستان لە ساڵانی رابردوودا ئەو خەمساردیی‌و ئەو لاموبالاتیەی کە بوجە دەنێردرا بۆ پەرلەمان‌و ئەو پەلەپڕوزێیەی کە پەرلەمان بۆ پەسەندکردنی بوجە دەیکرد لە ناوەڕاستی ساڵ‌و مانگەکانی شەش‌و حەوتدا، بەبێ هیچ هۆکارێک، بەبێ هیچ بیانویەک بۆ پەرلەمان، ناچاردەبین لە ئێستادا خوێندنەوەیەکی سیاسی بۆ ئەو پەلە پڕوزێیەی حکومەت بکەین بۆ ناردنی بوجە.

لەلایەکەوە خۆیان وتەنی حکومەتەکەو کابینەکەو وەزیرەکان تازەن، بەو بیانوە بوایە، دەبوایە وەزیرەکان پلانی خۆیان هەبووایە بۆ وەزارەتەکانیان، بەرنامەیەکی تەواوی خۆیان هەبوایەو ئەنجومەنی وەزیرانیش بەهەمان شێوە بەرنامەیەکی ئابووری تۆکمەی هەبووایەو لەسەر بنەمای ئەو بەرنامەیە بوجە دابڕێژرایە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان لەدوای سێ مانگ بوجە دەنێرێت بۆ پەرلەمانی کوردستان بەبێ ئەوەی تاکە روونکردنەوەیەک بۆ پەرلەمان بنێرێت لە هۆکاری دواخستنەکەی، کە خۆی پێویست وایە لە مانگی تشرینی یەکەمدا بوجە بنێرێت بۆ پەرلەمان، کە لە مانگی تشرینی یەکەم دواکەوت ئەگەر رۆژێکیش دوابکەوێت پێویستە حکومەت روونکردنەوە بداتە پەرلەمان لە هۆکاری دواخستنەکەی، بەڵام دوای سێ مانگ لە ناردنی بوجەی ٢٠١٠ بۆ پەرلەمان، حکومەت نەک هەر روونکردنەوەی نەداوە بە پەرلەمان، بەڵکو وەکو دەستکەوتێک‌و وەک منەتێکی گەورە بەسەر پەرلەمان‌و خەڵکیدا دەکات، کە گوایە پەلەی کردووە لە ناردنی بوجە بۆ پەرلەمان.

بوجە پێش دەستپێکردنی ساڵی دارایی پێویستە لە پەرلەماندا پەسەندبکرێت، بۆئەوەی لەسەرەتای ساڵی تازەوە کار لەسەر ئەو بوجەیەو ئەو پلانە بکرێت، هەروەها ماوەی نزیک بە دوو مانگ لەبەردەم پەرلەماندا هەبێت کە تاووتوێی بکات، بەڵام لە ئێستادا لە کۆتایی مانگی یەکدا نێردراوەو دوومانگێکیش پەرلەمان تاووتوێی دەکات، واتە سێ مانگ لە ساڵەکە دەڕوات ئینجا بوجە پەسەند دەکرێت، بەبێ ئەوەی یاسایەک هەبێت بۆ بوجە، واتە ئەو سێ مانگە نە بە یاسایەکی ئیستسنائی کاردەکرێت‌و نە حکومەت هیچ بیانوویەک هەیە بۆ دواخستنی.

بۆیە ئەم پەلە پڕوزێیەی حکومەت کە وەک دەستکەوتێک پیشانی دەدات، گوایە کابینەی شەشەم توانیویەتی خێراتر بوجە بنێرێتە پەرلەمان، کە هەمووی نایاساییە، چ ئەوەی پێشووتر کە مانگی شەش بوجەی دەنارده پەرلەمان نایاسایی‌و نائسولی بووە، چ ئەوەی ئێستا حکومەت دەیکات کە کەمتر لە ساڵانی رابردوو دوایدەخات هەر نایاساییە، بۆیە ناچاردەبین خوێندنەوەیەکی سیاسی بۆ ئەم پەلەپڕوزێیەی ناردنی بوجە بکەین.

خوێندنەوەکە ئەوەیە کە لایەنە سیاسییەکانی دەسەڵاتدار، بەتایبەت ئەو لایەنەی کە ئێستا حکومەتی لەبەردەستدایە، هەست بەوە دەکات کە ئێستا جێگەو رێگەی لەناو خەڵکدا زۆر لاوازەو پێویستی بە پەسەندکردنی بوجە هەیە بۆ ئەوەی کۆمەڵێک پارە لەملاولا تەخشان بکات‌و بیکات بە دەستکەوتێک بۆ حکومەتەکەی‌و بۆ حیزبەکەی‌و بۆ لیستەکەی. بەم هۆیەوە کۆمەڵێک خەڵک دابمەزرێنێت‌و بەبیانووی دامەزراندن‌و ئاوەدانکردنەوەی چەند شارو شارۆچکەیەک‌و کۆمەڵێک پرۆژە، کە ئەمانە ئەرکی بەردەوامی حکومەتەو نابێت بە منەت‌و مەکرەمە کاری لەسەر بکرێت، ئەمە جگە لە ریکلامێکی هەرزانی نایاسایی بۆ هەڵبژاردن‌و قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی خۆیان‌و بۆ باشترکردنی لاسەنگکردنی هێز لە کوردستان هیچی دیکە نییە.

بۆیە من بۆخۆم ناچاردەبم تەنها خوێندنەوەیەکی سیاسی بۆ ناردنی ئەم بوجەیەی حکومەت بکەم لە ئێستادا بۆ پەرلەمان، راگەیاندنی حیزبیش لە ئێستادا بەڕوونی پیشانمانن دەدات کە ئەم بوجەیە بوجەیەکی سیاسییەو ریکلامێکی هەڵبژاردنەو سیاسەتێکی حیزبییە، نەک بەشێک لە واجبات‌و ئەرکەکانی دەسەڵات بەرامبەر بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.

* ئەندامی پەرلەمانی کوردستان

# بنەماکانی هاوڵاتیبوون



چیمەن محەمەد رەشید

چەمکی هاوڵاتیبوون بەچەندین قۆناغو گۆڕانکاریدا تێپەڕیوەو رەگو ریشەی مێژوویی دەگەڕێتەوە بۆ چەمکی»دەوڵەتی شار» یان «شاری دەوڵەت»ی یۆنانی چەند سەدەیەک پێش زایین. هاوڵاتی بریتییە لە دانیشتوان یان تاکەکان کە لە قەبارەیەکی جوگرافیای دیاریکراودا دەژین، پەیوەندییان بەیەکەوە یەکەیەکی بنچینەییە بۆ پێکهاتەیەکی سیاسی. لە گریکی کۆنیشدا وەک چەمکێک بۆ جیاکردنەوە لە چەمکی نامۆکان «الغربا» بەکارهاتووە کە مەبەست لەچەمکی دووەم کۆیلەکان بوون. هاوڵاتی پێش دیموکراتی دێت، لەبەرئەوە پێویستە پێش ئەوەی قسە لەسەر چەمکی دیموکراتی بکرێت، ماناو چەمکی هاوڵاتیبوون شیبکرێتەوەو بزانرێت کە چی دەگەیەنێت، لەبەرئەوەی دیموکراتی لەکۆمەڵگەیەکدا ناچێنرێت تا بەتەواوی تێگەشتن‌و پراکتیزەکردن نەبێت بۆ چەمکی هاوڵاتیبوون.

دائیرەی مەعاریفی بەریتانی، پێناسەی هاوڵاتیبوون دەکـات بــەوەی: پەیوەندیی نێوان تاکو دەوڵەتە کە یاسای ئەو دەوڵەتە رێکیدەخات‌و تیایدا ماف‌و ئەرک دیاریکراوە، هاوڵاتیبوونیش لەناوەڕۆکدا لە ئـازادی‌و لێپرسراویەتی پێکدێت. بەشێوەیەکی گشتیش مافە سیاسییەکان بریتییە لە مافی هەڵبژاردن‌و وەرگرتنی پۆستە باڵاکان.

یان مەبەست لەهاوڵاتیبوون: ئەندامێتی تەواوو یەکسانە لەکۆمەڵدا کە ماف‌و ئەرک دەگرێتەوە، واتە هەموو تاکەکانی گەل کە لەسەر ئەو خاکە دەژین یەکسانن‌و نابێت هیچ جیاوازییەک بکرێت لەنێوانیاندا نە بە هۆی دین، رەگەز، رەنگ، ئاستی ئابوری، بۆچوونی سیاسی، هەڵوێستی فکری.

## جیاوازی لەنێوان مافی هاوڵاتیبوون‌و مافی مرۆڤدا:

مرۆڤ وەک ئەوەی مرۆڤە چەندین مافی هەیە، ئـەم مافانەش بە کۆمەڵێک پەیماننامەو جاڕنامەو رێککەوتنامەو یاسانێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ جەختیان لێکراوەتەوەو پێویستە دەوڵەتان پابەندبن بە جێبەجێکردنیانەوە، جا ئەو کەسە لەهەر شوێنێکی گۆی زەوی بێت، لەبەرئەوەی مافی مرۆڤ پەیوەندی بە سیفەتە مرۆییەکانەوە هەیە، لەو وڵاتە بێت واتە یان نیشتەجێی هەمیشەیی یان کاتیی بێت، میوان بێت بۆ خوێندن یان چارەسەر یان سەردان چووبێت، تەنانەت ئەگەر دوژمنی ئەو وڵاتەبێت‌و دیلکرابێت، یان لەسەر هۆکارێک گیرابێت،ئەوکەسانە رەگەزنامەیان هەرچییەک بێت، لەو ماوە کاتییەدا بەپێی رێککەوتنامە نێو دەوڵەتییەکانی تایبەت بەمافی مرۆڤ، مافیان دەپارێزرێت، ئەگەر لەهیچ وڵاتێکیش نەبێت وەک ئەوەی لەناو ئاو یان بواری ئاسماندا بێت کە سەر بە هیچ دەوڵەتێک نەبێت. مەبەست لە مرۆڤیش بەجیاوازی دین، رەگەز، نەتەوە...، کەمایەتی بن یان زۆرینە. لێرەدا دەردەکەوێت مافی مرۆڤ بەشێکە لەمافی هاوڵاتیبوون، لەبەرئەوەی هەندێک ماف هەیە تایبەتە بە هاوڵاتی کە هەڵگری رەگەزنامەی ئەو وڵاتەن، جا ئەو رەگەزنامەیە رەسەن بێت یان بەدەستهاتوو، واتە هەموو هاوڵاتییەک مرۆڤە، بەڵام مەرج نییە هەموو مرۆڤێک هاوڵاتی بێت، بەوپێیەش هەموو هاوڵاتییەک مافەکانی مرۆڤیش دەیگرێتەوە جگە لەمافەکانی هاوڵاتیبوونی، لەبەرئەوەشە بوونی دەوڵەت بۆ هاوڵاتییان فاکتەری سەرەکییە تا لە رێگەیەوە ماف‌و سەروەرییەکانی وڵاتەکەو هاوڵاتیبوون پـارێـزراو بـن، لـەبـەرئـەوەی دەوڵەتەکە شێوەیەکی جێبەجێکردن‌و دامەزراوەیی‌و دامەزراوەیی کۆمەڵایەتییە، پەیوەندییەکی توندوتۆڵیشی بە زاراوەی هاوڵاتیبوونەوە هەیە، دەوڵەتیش لەیاسای نێودەوڵەتیدا لە چەند بنەمایەک پێکدێت کە ئەوانیش هەرێمێکی دیاریکراو کە چوارچێوەی سەروەریی دەوڵەتەکە دیاری دەکات، کۆمەڵگەیەک کە نیشتەجێی هەرێمەکەیەو پێیدەوترێت گەل، لەگەڵ دەسەڵاتێکی سیاسی.

هاوڵاتیبوونی ناتەواویش هەیە وەک تاک یان بەشێوەی کۆمەڵ کە بریتییە لەو کەسانەی نیشتەجێی ئەو وڵاتەشن، بەڵام لەبەر هۆکاری سیاسی رەگەزنامەیان نادەنێ بەتایبەت ئەو کەمە نەتەوەیی، یان پێکهاتانەی لەژێر دەسـەڵاتـی سیستمێکی زۆردارو نادیموکراتن، یان لەهەندێک وڵات رەگەزنامە ئەوانە ناگرێتەوە کە دایکیان خەڵکی ئەو وڵاتەیە نـەک باوکیان، ئـەم هاوڵاتییانە لەمافەکانی هاوڵاتیبوونیشدا بێبەش دەبن.

## هاوڵاتی‌و سەروەریی

نەک هەر هاوڵاتیبوون پەیوەندیی راستەوخۆی هەیە بە سەروەریی سیاسییەوە، بەڵکو هاوڵاتیبوونە سەرچاوەی سەروەرییە. سەروەریی دووجۆرە:

1) دەرەکـــــی: وڵاتــــان مـافـی سەربەخۆبوونیان هەیەو پەیوەندیی هاوتایی بە وڵاتانی دیکەوە دەبەستێت‌و ملکەچی هیچ دەسەڵاتێک نابێت، لەسەر بنەمای یەکسانی لە مەحفەل‌و رێکخراوی نێونەتەوەییداو دەست نەخستنە ناو کاروباری ناوخۆوە.

2) ناوخۆ: هەرچەندە لە سیستمی تیۆقراتیدا سـەروەریـی مافی خوداییەو لەسیستمی پادشایەتیدا هــەروەک چۆن لویسی چواردە دەیوت: من دەوڵەتم‌و دەوڵەت منم، ئەم پادشایانە وایان دادەنا کە سەروەریی دەسەڵاتی رەهایە،لە سیستمە شمولییەکانیشدا وتراوە کە سەروەریی بۆ هێزی هەموانەو لەسەرو هەموانەوەیە، بـەم شێوەیە لە دەسەڵاتە رەهاکاندا فەرمانڕەوا تەوەری سەرەکی‌و کیانی گشتی بوو، هەر شتێک بەرامبەر ئەم سەروەرییە بکرێت دەستدرێژییە بۆ سەر شکۆو پیرۆزی فەرمانڕەوا، بەڵام شۆڕشی فەرەنسی ئەم بۆچوونەی گۆڕی‌و ئەوەی هێنایەئاراوە کە گەل سەرچاوەی دەسەڵاتەکانەو سەرچاوەی سەروەرییەو پێویستە گەل بڕیاردەر بێت‌و حوکم بکات، لەبەر ئەوەش کە کارێکی عەمەلی نەبووە هەموو گەل حوکم بکات، بۆیە سەروەریی گەل گەشەی کرد بۆ نوێنەرایەتیکردن.

## مافەکانی هاوڵاتیبوون:

چەمکی هاوڵاتیبوون سیفەتی هاوڵاتییە کە ماف‌و ئەرک دیاریدەکات‌و لە رێگەی پـەروەردەی نیشتمانییەوە دەیانزانێت کە چەندین مافی هەیە لە مافی مەدەنی‌و سیاسی‌و ئابووری‌وکۆمەڵایەتی‌ورۆشنبیری‌وفکری‌و... بنەمای سەرەکیی هاوڵاتیبوونیش یەکسانییە لەماف‌و ئەرکدا لەگەڵ بەشداربوون.

## أ –مافە مەدەنییەکان:

1– یەکسانبوون لە یاساو بەرامبەر یاسا. «بێگومان دەبێت دەستورو یاساش بەپێی بنەماکانی پاراستنی مافی مرۆڤ‌و مافی هاوڵاتیبوون دابنرێت».

2–رەخساندنی هەلی وەک یەک لە هەموو بوارەکانی کارو بەشداریدا.

3–دادوەریی کۆمەڵایەتی.

4–مافی بەشداریی وەک یەکی لە هەموو کایەکانی کۆمەڵدا.

5– مافی پاراستنی ئاسایشی خۆی‌و موممتەلەکاتەکانی هەیە لەلایەن دەوڵەتەوە.

6–مافی زەمانی کۆمەڵایەتی، هەموو هاوڵاتییان یەکسانن لە دابینکردنی زەمانەتی تەندروستی، خوێندن، گوزەران...

7– ئازادیی هاتوچۆکردن لەناو وڵاتدا.

8– ئازادیی نیشتەجێبوونی هەیە لە هەر شوێنێکی وڵاتەکەیدابێت.

9– مافی خۆیەتی نهێنیی لە بـواری پەیوەندیکردندا پارێزراو بێت، وەک نامەناردن، تەلەفۆنکردن ...

10) مافی دەستەبەربوونی خزمەتگوزاری هەیە.

11) مافی دامەزراندن یان دروستکردنی هەر رێکخراوێکی کۆمەڵایەتی، رۆشنبیریی هەیە.

## ب – مافە سیاسییەکان:

1– مافی ئازادیی هەڵبژاردنی هەر باوەڕێک‌و مومارەسەکردنی ئەو مافەو کەشە ئاینییەکانی هەیە.

2–مافی ئازادیی بیروڕای هەیە.

3–مافی بەشداربوونی لەهەڵبژاردندا هەیە بۆ دیاریکردنی نوێنەری خۆی.

4–مافی کارکردنی هەیە لە هەر پۆست‌و کارێکی دەوڵەتدا.

5–مافی چوونە هەر رێکخراوێک یان دروستکردنی رێکخراوی سیاسی هەیە.

6– وەک گەل مافی هەیە، بۆ نمونە

## مافی چارەی خۆنووسین

ئەرکەکانی هاوڵاتیبوون:

هاوڵاتی لەبەرامبەر مافەکانیدا ئەرکیشی هەیە، هەرچەندە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوەزە، بەڵام بەگشتی دەکرێت بڵێین کە بریتین لە:

1) ئەرکی بەرگریکردن لە وڵات.
2) پابەندبوون بە یاساوە.
3) ئەرکی خزمەتی سەربازی.
4) باجدان «زەریبە».

### روونکردنەوە

لە ژمـارە (٥٦٥)ی رۆژنامەکەماندا بە هەڵە برگەیەکی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەڵەبجەمان بڵاوکردۆتەوە، کە راستیەکەی ئەوەیە رێژەی توندوتیژی بەرامبەر ژنان لەساڵی (٢٠٠٩)دا بە بەراورد بە ساڵی (٢٠٠٨) لە قەزای هەڵەبجەدا رووی لە کەمیی کردووەو لەساڵی (٢٠٠٨)دا (١٢٩) حاڵەت هەبووەو لە (٢٠٠٩)دا بووەتە (٩١) حاڵەت، هەروەها رێژەی مردنی ژنان بەهۆی سوتانەوە لەساڵی ٢٠٠٩دا ٦ حاڵەت زیادیکردووەو بۆتە ١٥ حاڵەت. لەم بارەیەوە داوای لێبوردن لە خوێنەرانی بەڕێزو بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەڵەبجە دەکەین.

رۆژنامە

# دەستەیەکی ریشەکێشکردن، زەروریەتێکی کوردستانی



رێبوار سابیر

دەگێڕنەوە، لەیەکێک لە دەڤەرە ئەنفالکراوەکانی ئەم کوردستانەدا، دوو سـەرۆکـجـاش هـەبـوون کە هەریەکەیان خاوەن هێزو فەوجی تایبەتبوون، لە ئانوساتی کارەساتی جینۆسایدو ئەنفالەکاندا، یەکێک لەو (موستەشارانە) زۆر هاوکاری شاردنەوەی خەڵکو رزگارکردنیانی کـردووە لەو چارەنووسە شومەی کە چاوەڕوانی دەکردن، بەشایەتی‌و گـــواهـــی زۆریـــنـــەی خـــەڵـــک، سـەدان کەسی لە مەرگی حەتمی دەربـازکـردووە، کەچی ئەویتریان رۆڵی چاوساغو پێشڕەوی گێڕاوە بۆ هێزەکانی سوپای بەعس‌و گرتن‌و تەسلیمکردنی خەڵک، بەشێکی زۆری خەڵکی ئەو ناوچەیە لەسەردەستی ئەو لەنێوبران‌و ون‌و زیندەبەچاڵکران.

ئێستا ئــەوەی یەکەمیان لە باردۆخێکی خراپی گوزەراندایە، بەڵام سەربەرزو ویژدان ئاسوودە، ئـەوەی دووەمـیـان لـە ژیانێکی خۆشگوزەرانی ئابووریدایە، بەڵام لەناخەوە بێئۆقرەو پڕئازار.

بـێـگـومـان هـــەردوو ئـەو کەسایەتیەش لە سایەی سیستمی حوکمڕانی کوردستاندا بەمشێوەیە دەژین، چونکە هەردوو زلهێزەکەی کـوردسـتـان ئـەوەی یەکەمیان فەرامۆشکردووە، بەڵام ئەویتریان کـردووەتـە خـاوەنـهـێزو پارەو دیوەخانانەو دەستەی پاراستن‌و .....هـتـد، لەبەر ئـەوەی لە زهنی خۆیاندا وا مەزەندی دەکـەن کە چۆن ئەو ئامر (فـەوج)ی دڵسۆزی بەعس بووە، بەهەمانشێوە لە کاتە پێویستەکاندا دووبارە وەلائی خۆی بۆ ئەوانیش بەرجەستە دەکات، ئەگەر ئەو وەلائـە پێویستی بەکوشتن‌و زیندەبەچاڵکردن‌و لەنێوبردنی ئەویتریش بێت، هــەروەک ئەوانە خاوەن عەشیرەت‌و دەنگن کە لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا وەک فریادرەس دەتوان بە هانای ئەو هێزانەوە بێن.

ئەم پێشەکییە تەنها گوزارشتێکی سادەیە بۆ ئەوەی بیر لەدەستەیەکی هاوشێوەی(دەستەی‌ریشەکێشکردنی بەعس) کە دواتر ناوەکەی گۆڕدرا بۆ (دەستەی لێپرسینەو دادپـەروەری ) بکرێت، لانیکەم با ئەگەر نەتوانرا ئـەوانـەی کـە دەسـتـیـان سـوورە بەخوێنی ئەو میللەتە ستەمدیدەیە، دادگایی بکرێن‌و بەسزای گەل بگەن، دەتوانرێت رێگرییان لێبکرێت بۆ ئەوەی دیسان لە کەناڵی جیاوازەوە دزە نـەکـەنـە نـێـو پـۆسـت‌و پلە جیاوازەکان‌و بەهەمان عەقڵییەت‌و بیری تاکڕەوی مامەڵە نەکەن‌و نەیەنە ناو کایە هەستیارەکانی کۆمەڵگەو دەسـەڵاتـە جـیـاوازەکـان، یاخود بەهەمان وێنەی چیرۆکی سەرەتامان، ئەوەی دڵسۆزی نەتەوە بێت نەبێتە سووتەمەنی بۆ رزگارکردنی خەڵکانی تر، ئەویتریش سۆپەرمان‌و خاوەن تەواوی پێویستییەکانی ژیان.

ئـەگـەر ئـێـسـتـا لـەزۆرێـک لەدەزگاکان‌و کایە جیاوازەکانی حکومەت‌و دەسـەڵاتـەکـانـی تـردا شۆڕبینەوە، عەقڵییەتێک ئامادەیە کـە تـاکـڕەوانـە بـیـردەکـاتـەوەو بەرامبەرەکەی ناخوێنێتەوە کە ئەمەش ئاسەواری ئەو کلتورەیە کە بەعس‌و دارو دەستەو پیاوەکانی بۆ کۆمەڵگەی ئێمەیان جێهێشتووە، جگە لەمانە هەندێک رەگەزی تر خزاونەتە نێو دامودەزگاکان کە راستەوخۆو ناراستوخۆ خزمەت‌و بەو کلتورەو وڵاتـانـی دەوروبـــەر دەکـــەن‌و لەژێر پـەردەوە سـەوداو مامەڵەی مەترسیداریش هەست پێدەکرێت، هەندێکیش گـەرای کۆنەپەرستی‌و پـاشـکـەوتـوویـی دەچـێـنـن کە گەمارۆدان‌و دوورخستنەوەی ئەو جەستە نامۆو دژ بە بەرژەوەندییە باڵایانە، پێویستی بە دانانی بناغەی دەستەیەکی پاک‌و ریشەکێشکردنە کە رەگو ریشەی ئەوانە دەربهێنێت کە مێژوویان لێوانلێوە لەخیانەت‌و خزمەتی بەرەی داگیرکەران.

سەرەڕای دروستکردنی لیژنەی دەستپاکی، ئێستاش درەنگ نییە کە شانبەشانی ئەوە بیر لە دامەزراندنی دەستەیەکی بێلایەن بکرێتەوە بۆ رێگریکردن لەو کەسانەی کە شایستەی ئەوەنین ببنە نوێنەرو حوکمڕانمان، ئەو لیژنەیە بەربەستی یاسایی دابنێت بۆ کەسانێک کە دەیانەوێت پلەوپایەی حکومەت وەربـگـرن، ئـەمـەش بـۆ تـەواوی دەسەڵاتە جیاوازەکان پەیڕەوبکرێت، بەتایبەت دوای پڕۆسەی ئازادیی عێراق‌و پێشووتریش دوای راپەڕینە مـەزنـەکـەی بـەهـاری ١٩٩١، بە روونی هەست بە کەلێنێک دەکرێت کە وایکردووە جۆرەها خەڵک بەبێ فلتەرێکی نیشتمانی‌و نەتەوەیی بێنە پێشەوەو دواجار بە پلیکانەکاندا بـەرەو سـەرەوە بەدەستگرتن‌و دەست لەپشتدانی هێزە جیاوازەکان سەربکەون. ئەم دۆخە ترسناکەش زەروریـیـەتـی هاتنەکایەی ئەو دەستەیەی چەند قات زیادکردووەو ئەڵبەتە ئەم ئەرکە گرنگە پێویستی بـە دەسـتـەیـەکـی کـاراو لـێزان‌و کارامەیە کە بەئیرادەیەکی بەرزەوە دەستنیشانی حاڵەتەکان بکات‌و دواتر بڕیاری پێویستیان لەبارەوە وەربگیرێت، هەرەک دەبێت دووربێت لەدەستێوەردانی حیزبیی، ئەگەر نا چیرۆکی یەکەم دیسانەوە ئامادەیەو بەپێی میزاجی حیزبەکان بڕیارەکان بەکۆتا دێن.

### راستکردنەوە

لـە هـەواڵـێـکـی ژمـــارەی (٥٦٤)ی (رۆژنـــامـــە)دا، نـاوی بەڕێز عەمید فرسەت دۆڵەمەڕی وەک بەڕێوەبەری هۆبەی مادە هۆشبەرەکان لە ئاسایشی هەولێر هاتووە، کە لەڕاستیدا پۆستی ناوبراو بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرێتی مادە هۆشبەرەکانە لە ئاسایشی گشتیی، داوای لێبوردن لە بەڕێزی دەکەین.

خاوەنی ئیمتیاز:
کۆمپانیای وشە

سەرنووسەر:
ئاودێر شێخ عومەر
٠٥٣٣١٩٢٠٠٣ – ٠٧٥٠١٥٨٧٧٧٧
awder.sh.omer@gmail.com

بەڕێوەبەری نووسین
سیروان رەشید – هیوا جەمال
٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦
serwan_rm@yahoo.com hiwa.jamal@yahoo.com

کارگێڕی‌و ریکلام‌و ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ – ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

دابەشکردن:
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ – ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

ئۆفیسی سەرەکیی:
سلێمانی – زەرگەتە – گردی زەرگەتە – کۆمپانیای وشە

ئۆفیسی هەولێر:
شەقامی ئیسکان – تەنیشت ساردەمەنی من و تۆ
٠٧٥٠٤٥٦٦٢٧٦

# ناچارم، هەندێک لە ڕاستیی تاوانەکان بڵێم



سۆران عەبدولقادر کۆستە

من کەسێکم لە کایە مەدنییەکاندا کارمکردووەو هەمیشە پشتیوانیم لە ئەزموونی ناتوندوتیژیی کردووە کە نووسینم نووسیوە بەبێ ترسو بەبێ دەست پاراستن ڕاستی زانستیم باسکردووە، خوانەخواستە قسەی خراپم بەکەس نەوتووە، بەڵام بە زمانی زانستو بە ژمارە لە تاڵەبانیو بەرزانییەوە ڕەخنەمگرتووە تا دەگاتە سەر گەورەترین کەس لەکۆمەڵگاکەمدا. هەمیشە باوەڕم وابوو کە دەبێت بە ئینسافو ویژدانەوە کارەکان بکەین، ئەگەر هاتو بەڵگەیەکمان نەبوو، ئەوا کەس بەخوتوخۆڕایی تاوانبار نەکەین. متمانەیەکی زۆرم بە دەزگاکانی پۆلیسو ئاسایش هەبوو کە لە خزمەت هاوڵاتییاندا بمێننەوە، بەڵام بەداخەوە، پێدەچێت هێشتا پاش ئەزموونی تاڵی خۆم، من لەزۆر شتی ئەم دەزگا ئەمنییانە بە هەڵە تێگەیشتبێتم.

ئەم نووسینەی ئێستام سەبارەت بەو کردەوە نامرۆییانەیە کە بەرامبەر بە من ئەنجامدراو وەڵامێکیشە بۆ ئەو لێکدانەوەیەی دەزگا ئەمنییەکانی کوردستان کە بۆ ڕووداوەکەی منی دەکەن، کە زۆری تریش لەو بابەتە کراوە بەرامبەر خەڵکی تر: هەر لە کرداری ڕفاندنو بێسەروشوێنکردنو تەقەکردن... تاد کە ئیتر لەوانەیە وەڵامەکانی من تەنیا ئیزافە بێت. پێموایە ئەمە دواجار دەبێت لەسەر ئەم بابەتە بنووسم، نەک لەبەرئەوەی ناتوانم لەسەری بنووسم یان کەمم بەڵگە لەبەردەستدایە، بەڵکو پێم شەرمو شوورەییە لەگەڵ هەندێک دەزگاو دامەزراوەو هەندێک قەڵەمی کول بکەومە شەڕە دەنووکێک کە لە ڕەفتاری ڕۆشنبیرانەوە دووربێت. من وەک هەر چالاکەوانێکی تری کۆمەڵگای مەدەنی، پەیامێکی ئاشتیخوازانەی ناتوندوتیژیم هەڵگرتووەو سەلماندوومە، بۆیە ناچمە شەڕێکەوە کە سەرلەبەریم پێ نابەجێیەو دەسەڵاتی کوردیش تاوانبار دەکەم بە هەڵگیرسێنەری ئەو شەڕی ڕاگەیاندنەی لەماوەی ڕابردوودا دەستی دراوەتێ.

## ڕووداوەکان:

